# ڕووداو RÛDAW

خوێنەری ڕووداو زۆرتر دەزانێت

ژمارە (415) دووشەممە 2016/7/4 - 13ی پووشبەڕی 2716 (750) دینار


## خاوەنکارێک دەستدرێژیی دەکاتە سەر منداڵێکی 10 ساڵان

**ڕووداو- هەولێر**

خاوەنی ساردەمەنییەک لە شاری هەولێر دەستدرێژی دەکاتە سەر شاگردێکی خۆی کە تەمەنی تەنیا 10 ساڵە، منداڵەکە دەڵێت "چەقۆی لەسەر ملم دانا و زیاتر لە سەعاتێک دەستدرێژیی کردە سەرم".

(ف.د.خ) تەمەن 10 ساڵ، قوتابی پۆلی پێنجی بنەڕەتییە، دوای ئەوەی وەرزی خوێندنی ئەمساڵ تەواو دەکات، لەلای خزمێکیان دەبێتە شاگرد، بەڵام لەلایەن خزمەکەیەوە دەستدرێژی دەکرێتە سەر. (ف) لە دووکانەکە کاری هەڵگرتنەوەی پاشماوەی وەکو دەبەی بەتاڵ و قاپی دۆندرمە بووە، خاوەنکارەکەش لە بەرامبەردا ڕۆژانە سێ هەزار دیناری داوەتێ.

(ف) کە خاوەنکارەکەی بە خاڵە (ئە) نێودەبرد گوتی "سێ ڕۆژی یەکەمی کارکردنم زۆر ئاسایی بوو، هیچ شتێکی خراپم لێی نەبینی، بەڵام دواتر ڕۆژێکیان گوتی با بچینە باخەکەم لە دەرەوەی شاری هەولێر". گوتیشی " لەوێ دەرگای خانووی باخەکەی کلیل دا، چەقۆیەکی دەرهێنا و لەسەر ملی دانام، زیاتر لە یەک کاژێر دەستدرێژیی کردە سەرم و دواتر کە تەواو بوو لە کارەکەی، منی هێنایەوە". بە گوتەی (ف)، خاوەنکارەکەی هەر بەو جارە وازی لێ نەهێناوە، جارێکی دیکەش دەستدرێژیی کردووەتە سەر.

(س.ع)، دایکی (ف) دەڵێت سکاڵایان لەسەر ئەو کەسە تۆمارکردووە، بەڵام تەنیا چەند ڕۆژێک دەستگیرکرا و بە کەفالەت ئازادکرا.

« 2



**عارف قوربانی**

### سلێمانی لە نەجەف پیرۆزتر نییە

22



**شێری، هاوژینی قوباد تاڵەبانی بۆ (ڕووداو):**

### خەسووم هاوکاریم ناکات

5

### گۆڕان هەوڵی گەڕاندنەوەی تاڤگە ئەحمەد دەدات

4

**سامان گەرمیانی، ئەندامی لیژنەی باڵای هاوبەشی سیاسیی یەکێتی و گۆڕان:**

# گۆڕان لە پۆستی سەرۆکی پەرلەماندا نەرمیی دەنوێنێ

« 3



## بەغدا، کەرکووک لە ئەفسەری کورد چۆڵ دەکات

« 7

**نەوتی کوردستان لە نیوەی یەکەمی ئەمساڵدا**

## 106 ملیۆن بەرمیل فرۆشراوە و داهاتەکەی 2.75 ملیار دۆلار بووە

« 9

## نامیلکەیەک لە مزگەوتەکاندا بڵاودەکرێتەوە بە پێشمەرگە دەڵێت "مورتەد"




« 2

جەژنتان پیرۆز بێت، بەو بۆنەیەوە ژمارەی داهاتووی (ڕووداو) دەرناچێت

ڕاپۆرتە هەواڵ
ڕووداو
ژمارە (415) دووشەممە 2016/7/4



## خێرخوازێک مووچەی دەداتە شەش کارمەندی کارەبا

**ڕووداو– سلێمانی**

خێرخوازێکی شارۆچکەی پێنجوێن بڕی نۆ ملیۆن دینار بۆ مووچەی شەش کارمەندی کارەبا دابین دەکات. زانا ڕەحمان قایمقامی شارۆچکەی پێنجوێن بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، وێستگەی تازەی کارەبای شارۆچکەکەیان بەهۆی نەبوونی کارمەندەوە مەترسی کوژانەوەی لەسەر بووە، لەبەرئەوەی ساڵێکە کاردەکات و بۆ ئەو مەبەستەش فەرمانبەریان بە تەنیسب لەناوچەکانی دیکەوە بۆ هێناوە و گوتی "ئەوانیش لە 2016/6/1وە نەهاتنەوە. ئێمەش شەش دەرچووی بەشی کارەبای پەیمانگەمان وەکو خۆبەخش دانا، داوامان لە خێرخوازێکی شارەکەشمان کرد هاوکارییان بکات، ئەویش بۆ مانگانە بڕی 250 هەزار دیناری بۆ دابینکردوون بۆ ماوەی شەش مانگ".

# نامیلکەیەک لە مزگەوتەکاندا بڵاودەکرێتەوە بە پێشمەرگە دەڵێت "مورتەد"

**سەرباز سیامەند**
**ڕووداو– هەولێر**

نامیلکەیەک بەناوی "ڕاستکردنەوەی 100 وشە و زاراوەی بەتاڵ" لە مزگەوتەکانی شاری هەولێر بەسەر گەنجاندا دابەش دەکرێت و لە ناوەڕۆکەکەیدا پێشمەرگەی بە "باتڵ" ناوبردووە و دەڵێت "ئەو وشەیە زاراوەی مورتەددەکانە". بەرپرسێکی وەزارەتی ئەوقافیش دەڵێت تاوەکو ئێستا چەند شوێنێکیان داخستووە کە ئەو جۆرە نامیلکانەیان تێدا دانراوە.

ئەم نامیلکەیە بەناوی "ڕاستکردنەوەی 100 وشە و زاراوەی بەتاڵ" لە 80 لاپەڕە پێکدێت و لەلایەن کەسێک بە نێوی هێمن ئەبوزەید دانراوە. ژمارەی سپاردن (392)ی پێدراوە و گوایە ساڵی (1420ی کۆچی) یەکەم چاپی کراوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی چاپکردنی لە چاپخانەکان قەدەغەکراوە، بەشێوەی فۆتۆکۆپی وێنەی لەبەردەگیرێتەوەو دابەش دەکرێ.

سەرکەوت، گەنجێکی تەمەن 20 ساڵە و ماوەیەک لەمەوبەر کەسێک ئەو نامیلکەیەی پێداوە، گوتی "گەنجێکی برادەرم لەشاری هەولێر ئەم نامیلکەیەی دامێ بیخوێنمەوە، بەڵام من نەمخوێندەوە". گوتیشی "نازانم ئەو برادەرەم نامیلکەکەی چۆن دەستکەوتووە".

لە لاپەڕە 14ی نامیلکەکەدا باسی پێشمەرگە کراوە و دەڵێت "ئەم وشەیە زاراوەی مورتەدەکانە و ئەوان دایانڕشتووە. پاشان کەس پێش مەرگ نەکەوتووە و ناکەوێ نە مەلائیکەت نە پێغەمبەران پێشمەرگ نەکوتوون و ناکەون... وشەی پێشمەرگە پێچەوانەی قورئان و فەرموودەی پێغەمبەرە". هەروەها نووسیویەتی "بۆ موسوڵمان موجاهید بەکاردێت، بۆ غەیری موسڵمانیش سەربازی شەیتان".

نامیلکەکە چەند دەستەواژەیەکی دیکەش بە زاراوە و وشەی هەڵە ناو دەبات وەکو "نەورۆز، بەیانی باش، ئێوارە باش، خدری زیندە، شەهید، برایانی مەسیحی". لەبارەی بەیانی باش و ئێوارە باش دەڵێت "ئەم جۆرە قسانە بێگومان لادانە لە سەلامی ئەهلی بەهەشت. بەڵام بەکارهێنانی وشەی (مرحبا) دروستە".

مەریوان نەقشبەندی، بەڕێوەبەری پەیوەندییەکان و پێکەوەژیانی ئاینی لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی بە (ڕووداو)ی گوت "هەستمان بەوە کردووە کۆمەڵێک دەزگای بێ مۆڵەت لە هەرێمی کوردستان هەن، شوێنیان هەیە و هەندێکیان لەنێو ماڵەکان کاردەکەن، دەستمان بە داخستن و ڕاوەدوونانیان کردووە. لەگەڵ وەزارەتەکانی ڕۆشنبیری، ناوخۆ و لایەنی پەیوەندیدار لە پەیوەندیداین بۆ گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست."

نەقشبەندی ئەو جۆرە بڵاوکراوانەی بە بەشێک لە تیرۆری فیکری نێوبرد و گوتی "هەر کەسێک ئەو جۆرە نامیلکانە بڵاوبکاتەوە دەستگیر دەکرێت و ڕووبەڕووی لێپرسینەوەی یاسایی دەبێتەوە".

نامیلکەکە نەورۆز بە "جەژنی مەجوسییەکان" دەزانێت. ڕەخنەش لەوانە دەگرێت کە دەستەواژەی "برا مەسیحییەکان" بۆ کریستیانەکانی هەرێمی کوردستان بەکاردێنن. نووسەرەکەی دەڵێت "ئەمەش ڕوویەکی تر لە گۆماوی لێڵی فیقهی واقع کە بە پاچ و خاکەناز بەرئەبنە بنیاتی پتەوی عەقیدە بەناوی فیقهی واقیعەوە".


راستكردنه‌وه‌ی ((١٠٠)) وشه‌ و زاراوه‌ی به‌تاڵ
نووسینی
هێمن أبو زید

راستكردنه‌وه‌ی ((١٠٠)) وشه‌ و زاراوه‌ی به‌تاڵ
یه‌زدان
پێشمه‌رگه‌
١٤
١٥

بێجگە لەو نامیلکەیە، نامیلکەیەکی دیکەش بەنێوی "حوکمی: گۆرانی، وێنەگرتن، ریش تاشین، درێژکردنەوەی جل و بەرگ بۆ پیاوان، جگەرە کێشان" بڵاوکراوەتەوە کە 24 لاپەڕەیە. ئەو نامیلکەیە لەلایەن شێخ عەبدولعەزیز بن باز، شێخ محەممەد ساڵح ئەلعسێمین دانراوە. کەسێکیش بەنێوی ئیلیاس محەممەد ئەلکوردی وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

ئەم نامیلکەیە "گۆرانی، وێنەگرتن، ریش تاشین، درێژکردنەوەی جل و بەرگ بۆ پیاوان، جگەرەکێشان" بەتوندی ڕەتدەکاتەوە.

مەریوان نەقشبەندی باسی سەرچاوەی هەندێک لەو جۆرە نامیلکانە دەکات و دەڵێت ئامۆژگاری بۆ کچان و کوڕان بڵاوکردووەتەوە و هۆشداریش دەداتە گەنجان کە کۆچ بۆ وڵاتانی ئەوروپی نەکەن "چونکە مەترسی دەخاتە سەر بیروباوەڕ و خورەوشتیان".

"لەسەر پێشنیازی وەزارەتەکەمان، وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان چەند دەزگایەکی ئیسلامییان داخستووە. ئەو دەزگایانە لەگەڵ ئەوەی هیچ مۆڵەتێکی کارکردنیان نەبووە، بەڵام رادیۆ و بڵاوکراوەی تایبەت بەخۆیان هەبووە و بیری توندڕەوییان بڵاودەکردەوە".

# خاوەنکارێک دەستدرێژیی دەکاتە سەر منداڵێکی 10 ساڵان

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو– هەولێر**

## منداڵەکە: چەقۆی لەسەر ملم دانا و زیاتر لە کاژێرێک سێکسی لەگەڵ کردم

خاوەنی ساردەمەنییەک لە شاری هەولێر دەستدرێژی دەکاتە سەر شاگردێکی خۆی کە تەمەنی تەنیا 10 ساڵە، منداڵەکە دەڵێت "چەقۆی لەسەر ملم دانا و زیاتر لە سەعاتێک دەستدرێژیی کردە سەرم".

(ف.د.خ) تەمەن 10 ساڵ، قوتابی پۆلی پێنجی بنەڕەتییە، دوای ئەوەی وەرزی خوێندنی ئەمساڵ تەواو دەکات، بڕیار دەدات ئەو هاوینە بۆ خۆی کار بکات، بۆیە دایکی و داپیری، داوا لە خزمێکی داپیری دەکەن کە دووکانی ساردەمەنی هەیە، کاری لەلا بکات، بەڵام ئەو ئەزموونی کارکردنە بۆ ئەو دەبێتە چیرۆکێکی تاڵ.

(ف) کە سەری لەسەر کۆشی دایکی بوو، بە دەنگێکی نزم ئەو چیرۆکەی بۆ (ڕووداو) گێڕایەوە و گوتی "کە پشووی هاوین هات دایکم و داپیرم پێیانگوتم کارێک بکەم، تاوەکو بتوانم هاوکاریی باوکم بکەم، بۆیە ناردیانم بۆ لای خزمێکی دایکم کە لەناو بازاڕی هەولێر دووکانی ساردەمەنی هەیە".

(ف) لە دووکانەکە کاری هەڵگرتنەوەی پاشماوەی وەکو دەبەی بەتاڵ و قاپی دۆندرمە بووە، خاوەنکارەکەش لە بەرامبەردا ڕۆژانە سێ هەزار دیناری داوەتێ.

(ف) کە خاوەنکارەکەی بە خاڵە (ئە) نێودەبرد، گوتی "سێ ڕۆژی یەکەمی کارکردنم زۆر ئاسایی بوو، هیچ شتێکی خراپم لێی نەبینی، هەر زۆریشی خۆشدەویستم و سوعبەتیشی لەگەڵ دەکردم، بەڵام دواتر ڕۆژێکیان گوتی با بچینە باخەکەم لە دەرەوەی شاری هەولێر".

هەرچەندە (ف) سەرەتا قایل نەبووە لەگەڵی بچێ، بەڵام کاتێک پێیدەڵێت زوو دێینەوە، رازی دەبێت و لەگەڵی دەڕوات. کارەساتەکە لە باخەکە دەستپێدەکات. (ف) دەڵێت "دەرگای خانووی باخەکەی کلیل دا، چەقۆیەکی دەرهێنا و گوتی چیت پێدەڵێم دەبێ ئەوە بکەی، نابێت هیچ شتێکیش لەلای کەس باس بکەی، ئەگینا دەتکوژم، منیش زۆر ترسام و زۆر گریام، بەڵام ئەو چەقۆکەی لەسەر ملم دانا، زیاتر لە یەک کاژێر دەستدرێژیی کردە سەرم و دواتر کە تەواو بوو لە کارەکەی، منی هێنایەوە".

بە گوتەی (ف)، خاوەنکارەکەی هەر بەو جارە وازی لێ نەهێناوە، جارێکی دیکەش دەستدرێژیی کردووەتە سەر. (ف) گوتی "جگە لەو جارە، جارێکی دیکەش منی بردە نێو ئۆتۆمبێلەکەی و هەموو دەرگاکانی لەسەر داخستم و بردمیەوە بۆ باخەکەی، دیسان دەستدرێژی کردە سەرم".

(س.ع)، دایکی (ف) بەگریانەوە باسی دۆخی دەروونیی کوڕە 10 ساڵانەکەی دەکات لەو ڕۆژەدا و دەڵێت "ئەو ڕۆژە کە گەڕایەوە حەزی بۆ خواردن نەمابوو، هەر دەڕشایەوە و دەچووە نێو جێگاکەی، هیچ قسەیەکیشی نەدەکرد، بۆیە بە باوکیم گوت قسەی لەگەڵ بکە بزانە چییەتی، بەڵام کوڕەکەم هیچ قسەیەکی نەدەکرد".

دوای هەفتەیەک (ف) خۆی هەموو شتێک بۆ خێزانەکەی باس دەکات. دایکی (ف) گوتی "دوای هەفتەیەک کوڕەکەم هات و گوتی دایە شتێک بڵێم لێم توورە نابن و لێم نادەن؟ ناشبێت کەس بزانێت، ئەگینا خاڵە دەمکوژێت، دواتر بەسەرهاتەکەی هەموو بۆ باسکردم. خەریک بوو شێت بم. باوکیم لە ڕووداوەکە ئاگادار کردەوە، ئەویش لەگەڵ براکەی چوون سکاڵایان لەسەر تۆمار کرد، بەڵام تەنیا چەند ڕۆژێک دەستگیرکرا و بەکەفالەت ئازاد کرا".

(س) بەدەم گریانەوە باسی باری خێزانەکەی کرد و پێیوابوو ئەوەی بەسەر کوڕەکەی هاتووە بەهۆی باوکی (ف)ەوە بووە "چونکە هیچ خەرجیی نەدەکردین، بێکار و دەستوپێ سپی و پارەی نەبوو، تا برایەکم کارێکی بۆ دۆزییەوە، بەڵام ئەو هەر نەیتوانی ئەو خێزانە بەڕێوەببات و هەمیشە دەیگوت نیمە، بۆیە کوڕەکەشم تووشی ئەم ڕۆژە ڕەشە بوو، ئێستاش بەهۆی ئەم کەمتەرخەمییەوە، داوای جیابوونەوەم لە مێردەکەم کردووە و دەمەوێت خۆم، خۆم و منداڵەکانم بژێنم".

(د)، باوکی (ف) دەڵێت "دەمەوێت لەڕێگەی هەفتەنامەکەتانەوە دەنگم بگاتە حکومەت، هەرچەندە دڵنیام ناگات، چونکە من پیاوێکی هەژارم و دەنگم بە پۆلیس ناگات، چۆن دەگاتە سەرووی ئەوان".

(د) بەردەوام دەبێت و دەڵێت "ئابڕووم چووە، بەهۆی ئەم ڕووداوەوە ماڵ و خێزانم لێ تێکچووە، تاوانبارەکەش بە ئازادی دێت و دەچێت، چونکە دەوڵەمەندە و منی هەژار نەک هەر منداڵەکەم فەوتا، بەڵکو خێزانەکەشم هەڵوەشایەوە، بەهۆی هەژاری و ئەم ڕووداوەوە".



## چەند قوتابییەکی کورد لە ڕووسیا:

# "تەنیا توانای کڕینی پەتاتە و ئەندۆمیمان ماوە"

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو – هەولێر**

## کچە قوتابییەک: 11 مانگە نەگەڕاومەتەوە بۆ کوردستان چونکە پارەی گەڕانەوەم نییە

ژمارەیەک قوتابیی کورد کە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە نێردراونەتە ڕووسیا بۆ خوێندن، دەڵێن گوزەرانیان زۆر خراپە و بەهۆی نەدانی قیستی خوێندنەوە زانکۆکانیان هەڕەشەی دەرکردنیان لێدەکەن.

ئەو قوتابیانە کە لە ساڵانی خوێندنی (2012-2013) و (2013-2014) بۆ خوێندنی بەکالۆریۆس لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە نێردراون، لە شاری (چیلیابینسک) لە ڕووسیا دەخوێنن و ساڵانە خەرجی و کرێی خوێندنیان لە ئەستۆی حکومەتی هەرێمی کوردستانە. ئەوان دەڵێن سەرەتا حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کاتی خۆیدا ئەو بڕە پارەیەی خەرج کردووە، بەڵام لە کۆتایی ساڵی 2014ـەوە هیچ پارەیەکی بۆ خەرج نەکردوون.

پێشکار مژدە سەعید، 26 ساڵ و قوتابی بەشی ئەندازیاریی کۆمپیوتەر لە زانکۆی ئۆراڵی ڕووسیا، ئێستا لەگەڵ دوو لە قوتابییەکانی دیکە بەنوێنەرایەتی ئەو قوتابیانەی لە ڕووسیا دەخوێنن هاتووەتەوە کوردستان بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیران و وەزارەتی خوێندنی باڵا قسە بکەن و چارەسەرێک بۆ گرفتەکەیان بدۆزنەوە، بەڵام وەک خۆی دەڵێت "نزیکەی مانگێکە هاتووینەتەوە کوردستان و لەو ماوەیەدا چەند جارێک سەردانی ئەنجوومەنی وەزیران و وەزارەتی خوێندنی باڵا و وەزارەتی داراییمان کردووە، بەڵام ئەوان دەستی دەستیمان پێدەکەن".

پێشکار هەروەها دەشڵێت "ویستمان کێشەی بێ پارەیی و مەترسی و هەڕەشەکانی زانکۆ بە دەرکردنمان بگەیەنینە ئەوان، بەهۆی نەدانی قیستی دووەمی خوێندنی ئەمساڵمان، بەڵام لە ئەنجوومەنی وەزیران، پێیانگوتین وەزارەتی دارایی ئەم پارەیەی خەرج نەکردووە، وەزارەتی داراییش دەڵێت ئێمە ساڵانە لەگەڵ دابینکردنی بودجەدا ئەم پارەیەمان خەرج کردووە، نازانین ئەنجوومەنی وەزیران چییان لەو پارەیە کردووە".

بە گوتەی پێشکار، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە 2014/11/12 بەدواوە هیچ بڕە پارەیەکی بۆ خەرج نەکردوون. پێشکار دەڵێت "ئێمە لە نێوان ئەنجوومەنی وەزیران و وەزارەتی دارایی بووینەتە قوربانی، لەکاتێکدا ئێمە ئاگادارین کە ئەم پارەیە بۆ هەندێک قوتابی دیکە خەرج کراوە".

هێشوو ساڵح سەعید کە تەنیا کچە لەناو هەموو قوتابییە کوردەکانی ڕووسیا، لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا بە (ڕووداو)ی گوت "لێرە هەموو ڕۆژێک ڕووبەڕووی کۆمەڵێک کێشەی ماددی و مەعنەوی دەبینەوە، بەتایبەت کێشەی سەرەکیی ئێمە پارەیە، چونکە لێرە هەموو شتێک بە پارەیە، خواردن و خەو و هاتوچۆ و پێداویستییەکانی زانکۆ، لەبەر خراپیی باری ئابووریشمان ئێستا دەتوانین تەنیا پەتاتە و ئەندۆمی بکڕین و بخۆین، چونکە ئەمانە لە هەرزانترین خواردنەکانن". پێشکار قسەکانی هاوڕێیەکەی پشتڕاست کردەوە و گوتی "قوتابیمان هەیە بارودۆخی ئەوەندە خراپە تەنانەت پارەی کڕینی پەتاتەو و ئەندۆمیشی نییە".

هێشوو کە تەمەنی 21 ساڵە و خەڵکی سلێمانییە، گوتیشی "خەرجیی مانگانەم زیاتر لە 1500 دۆلارە، هەرچەندە ئەو شتەی زۆر پێویست نەبێت نایکڕم، حکومەتیش لە مانگی 11ـی 2014ـەوە پارەی بۆ خەرج نەکردووین، بۆیە باوکم کە فەرمانبەرێکی ئاساییە هاوکاریی بۆ دەناردم، بەڵام ئێستا کە تەنگژەی دارایی ڕووی لە کوردستان کردووە و مووچەی فەرمانبەران بووە بە نیوە و لە کاتی خۆیدا نادرێت، بووەتە هۆی گوشارێکی زۆر لەسەر خێزانەکەم".

هێشوو کە 11 مانگە نەگەڕاوەتەوە کوردستان، دەڵێت "زۆر بێزار بووم لێرە و بیری ماڵەوە دەکەم، بەڵام پارەی گەڕانەوەم نییە". گوتیشی "من بۆ گەشت و سەیران نەهاتمە ڕووسیا، بەڵکو بۆ خوێندن هاتم، وەک پشتگیری و خۆڕاگری کچێک کە دەتوانێت شانبەشانی 100 کوڕ بەردەوام بێت لە خوێندن و پێشخستنی کوردستان، داوا دەکەم حکومەتی هەرێمی کوردستان نەبێتە هۆی بێهیوابوون و تەواونەکردنی خوێندنەکەم".

بە گوتەی پێشکار چەند جارێک بەرپرسی مولحەقی ڕۆشنبیری لە باڵیۆزخانەی عێراق لە ڕووسیا چووەتە شارەکەی ئەوان و زانیویەتی بارودۆخیان زۆر خراپە، بەڵام هیچیان بۆ نەکردوون "تەنیا بۆ ئیهانە 100 دۆلاری دایە قوتابییەک، بەڵام مانگانە 1800 دۆلار دەدەنە قوتابییە عێراقییەکان و هیچ کێشەیەکیان نییە".

پێشکار ئاماژەی بە هەڕەشەی زانکۆکانی ڕووسیا لە قوتابیانی کورد کرد و گوتی "بەبۆنەی دواکەوتنی خەرجی کرێی خوێندنی ئەمساڵ هەر یەکێک لە ئێمە لەلایەن زانکۆکەمانەوە چەند جارێک ئاگادار کراوینەتەوە لە دواکەوتنی قیستی دووەمی خوێندن و ماوەیەکی دیاریکراویان بۆ داناوین، دوای ئەو ماوەیە مەلەفی خوێندنمان لە زانکۆ نامێنێ، تەنانەت مافی گەڕانەوەشمان نابێت بۆ کوردستان".



## گەلاڵی: من ئەو کارەم کردبێ ئەوان نەیانکردووە

**ڕووداو – هەولێر**

مەروان گەلاڵی سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵ، سەبارەت دەستگیرکردنی دوو ئەندامیان لەلایەن ئاسایشی هەولێر لەسەر دۆسیەی هێرشکردنە سەر تۆڕی میدیایی ڕووداو، ڕایگەیاند "من ئەو کارەم کردبێت، دوو کادیرەکەی کۆمەڵ نەیانکردووە". مەروان گەلاڵی ڕەخنە لە دەزگای ئاسایش دەگرێت و دەڵێت "لە هەرێمی کوردستان ئاسـایش نەیتوانیووە بێلایەنانە کارەکان کات. ئەو دەزگایە بە حیزبی کراوە، نموونەش بۆ ئەوە زۆرن، بۆیە دەبوو ئاسـایش کۆمەڵی ئیسـلامی ئاگادار بکاتەوە بەر لەدەستگیرکردنی دوو ئەندامەکەی، ئەو کات ئێمە خۆمان دوو ئەندامەکەمان ڕادەست دەکردن". گوتیشی "هیچ بەڵگەیەک لەبەردەستدا نییە بیسەلمێنێت ئەو دوو کادیرەی ئێمە تاوانبارن".

### سامان گەرمیانی، ئەندامی یەکێتی لە لیژنەی باڵای هاوبەشی سیاسیی یەکێتی و گۆڕان:

# بزووتنەوەی گۆڕان لە پۆستی سەرۆکی پەرلەماندا نەرمیی دەنوێنێ

**هیڤیدار ئەحمەد**
**ڕووداو- هەولێر**

ئەندامێکی باڵای یەکێتی لە لیژنە هاوبەشەکەی یەکێتـی و بزووتنەوەی گۆڕاندا هەڵوێسـتی نوێی گۆڕان لە ئاریشـەی سـەرۆکی پەرلەمان ئاشـکرا دەکات و دەڵێـت "ئەگـەر پارتی هەنگاوێک بێتە پێش، گۆڕانیش نەرمیی دەنوێنێ".

هەروەهـا دەڵێت "گۆڕان و یەکێتی بارزانی بە براگەورەی خۆیان دەزانن، بەڵام هەندێ بابەت هەن دەبێ گفتوگۆیان لەسەر بکرێ".

یەکێتی و گـۆڕان دوای واژۆکردنی ڕێککەوتنی نێوانیـان لـە 17ی نیسـانی ڕابردوو، سـەردانی سەرجەم حیزبەکانی کوردستان (جگە لە پارتی) و هەندێک لە حیزبەکانی عێراقیان کرد، هەموویان پێشوازییان لەو ڕێککەوتنە کردووە، جگە لە پارتی کە بەچاوی گومانەوە لێی دەڕوانێ.

لێژنـە هاوبەشـەکەی یەکێتـی و بزووتنەوەی گـۆڕان کە داوایـان کـردووە سـەردانی پارتیش بکەن، هێشتا ئومێدیان بەوە هەیە پارتی دەرگای گفتوگـۆ بکاتـەوە. سـامان گەرمیانـی، ئەندامی یەکێتـی لە لێژنە هاوبەشـەکەی گۆڕان و یەکێتی لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا هەندێ زانیاریی نوێی لەبـارەی هەوڵەکان بۆ چارەسـەرکردنی قەیرانی سیاسی لە هەرێمی کوردستان دایە (ڕووداو).

سـامان گەرمیانی دەڵێت "داوامـان لە پارتی کردووە بۆ کۆبوونەوە، وەڵامی پارتیش ئەوە بووە کۆبوونـەوەی خۆتان (یەکێتی و گـۆڕان) لەگەڵ حیزبەکان تەواو بکەن، دواتر وەڵامتان دەدەینەوە. ئێسـتا چاوەڕێی وەڵامی پارتـی دەکەین، چونکە کۆبوونەوەکانمان لەگەڵ حیزبەکان تەواو بوون".

پارتـی زیاتـر لـە جارێک و لەسـەر ئاسـتی بـاڵا ڕایگەیانـدووە، هیچ کێشـەیان نییـە لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان کۆببنەوە، بەڵام بە تەنیا نەک بە شاندی هاوبەش لەگەڵ یەکێتی. چونکە پارتی ڕێککەوتنـی نێوان ئـەو دوو حیزبە بە دژی خۆی دەزانێ.

گرێکوێرەی کێشـەکانی نێوان پارتی و گۆڕان مەسەلەی گۆڕینی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانە، پارتی دەڵێ ڕازی نین د.یوسف محەممەد سەرۆکی پەرلەمان بێت.

ئەندامەکـەی یەکێتـی لـە لێژنەی هاوبەشـی یەکێتی و گۆڕان پێیوایە ئێستا ڕای پارتی لەسەر ڕێککەوتنەکەی نێوان حیزبەکـەی و بزووتنەوەی گۆڕان، گۆڕاوە "هەمـوو لایەنێک دڵنیادەکەینەوە کە ڕێککەوتنی یەکێتـی و گۆڕان لە بەرژەوەندیی کوردستانە و پارتیش گەیشتووەتە ئەو قەناعەتە کە ڕێککەوتنەکە لە دژی ئەو نییە".

سـامان گەرمیانی کە ئەندامی سـەرکردایەتی یەکێتییە، دەڵێـت دوای ڕێککەوتنەکەیان لەگەڵ گۆڕان، یەکێتی کاریگەریی لەسەر ئەو بزووتنەوەیە دروسـتکردووە "یەکێتی کاریگەریی زۆری هەبووە لەسەر بزووتنەوەی گۆڕان".

گەرمیانـی داوا لـە پارتـی دەکات هەنگاوێک بێتـە پێش و دەڵێـت "ئەگەر پارتـی هەنگاوێک بێتە پێش، مەسـەلەی سەرۆکی پەرلەمان نابێتە کێشـە. چونکە تەسەور ناکەین یوسف محەممەد کێشە بێ".

سـامان گەرمیانی کە بەشـداری کۆبوونەوەی هەمـوو حیزبەکانـی کـردووە، دەڵێـت "یەکێتی دڵنیایە کە لەگەڵ پارتی دانیشتن بکرێ کێشەکان چارەسەر دەبن. تەنانەت پێشنیازمان بۆ برادەرانی گۆڕان کردووە کە یوسف محەممەد نەبێتە کێشە، گۆڕانیش لـەو بارەیەوە نەرمیی نوانـدووە، بەڵام هێشـتا حیسـابی ئەوە دەکەین تووشی کێشەی جەماوەری خۆیان بن".

بەرپرسـێکی نزیک لە بازنەی بڕیاردانی پارتی لەبـارەی هەڵوێسـتی نوێـی یەکێتی و گـۆڕان و وەڵامـی حیزبەکەی بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ شـاندی هاوبەشـیان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەوەی ئێمە دەزانیـن بڕیارە دوای جەژن وەک هەنگاوی یەکەم بەتەنیـا لەگەڵ یەکێتی کۆببینـەوە و ڕای گۆڕان سەرەتا بە فەرمی لەلایەن یەکێتییەوە بزانین".

ئـەو بەرپرسـەی پارتـی کە داوای کـرد ناوی بڵاونەکرێتـەوە، چونکە حیزبەکـەی بڕیاری داوە جارێ قسـە نـەکات تاوەکو هەڵوێسـتی فەرمی ئـەو دوو لایەنە بـۆ پارتی ئاشـکرا ببێ، دەڵێت "هەر کاتێک کەسـێکی دیکە لە شـوێنی یوسف محەممـەد دابنرێ و بزووتنەوەی گۆڕان و یەکێتی بە ئەنجامدانی گشتپرسی ڕازی بن، پارتی ئامادەیە لەگەڵ شـاندی گـۆڕان لەهەر کوێیەک بێ و چۆن بێ کۆببێتەوە".

سـەرچاوەیەکی نزیک لە نەوشیروان مستەفا، ڕێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان دوا هەڵوێستی



(فۆتۆ: سێڤان محەممەد سەلیم)

### بەرپرسێکی باڵای پارتی:
### دوای جەژن یەکێتی و پارتی کۆدەبنەوە

### هەڵسوڕاوێکی باڵای گۆڕان:
### کاک نەوشـیروان دەڵـێ کلیلـی چارەسـەر لە دەستی پارتیدایە

گـۆڕان و ڕێکخەرەکەیـان ئاشـکرا دەکات و بـە (ڕووداو)ی گـوت "کلیلـی چارەسـەری دۆخەکە لەدەسـت پارتیدایـە و کاک نەوشـیروان دەڵـێ پارتی بیەوێ چارەسـەری دەکات و نەیەوێ هەروا دەمێنێتەوە".

سـامان گەرمیانـی دەڵێـت "مـن زۆر لە کاک نەوشـیروان نزیکم و 41 سـاڵ پێکەوە خەباتمان هەیـە، ئێسـتاش پێیوایـە دەبـێ دانیشـن و بە دانیشـتن کێشەکان چارەسـەر بکرێن". گوتیشی "گۆڕان و یەکێتی کاک مەسعود بە برا گەورە قبووڵ دەکەن و هەموومان کاک مەسعودمان قبوڵە، بەڵام دەبێ گفتوگۆ بکەین لەسـەر ئەو کێشانەی هەن، دەبێ گفتوگۆ بکەین لەسەر ڕیفراندۆم، کەرکووک، مەسـەلەی نەوت و گەندەڵی و یەک دنیا کێشـە کە هەیـە، خۆ پارتی بەتەنیا کێشـەی گەندەڵی و پرسـەکانی دیکەی پێ چارەسەر ناکرێ، دەبێ هەماهەنگی بکەین".

ئەگەر پرسی سەرۆکی پەرلەمان چارەسەر کرا و یەکێتی نیشـتیمانی کوردسـتان ئەو پۆستەی وەرگـرت، سـێ سـیناریۆ لەبـەردەم حکومەتدا هەن. یەکەم: حکومەت دەسـت لەکار بکشێتەوە و حکومەتێکـی نوێ پێکبهێنـرێ. دووەم: گۆڕان بگەڕێتەوە و جێگرێکی دیکە بۆ سەرۆکی حکومەت زیـاد بکـرێ، بەرامبەر ئەوەی یەکێتی سـەرۆکی پەرلەمـان وەردەگـرێ، سـێیەم: دەسـتکاری لە پۆسـتە وەزارییـەکان بکرێ. بەڵام جـارێ ئەمە تەنیا بیرۆکەیە و تاوەکو پرسی سەرۆکی پەرلەمان یەکلایی نەبێتەوە، دۆخەکە وەکو خۆیەتی.

جگـە لـە هەوڵەکـەی یەکێتـی، یەکگرتووی ئیسـلامی کوردسـتانیش لەڕێگەی سـەڵاحەدین محەممـەد بەهائەدین، ئەمینداری ئەو حیزبەوە لە دوای جەژن دەست بە نێوبژیوانی دەکات لە نێوان پارتی و گۆڕاندا.

غـازی سـەعید، ئەندامـی ئەنجوومەنـی جێبەجێکردنی یەکگرتـوو بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "دوای جـەژن مامۆسـتا سـەڵاحەدین بەهائەدین هەوڵەکانـی چڕدەکاتەوە بۆ نزیکبوونەوەی پارتی و گۆڕان لە یەکدی".

ڕۆژی 2016/6/26 نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە جێگری سەرۆکی پارتـی دیموکراتـی کوردستانیشـە سـەردانی سەڵاحەددین بەهائەدینی کرد.

ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکگرتوو بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "نێچیرڤان بارزانی بە مامۆستا سەڵاحی گوتووە، بەڕێز مەسعود بارزانی لەگەڵ چارەسەری دۆخەکەیە، بەڵام یوسـف محەممـەد لە دەرەوەی مەسەلەکەیە".

غازی سەعیدیش دەڵێ "مامۆستا سەڵاح داوای لـە پارتی کردووە نەرمـی بنوێنێ تاوەکو بگەینە ڕێگەی چارەسەر و سەردانەکەی کاک نێچیرڤانیشی بە ئیجابی زانیوە، بڕیاریشـە سەردانی لایەنەکانی دیکە بکات تاوەکو متمانە دروست ببێ".

### نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە تاران:

# پێشمەرگەی حدکا بەبێ ڕەزامەندیی لایەنێک ناتوانن لە مەرزەکانەوە هاتوچۆ بکەن

**هیڤیدار ئەحمەد**
**ڕووداو- هەولێر**

ئەندامێکی لێژنـەی پەیوەندییەکانـی دەرەوەی پەرلەمانـی عێراق ڕەخنەی توند لـە ئێران دەگرێ لەسەرئەوهەڕەشانەی لەزاری ژەنەراڵێکی پایە بڵندی ئەو وڵاتەوە لە هەرێمی کوردستان کرا و دەڵێت هەر هەڕەشـەیەک لە هەرێمی کوردستان، هەڕەشەیە بۆ بەغدا و هەموو عێراق". پەرلەمانتارێکی فراکسیۆنی سەوزیش لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێت "ڕێگە بە ئێران نادەین و لێیان قبووڵ ناکەین".

کۆماری ئیسلامیی ئێران هەڕەشەی تەختکردنی کوردستان دەکات، هەڕەشەکەش لەلایەن کەسێکی باڵای سـوپای پاسـدارانی ئێرانەوە بـووە. ئەوەش دوای شەڕ و پێکدادانی نێوان پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و سوپای پاسداران لە نزیک شاری شنۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

سـەردار سـەلامی، جێگری فەرماندەی گشتیی سوپای پاسدارانی ئێران پێشمەرگەکانی حدکای بە "ئەشرار" ناو برد، کاتێک لە نوێژی هەینی لە تاران گوتارێکی پێشکەش کرد.

سەلامی جگە لە هێرشکردنە سەر پێشمەرگەکانی حدکا، هەڕەشـەیەکی توندی لە هەرێمی کوردستان کرد و ئاماژەی بۆ ئەگەری لەشکرکێشیی وڵاتەکەی کرد بۆ سەر "باکووری عێراق".

هەرێمـی کوردسـتان زیاتـر لـە 800 کیلۆمەتر سـنووری هاوبەشی هەیە لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێـران و سـێ دەروازەی نێودەوڵەتیش لـە نێوان هەردوولادا هەن.

نـازم دەبـاغ، نوێنـەری حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان لـە تـاران هۆشـداری دەدات کە ئێران دەست ناپارێزێ و بە (ڕووداو)ی گوت "لە مەرزەکان ئـەو هێزانە (پێشـمەرگەکانی حیزبـی دیموکراتی کوردسـتانی ئێران-حدکا) ناتوانـن هاتوچۆ بکەن، بەبـێ ڕەزامەندیی لایەنێک. دیارە چاوپۆشـی هەیە لەوە".

نازم دەباغ هۆشداریی توندی دا کە "ئەگەر ڕێگری لەو هێزانە نەکـرێ، دۆخەکە خراپتر دەبێ، چونکە ئێران تاوەکو ئێستا ڕەچاوی زۆر شتی کردووە".

سەردار حوسێن سەلامی وەک نازم دەباغ باسی دەکات، لە ئێران "پلە و پێگەیەکی زۆر گرنگی هەیە. بۆیە سەلامی کە قسە دەکات بە حیسابە".

سـەرداری کە بە جلی سـەربازییەوە لە بەردەم هـەزاران نوێژخوێـن لـە تـاران وەسـتابوو، گوتی "هۆشـداریی توند دەدەمە ڕژێمە بە کرێگیراوەکانی ناوچەکە و بەرپرسـانی باکـووری عێراق، کە بەڵێن دەدەن دەبـێ پابەند بن بـە بەڵێنەکانیانەوە، هەر شوێنێک ببێتە سەرچاوەی هەڕەشە بۆ سەر ئێران، بەبـێ هیـچ لەبەرچاوگرتنێـک ئەو شـوێنە وێران دەکەین".

حکومەتی هەرێمی کوردسـتان وەک هەڵوێست وەرگرتنێک لـەو هەڕەشـانە، ڕۆژی 2016/7/2 لە ڕێگەی دەرکردنی بەیاننامەیەکەوە وەڵامی سەلامیی دایـەوە و ڕایگەیاند "ئێمە بە توندی ئەو هەڕەشـە نابەجێیەی سـەردار سـەلامی ڕەتدەکەینـەوە و بە هەڵوێستێکی نەگونجاوی دەبینین لەگەڵ پەیوەندی لەمێژینـە و دۆسـتانەی نێـوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامیی ئێران. بەتایبەتیش کە لەو ماوەیەدا گفتوگۆی پڕ لە تێگەیشتن و دۆستانە هەبـوون لەنێوان هەردوولادا، بەڵام ئەو هەڕەشـەیە بـە تەواوی پێچەوانەی سروشـتی ئـەو گفتوگۆیانە بووە کـە لەنێوان هەردوولامانـدا هەبووە و بە هیچ شێوەیەک ئەو هەڕەشانە خزمەتی پەیوەندییەکانمان ناکەن و نابێ بەهیچ شـێوەیەک ئەو زمانە بەرامبەر هەرێمی کوردستان بەکاربهێنرێت".

مەحموود عوسـمان، ئەندامی خولی پێشـووی



### سەرۆکی لێژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پەرلەمانی عێراق:
### دەبێ وەزارەتی دەرەوەی عێراق لەسەر هەڕەشەکانی ئێران ڕوونکردنەوە بدات

پەرلەمانـی عێـراق و کۆنە دانوسـتاندنکاری کورد لەگەڵ ئێران پێیوایە "پێشمەرگەکانی ڕۆژهەڵات مافی خۆیانە بەرگری بکەن، تاوەکو ئێستا لە دەستووری ئێرانـدا وشـەیەک نییـە بەنـاوی کوردسـتان"، بـەڵام ئەوەی ئێسـتا ئێران دەیکات لە هەڕەشـە و تۆپبارانکردنی باشووری کوردستان وەک مەحموود عوسـمان دەڵێـت "چالاکییەکانی پێشـمەرگەکانی حەدکا دەکاتە بیانوو، چونکە لە ئەسڵدا ئێران دژی باشووری کوردستانە و نایەوێ کیانی خۆی هەبێ".

هەرچەنـدە حکومەتـی عێـراق تاوەکو ئێسـتا بەفەرمی هیچ هەڵوێسـتێکی بەرامبەر هەڕەشەکانی ئێران بۆ سـەر باشـووری کوردسـتان دەرنەبڕیوە، بەڵام سـەرۆکی لێژنـەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پەرلەمانی عێراق دەڵێ پێویستە وەزارەتی دەرەوەی عێراق ڕوونکردنەوە لەو بارەیەوە بدات.

حەسـەن شـویدەر، سـەرۆکی لێژنـەی پەیوەندییەکانـی دەرەوە لـە پەرلەمانـی عێراق بە (ڕووداو)ی ڕاگەیانـد "عێـراق دەوڵەتێکە سـیادەی خۆی هەیە و هەرێمی کوردستان بەشێکە لەعێراق، بۆیـە قبووڵ ناکەین هیچ هەڕەشـەیەک لە هەرێمی کوردستان بکرێ"

شویدەر هەروەها گوتی "بەشێوەیەکی فەرمی داوا لە وەزارەتی دەرەوەی عێراق دەکەم کە هەڕەشەکەی ئێران بۆ سـەر هەرێمی کوردسـتان ڕوونبکرێتەوە، چونکـە هـەر هەڕەشـەیەک بـۆ سـەر هەرێمـی کوردسـتان، هەڕەشەیە بۆ بەغدا و تەواوی عێراق". بەڵام وەک خۆی دەڵێ "ناکرێ سنوورەکان بەکاربێت بۆ ناسەقامگیرکردنی دەوڵەتانی دەوروبەر".

پێناچـێ هەوڵەکـەی لێژنـەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پەرلەمانـی عێـراق لەگـەڵ وەزارەتـی دەرەوەی عێـراق ئەنجامێکی ئەوتۆی هەبێ، چونکە ئیبراهیم جەعفەری، وەزیری دەرەوەی عێراق شیعەیە و هاوپەیمان و دۆستێکی هەرە نزیکی ئێرانە.

سـەرۆکی لێژنـەی پەیوەندییەکانـی دەرەوە و ڕەوەندی کوردسـتانی لە پەرلەمانی کوردسـتانیش ڕەخنە لە هەڕەشـەکانی کۆماری ئیسـلامیی ئێران دەگـرێ، بەڵام وەک ئەو گوتـی "لەبەر پەککەوتنی پەرلەمان ناتوانن هیچ هەنگاوێک بهاوێژن".

زانـا عەبدولڕەحمـان، سـەرۆکی لێژنـەی پەیوەندییەکانـی دەرەوەی پەرلەمانی کوردسـتان کـە یەکێتییە، بە (ڕووداو)ی گوت "ئەگەر هەوڵیش بدەین ئەوا لەبەر کارانەکردنەوەی پەرلەمان لێژنەکە نیساب تەواو ناکات، هەروەها بۆمان نییە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە کۆنسـوڵەکانەوە بکەین، بەڵکو دەبێ لە ڕێگەی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە بێ".

زانـا عەبدولڕەحمـان هەڕەشـەکانی ئێـران بۆ سـەر باشووری کوردسـتان بە "ناواقعی" دەزانێ و دەڵێت "ڕێگە بەوە نادرێ ئێران هێزی خۆی بهێنێتە نێـو قووڵایـی کوردسـتان بـۆ ئەوەی لـە هێزێکی ئۆپۆزیسـیۆن بدات، ئەمە لە کـەس قبووڵ ناکرێ، چونکە ئەوکات تورکیاش بە بیانووی پەکەکە هێزێک دێنێت و لە پەکەکە دەدات".

زانا عەبدولڕەحمان بە دووری زانی عێراق بەرامبەر ئێران هەڵوێستی هەبێ و گوتی "عێراق هیچ ڕۆڵێک نابینێ، خۆی ناکاتە سـاحێبی ئەم کێشەیە، بەڵام بـۆ هەندێ شـتی دیکـە خۆیان دەکەنە سـاحێب، لەڕابـردوودا داوامان لە عێراق کردووە، بەڵام وەڵامی نەبووە".



## "عەرەبی سووننە دژی پرۆژە یاسایەکن"

**ڕووداو- هەولێر**

زانا ڕووستایی پەرلەمانتاری لیژنەی یاسایی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، لە وەرزی نوێی یاسادانانندا کە بڕیارە هەفتەی داهاتوو دەستـپێبکاتەوە، پەسـەندکردنی پرۆژە یاسای هەڵوەشانەوەی کۆمەڵێک بڕیاری ئەنجوومەنی سـەرکردایەتی پێشووی شۆڕشە تایبەت بە گەڕانەوەی زەوییە زەتکراوەکانی کورد و تورکمان لە شاری کەرکووکە و گوتی "ئەو زەوییانە کاتی خۆی بەو بڕیارانە لە کورد و تورکمان داگیرکراون و ئێستاش پرۆژە یاساکە تەنیا پەسەندکردنی ماوە کە ماف بۆ زەوتکراوان دەگێڕێتەوە، بەڵام عەرەبی سوونە پێیان باش نییە پەسەند بکرێت".

# شنگال.. حەوت هێزی چەکدار فەرمان لە هەولێر، بەغدا و قەندیل وەردەگرن




### قایمقامی قەزای شنگال:
## تەنیا ئیعتراف بە پێشمەرگە و پۆلیس دەکەین

**ناسر عەلی**
**ڕووداو- دهۆک**

جگە لەو گرووپە خۆبەخشانەی لەلایەن کوردی ئێزدییەوە دروستکراون، حەوت هێزی چەکدار لە سنووری قەزای شنگال هەن کە ژمارەیان لە 25 هەزار چەکدار زیاترە. بەشێک لەم هێزانە فەرمان لە هەرێمی کوردستان وەردەگرن، بەشێکیان لە قەندیل و هەندێکیش لە بەغدا.

ئـەو هێزانە زۆربەیـان دوای هێرشـی داعش بۆ سـەر قەزای شـنگال لە سـێی ئابـی 2014 دروسـتکراون. هەندێـک لـەو هێزانـە لەلایـەن پەکەکـەوە دروسـتکران، لەوانـە یەکینەکانـی بەرخودانـی شـنگال و یەکینەکانـی بەرخودانی ژنانی شنگال. دوای ڕزگارکردنی شنگالیش هێزی پاراستنی شـنگال دامەزرا کە سەر بە وەزارەتی پێشمەرگەیە.

سەربەست لەزگین، بەرپرسی میحوەری شنگال بە (ڕووداو)ی گوت "سەرجەم بەرەکانی پێشەوەی شـەڕ لەگەڵ داعش لە دەڤەری شـنگال تەنیا لە دەستی هێزەکانی پێشمەرگەدان". گوتیشی "بۆ پاراستنی شنگال و کۆنترۆڵکردنەوەی ناوچەکانی دیکە پێویستمان بەهیچ هێزێک نییە".

پـاش ئـەوەی لە کانوونـی یەکەمـی 2014 ناحیەی سـنوونێ و چیای شنگال و بەشێک لە ناوچەکانی شـنگال کۆنترۆڵ کرانـەوە، حەیدەر شەشـۆ لەگـەڵ ژمارەیەک خۆبەخشـی کوردی ئێزدی، هێزی پاراسـتنی ئێزیدخانـی دامەزراند، سـەرەتا ئەو هێزە لەلایەن حەشدی شەعبییەوە هاوکاریـی دەکرا، بـەڵام دوای دەسـتگیرکردنی فەرماندەکەی لەلایەن ئاسایشەوە، پەیوەندی ئەو هێزە بە حەشدی شەعبییەوە نەما.

حەیدەر شەشـۆ، بەرپرسـی هێزی پاراستنی ئێزیدخان بە (ڕووداو)ی گوت "هیچ پەیوەندییەکم بـە بەغداوە نەمـاوە و ژمارەیەک سـەرمایەداری کوردی ئێزدی هاوکاریمان دەکەن".

هێزی پاراسـتنی ئێزیدخان لە سەربازگەیەک لە نزیک مەزارگەی شـەرفەددین ئێستا خەریکی مەشـق و ڕاهێنانن، نزیکـەی 200 کچی کوردی ئێزدیش لەو هێزەدان.

دەنگـۆی ئـەوە هەیـە ئـەو هێـزە لەلایـەن یەکێتییەوە هاوکاریی دەکرێ، بەڵام شەشـۆ کە ئەندامـی ئەنجوومەنی ناوەنـدی یەکێتییە، ئەو دەنگۆیانـەی ڕەتکـردەوە و گوتی "نەک یەکێتی هاوکاریـم نـاکات، بگـرە تاوەکو ئێسـتا چەند جارێک داوای دەست لەکارکێشانەوەم لە یەکێتی کردووە".

پێشـتر بەڵێن بە شەشۆ درابوو کە هێزەکەی بخرێتە سـەر وەزارەتی پێشمەرگە، بەڵام هێشتا بەڵێنەکە جێبەجێ نەکراوە. حەیدەر شەشۆ سێ مەرجـی هەیە بۆ ئەوەی هێزەکەی بخرێتە سـەر وەزارەتـی پێشـمەرگە "ئاڵا و نـاوی هێزەکەمان نەگۆڕێت، هەروەها ئەو هێزەی دەچینە پاڵی سەر بە هیچ لایەنێکی سیاسی نەبێ".

پارتی کرێکارانی کوردستان هەرزوو دوو هێزی بـۆ ئەو ناوچەیە دروسـتکرد. عەگید کەلاری کە فەرماندەیەکی هێزەکانی پاراسـتنی گەل (باڵی سەربازیی پەکەکە)یە، دەڵێت "ئێمە بۆ پاراستنی گەلی ئێزدی لێرەین، هەر کاتێک مەترسی لەسەر شنگال نەما دەگەڕێینەوە شوێنەکانی خۆمان".

جگـە لەو هێزانە، ئێسـتا هێزێکـی دیکەش بەنێوی هێزی عەشایری شنگال دروستکراوە کە ژمارەیـان 150 کەسـە و لەلایەن عەبدولڕەحمان ئەلشـەممەری سەرپەرشـتی دەکرێن، ئەمانیش زۆرتر لەو شوێنانەن کە پەکەکەی لێیە، هەروەها 300 پۆلیسـی عێراق لە قەزاکـەدا هەن. لەگەڵ ژمارەیەک گرووپی خۆبەخش کە لەلایەن خەڵکی ناوچەکەوە دروستکراون.

کەریم نووری، گوتەبێژی حەشـدی شـەعبی لە عێراق ئاشـکرای کرد کە ئەوان پشـتگیری لە دوو هێزی نێو شـنگال دەکـەن، ئەوانیش هێزی عەشایری شنگال و هێزێکی دیکە.

بەڵام مەحما خەلیل، قایمقامی قەزای شنگال دەڵێت ئەوان جگە لە هێزی پێشمەرگە و پۆلیسی عێراق ئیعتـراف بە هیچ هێزێکـی دیکە ناکەن. گوتیشی "ئێستا شنگال پێویستی بە هیچ هێزێک نییـە، جگـە لە پێشـمەرگە و پۆلیـس، ئەگەر هێزەکانـی دیکە دەڵێن ئێمـە بە هانای خەڵکی شـنگالەوە هاتوویـن، پێیاندەڵێین سـوپاس و پێویستمان بە ئێوە نەماوە".

**ژمارەی هێزەکانی نێو شنگال:**

هێزی پێشمەرگە: 20 هەزار چەکدار
هێزی پاراستنی ئێزیدخان: 3500 چەکدار
یەکینەکانی بەرخودانی شنگال: 700 چەکدار
پۆلیسی عێراق: 300 کەس
یەکینەکانی بەرخودانی ژنانی شنگال: 200 چەکدار
هێزی پاراستنی گەل: 250 چەکدار
هێزی عەشایری شنگال: 150 چەکدار
گرووپە خۆبەخشەکان: 150 چەکدار

# گۆڕان هەوڵی گەڕاندنەوەی تاڤگە ئەحمەد دەدات

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

فراکسـیۆنی گـۆڕان لـە ئەنجوومەنـی نوێنەرانی عێراق هەوڵـی گەڕانەوەی تاڤگە ئەحمـەد دەدات کە مانگی نیسـانی ڕابردوو لـە فراکسـیۆنەکە دەرکرا. ئەندامێکی فراکسیۆنەکەش دەڵێت "پێم باشە بگەڕێتەوە بەو مەرجەی داوای لێبووردن لە بزووتنەوەی گۆڕان بکات".

دوای واژۆکردنـی ڕێککەوتننامەی نێوان بزووتنـەوەی گۆڕان و یەکێتی، ناوەڕاسـتی مانگی ڕابردوو فراکسیۆنی هەردوو حیزب لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق هاوپەیمانێتییان ڕاگەیاند و گوتیان "گەورەترین هاوپەیمانێتی کوردیـن کە خاوەنی 30 کورسـین" ئەوەش لەسـەر بنەمـای کورسـییەکانیان لـە ئەنجومەنی نوێنەران کە یەکێتی 21 کورسی و گۆڕانیـش 9 کورسـی هەیە، لـە کاتێکدا پارتی دیموکراتی کوردسـتان 28 کورسـی هەیە.

بـەڵام لـە مانگـی نیسـانی ئەمساڵدا و دوای ئـەوەی ژمارەیـەک پەرلەمانتار دژی گۆڕانکارییەکانـی حەیـدەر عەبـادی، سەرۆکوەزیرانی عێراق لە کابینەکەی وەستانەوە، عـادل نـووری لـە فراکسـیۆنی یەکگرتـووی ئیسلامی و تاڤگە ئەحمەد لە فراکسیۆنی گۆڕان چوونە بـەرەی پەرلەمانتارانی مانگرتوو، دواتر هەردووکیان لەسـەر ئەو هەڵوێستەیان لەلایەن فراکسـیۆنەکانیانەوە دەرکران. تەنانەت گۆڕان بڕیـاری دا تاڤگە ئەحمەد لـە بزووتنەوەکەش دووربخاتەوە، بەوجۆرەش ئێسـتا هاوپەیمانێتی یەکێتی و گۆڕان 29 کورسییە.

بەپێی ئەو زانیارییانەی لە سـەرچاوەیەکی ئاگادارەوە دەسـت (ڕووداو) کەوتوون، ماوەی زیاتر لە 10 ڕۆژە فراکسـیۆنی گـۆڕان هەوڵی گەڕاندنەوەی تاڤگە ئەحمەد دەدات، بەڵام ناوبراو نەگەڕاوەتەوە، سەرچاوەکە گوتی "لەبەرئەوەی فراکسیۆنی گۆڕان و بزووتنەوەکەش دەستبەجێ تاڤگەیـان دەرکرد، ڕەنگە ئێسـتا فراکسـیۆن پێیخۆش نەبێت داوای گەڕانەوەی لێبکات، بەڵام ناچاریشـە، لەبەرئەوەی هاوپەیمانێتییەکەیان



29 کورسـییە و پارتیش 28 کورسـییە، جگە لەوەش گۆڕان ترسـی هەیە لە پرۆژە یاسـا و هەڵوێسـتێکدا تاڤگـە ئەحمەد بڕواتـە بەرەی پارتی و لەوکاتەشـدا یەکسـان دەبـن، یاخود تاڤگە و عادل نووری بڕۆنە بەرەی پارتی و لەو کاتەشدا بەرەی پارتی زیاتر دەبن".

سـەرچاوەکە هەروەهـا گوتیشـی "بەپێی زانیارییەکان تاڤگە ئەحمەد داواکەی فراکسیۆنی گۆڕانـی ڕەتکردووەتـەوە و تەنانـەت دەرگای گفتوگۆشی لەگەڵ داخستوون".

(ڕووداو) چەنـد جارێک بە تەلەفۆن و نامە هەوڵیدا ڕای تاڤگە ئەحمـەد وەربگرێت، بەڵام وەڵامـی نەدایەوە. عادل نـووری پەرلەمانتاری سـەربەخۆی عێـراق بـە (ڕووداو)ی گـوت "بیسـتوومە قسـەیەکی لـەو بابەتـە هەیە بۆ گەڕانـەوەی تاڤگەخـان بـۆ ئـەوەی ژمـارەی هاوپەیمانێتییەکە لە 30 کورسی کەمتر نەبێت".

سـەبارەت بـە گەڕانەوەی خۆیشـی بۆ نێو فراکسـیۆنی یەکگرتـوو، عادل نـووری گوتی "تائێسـتا بە فەرمی داوام لێنەکراوە و هەر کاتێک داوام لێکرا قسەی خۆم دەبێت".

هەفتـەی ڕابـردوو هاوپەیمانێتـی فراکسـیۆنەکانی یەکێتـی و گـۆڕان بـۆ گفتوگۆکـردن لەگـەڵ لایەنـە عێراقییەکان سـەبارەت بـە ڕوونکردنـەوەی نێوەڕۆکـی هاوپەیمانێتییەکـە سـەردانی حیزبەکانـی عێراقیان کرد.

کاوە محەممەد، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان لە ئەنجوومەنـی نوێنەرانی عێراق و ئەندامـی شـاندی هاوپەیمانێتییەکە گوتی هاوپەیمانێتییەکەیـان 29 کورسـییە نەک 30 کورسی. کاوە گوتی "وەکو بەرکەوتەی هەڵبـژاردن نۆ کورسـیمان هەیە، ئێسـتا تاڤگەخانمـان لەگەڵـدا نەماوە و هەشـت کورسـین، هاوپەیمانێتییەکـەش 29 کورسییە".

سـەبارەت بە هەوڵدانیان بۆ گەڕانەوەی تاڤگـە ئەحمـەد، کاوە محەممـەد گوتـی "ئـاگادار نیم، بەڵام وەکو خۆم پێم باشـە بگەڕێتـەوە، بـەڵام بـەو مەرجـەی داوای لێبـووردن لـە بزووتنەوەی گـۆڕان بکات و گۆڕانیـش قبوڵی بکات، چونکە ئەو هەڵەی کردووە و هەڵوێستەکەی لەگەڵ یەکریزی کورد نەدەگونجا".

کاوە محەممـەد ڕەتیکـردەوە کـە داوای گەڕانـەوەی تاڤگـە ئەحمـەد بـۆ زیادکردنی ژمارەی کورسییەکانی هاوپەیمانێتییەکە بێت و گوتی "پێش دروستکردنی هاوپەیمانێتییەکەش وەکـو خۆم پێم بـاش بوو بگەڕێتەوە، چونکە ئەوە کورسی گۆڕان و بزووتنەوەکەیە".

ئایا لـە هەڵوێسـت و پرۆژەکانـدا تاڤگە ئەحمـەد و عادل نووری دەچنـە پاڵ پارتی؟ عادل نووری گوتی "دەبێت پرسیار لە یەکێتی و گۆڕان بکرێت ئایا لە هەڵوێستەکاندا ترسیان لـە چوونی ئێمە بـۆ پاڵ فراکسـیۆنی پارتی نییە؟".

بـەڵام کاوە محەممـەد ئـەو هەوڵـەی بـە دوور زانـی و دەڵێـت "نەخێر لەوە ناترسـین و ئـەو هـەوڵ و ئەگەرەش بـە دوور دەزانین، چونکە فراکسـیۆنی پارتی بۆ ئەوان لە هەموو فراکسیۆنەکانی دیکە دوورترە".

# حیزبی شیوعی داوای کورسییەکەی سلێمانی لە سۆسیالیست دەکاتەوە

### بەرپرسێکی حیزبی شیوعی:
## کورسییەکە بە مافی خۆمان دەزانین

### بەرپرسێکی سۆسیالیست:
## شیوعی کورسییەکی ئەنجوومەنی پارێزگای هەڵەبجەی وەرگرتووە

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

حیزبـی شـیوعی کوردسـتان داوای کورسـییەکەی ئەنجوومەنـی پارێـزگای سلێمانی لە حیزبی سۆسیالیست دەکاتەوە. بەرپرسـێکی ئـەو حیزبـە دەڵێـت "ئەگەر ئاڵوگـۆڕ نەکرێـت پێموابێـت میسـداقیەت لەنێوان هاوپەیمانێتیدا نامێنێ، بەرپرسێکی سۆسیالیسـتیش دەڵێـت حیزبی شـیوعی کورسـییەکیان لـە ئەنجوومەنـی پارێزگای هەڵەبجە وەرگرتووە.

حیزبـی سۆسیالیسـت، شـیوعی و زەحمەتکێشـان لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانـدا کـە لـە نیسـانی 2014 بەڕێوەچـوو، بەنێـوی لیسـتی هاوپەیمانی نیشـتمانی بەشـدارییان کرد، لە سـنووری پارێـزگای سـلێمانی 26 کاندیدیان هەبووە کـە 20یـان کاندیدی سۆسیالیسـت بوون و شەشـەکەی دیکـەش کاندیـدی شـیوعی و زەحمەتکێشان بوون.

هاوپەیمانێتییەکـە 10 هـەزار دەنگـی هێنا و کورسـییەکی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانییان بردەوە. فەرهاد تۆفیق کاندیدی سۆسیالیست وەکو سەرۆکی لیستەکە 4275 دەنگـی هێنا، پاشـان هـاوڕێ کاسـترۆ لە حیزبی شیوعی نزیکەی 2000 دەنگی هێنا.

بەپێـی ڕێککەوتنـی نێـوان ئـەو سـێ حیزبـە، بـراوەی یەکەمـی لیسـتەکە دوو ساڵی یەکەم کورسی ئەنجوومەنی پارێزگای سـلێمانی لا دەبێت و دوو سـاڵی دووەمیش دەدرێتـە براوەی دووەم، ئەگەر پۆسـتێکی کارگێڕیشیان پێدرا دەدرێتە براوەی سێیەم، بەو پێیەش سۆسیالیسـت ماوەی دوو ساڵە کورسییەکەی ئەنجوومەنی پارێزگای لەلایە.

گـۆران حوسـێن، ئەندامـی کۆمیتـەی ناوەندی و بەرپرسـی کۆمیتەی ڕێکخسـتنی پارێـزگای سـلێمانی حیزبـی شـیوعی کوردسـتان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بەپێی ئەو ڕێککەوتنەی کردوومانە دوو ساڵی یەکەم ئـەو کورسـییە لای حیزبی سۆسیالیسـتە، پێویسـتە دوو سـاڵی دووەمیش لای ئێمە بێت و کاندیدەکەشمان هاوڕێ کاسترۆیە".

پێدەچێـت ئەوانیـش گفتوگۆکانیـان بـۆ کاتـی ئاڵوگـۆڕی پۆسـتی پارێـزگاری سـلێمانی و سـەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگا هەڵگرتبێـت کە بڕیار وایە لە مانگی داهاتوو دەسـتپێبکات. گۆران گوتی "تاوەکو ئێستا لەگـەڵ حیزبـی سۆسیالیسـت باسـی ئەو ئاڵوگۆڕەمـان نەکردووە، بـەڵام لیژنەیەکی هاوبەشـمان هەیە و ڕێککەوتنیشمان هەیە، پێویسـتە گفتوگـۆ بۆ کورسـییەکە بکەین، بـەڵام ڕەنگە گفتوگۆکان لەگـەڵ ئاڵوگۆڕی پۆسـتی پارێـزگا و سـەرۆکی ئەنجوومەندا بکرێن".

وەکو گۆران حسـێن باسـی کـرد، ئەوان کورسـییەکەیان دەوێـت و گوتـی "ئـەوە ڕێککەوتنێکی هەر سێ حیزبەکەیە و بە مافی خۆمانی دەزانین و ئیلتیزامێکی کۆمەڵایەتی و سیاسـی و ئەخلاقییە لەنێوانماندا، ئەگەر ئاڵوگۆڕیش نەکرێت پێموابێت میسـداقیەت لەنێوان هاوپەیمانێتیدا نامێنێت".

هەڵەبجـە بەر لەوەی ببێتـە پارێزگا، لە بازنەی سلێمانیدا بەشـداری لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانـدا کرد، بەڵام دوای ئەوەی بووە پارێزگا، بڕیار درا، ئەنجوومەنی پارێـزگای بۆ پێکبهێنرێ، ئێسـتا لایەنەکان جگـە لەپارتـی دیموکراتـی کوردسـتان سـەرقاڵی دروسـتکردنی ئەنجوومەنـی پارێـزگای ئـەو شـارەن، سۆسیالیسـتیش گلەیـی لـە دوو حیزبـە هاوپەیمانەکـەی دەکات کە بە تەنیا ڕۆیشـتوون بۆ گفتوگۆی وەرگرتنـی کورسـییەکی ئەنجوومەنـی پارێزگای هەڵەبجە.


فەرهـاد تۆفیق، سـەرۆکی فراکسـیۆنی هاوپەیمانـی نیشـتمانی لـە ئەنجوومەنـی پارێزگای سـلێمانی لە پشکی سۆسیالیست بـە (ڕووداو)ی گوت هەرچەنـدە ڕێککەوتن لـە نێـوان حیزبەکـەی و شـیوعی و زەحمەتکێشـاندا هەبـووە و لـە کۆمەڵێـک هەڵوێسـتی هاوبەشیشـدا یەکدەنـگ بوون، بـەڵام لە کاتـی دروسـتکردنی ئەنجوومەنی پارێـزگای هەڵەبجـە گرفـت لەنێوانیانـدا دروستبووە.

فەرهـاد تۆفیـق گوتـی "لەبەرئـەوەی هەڵبژاردنـی ئەنجوومەنـی پارێـزگاکان لـە سنووری پارێزگای هەڵەبجە و سلێمانی یەک بازنە بووە و هەندێک لە لیستەکانی دیکەش بە شێوەی حیزب نەک لیست، لەگەڵ یەکێتی و گۆڕان کۆبوونەوە و بەشەکانیشیان لەسەر بنەمـای دەنگی حیزبەکانیان پێدرا، ئێمەش گوتمـان بۆچـی دەبێـت بـە هەرسـێکمان حیسـابی حیزبێکمـان بـۆ بکرێـت، ئـەوە بـوو شـیوعی و زەحمەتکێشـان لەگەڵیاندا کۆبوونـەوە و ئەوانیـش کورسـییەکیان بە شیوعی داوە".

سـەبارەت بە پێدانەوەی کورسییەکە بە حیزبی شـیوعی، فەرهـاد تۆفیق گوتی "من ئیلتیزامـی ئەخلاقیم بە حیزبەوە هەیە، هەر بڕیارێک بـدەن پێوەی پابەنـد دەبم، بەڵام ڕەنگە هەڵبژاردنـی ئەنجوومەنی پارێزگاکان لـە کاتی خۆیـدا نەکرێت، کەواتـە ئەو دوو ساڵە چۆن دابەش دەکرێت".

## شێری گراهام تاڵەبانی، هاوژینی قوباد تاڵەبانی بۆ (رووداو):

# کوردستان هەلی باشی لەبەردەمە و ئەم قەیرانە داراییەش تێدەپەڕێنێ



**هاوژینی قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، بەڵام توخنی سیاسەت ناکەوێت و زۆرتر بە کاری رێکخراوەیی لە بواری پەنابەراندا خەریکە. شێری تاڵەبانی بۆ یەکەمجار لە ساڵی 1999 سەردانی کوردستانی کردووە، ساڵی 2012 بەهۆی قوبادی هاوژینی و دوو منداڵەکەی بەیەکجاری لە کوردستان نیشتەجێ بوو. ئێستا لە کوردستان بەرپرسی رێکخراوێکە بەناوی (seed). شێری لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (رووداو) باسی کارەکانی خۆی و رێکخراوەکەی لە کوردستان دەکات.**

هەڤپەیڤین: شەهیان تەحسین
رووداو- هەولێر

**رووداو: چۆن بوو هاتیتە کوردستان و بۆچی بڕیارت دا لێرە بمێنیتەوە؟**

**شێری تاڵەبانی:** من لە 1999ەوە سەردانی کوردستانم کردووە، لەو کاتەوە لێرە کاری خۆمم بۆ حکومەتی ئەمریکا دەستپێکرد، ئەو کات رووماڵی عێراقم دەکرد. هێشتا سەدام لە دەسەڵاتدا بوو و کوردستانیش ئابڵوقەی لەسەر بوو، ئێمە لەگەڵ نەیارەکانی سەدام حوسێن و بۆ بەهێزکردنی کوردستان کارمان دەکرد. هەر بۆیە ماوەی 15 بۆ 16 ساڵە ماوە ماوە لە کوردستان کارم کردووە. کاتێکیش کاری هاوژینەکەم گوازرایەوە بۆ کوردستان، بڕیارمان دا بە خێزانەوە بێینە ئێرە.

**رووداو: لەو کاتەوەی هاتوویەتە کوردستان چ گۆڕانکارییەک دروستبووە؟**

**شێری تاڵەبانی:** گۆڕانی زۆر گەورەمان بینیوە. دەیەی رابردوو، واتە لە 1999 هەتا 2012 کە من بە یەکجاری هاتمە ئێرە، کوردستان بەهۆی رزگاربوونی لە دەستی سەدام گۆڕانی زۆری بەسەردا هاتووە، لەبەرئەوەی دەرفەتی نوێی بۆ کورد رەخساند، کوردستان بۆ یەکەمجار دەستی بە سەرچاوە داراییەکانی راگەیشت، ئەمەش پێشکەوتنێکی راستەقینە بوو، پەرەی بە ئازادییەکان دا، پەرەی بە خۆبەڕێوەبەری دا. واتە پێشکەوتنی زۆرمان لە هەموو بوارەکانی ژیاندا بینیوە، بە تایبەتیش لە بواری ژێرخاندا، لە ژێرخانی رێگەوە بیگرە هەتا دەگاتە تەندروستی و پەروەردە و هەموو ئەو پێشکەوتن و بنیاتنانەی بینیومانە، بۆ نموونە گەشەی بیناسازی.

**رووداو: کاتێک هاتیتە کوردستان، لە 2012 و 2013 کوردستان گەیشتبووە قۆناغی هەرە بەرزی گەشەکردن و گۆڕانکاری، بەڵام دوای ئەمە وردە وردە کەوتە ناو قەیرانێکی دارایی، بەڕای تۆ کێشەکە لە کوێدا بوو کە کوردستان نەیتوانی لە گەشەسەندن و گۆڕانکاری بەردەوام بێت؟**

**شێری تاڵەبانی:** بەداخەوە لە 2013 و 2014 رووبەڕووی قەیرانی سەرچاوەی دارایی بووینەوە و بەغدا بودجەی بڕی، هەروەها تووشی قەیرانی ئەمنییش بووینەوە بەهۆی هێرشی داعش، بەڵام قۆناغی ناسەقامگیری لە عێراق تەمەنێکی زۆری هەیە، هۆکارەکەشی بۆ نەبوونی پلورالیزم، نەبوونی لێبوردەیی و چارەسەری سیاسی دەگەڕێتەوە. ئێستاش قەیرانی ئابووری و هەروەها قەیرانی مرۆییشمان لەسەر شانە، لە کاتێکدا ملیۆنێک و 800 هەزار ئاوارەمان هەیە کە زۆربەیان خەڵکی عێراقن. هەر بۆیە کوردستان بە کاتێکی سەختدا تێدەپەڕێت.

**رووداو: لەم کاتە سەختەدا حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرقاڵی ئەنجامدانی چاکسازییە. تۆ وەکوو شارەزایەکی ئابووری پێتوایە باشترین کەرت بۆ ئەوەی چاکسازیی تێدا بکرێت کام کەرتی حکومەتی هەرێمی کوردستانە؟**

**شێری تاڵەبانی:** کوردستان و خەڵکی کوردستان بە چەندین دەیە ئازار و مەینەتی و چەوسانەوەدا رۆیشتوون، بەهۆی ئەمەوە بیرکردنەوەی خەڵک بۆ کورتمەودایە، واتە خەڵکانی نێو حکومەت و هەمیش ئەوانەی کەرتی تایبەت بیر لەوە دەکەنەوە چی بکەن بۆ ئەوەی ئەمڕۆ دەرباز بکەن، بەڵام ئێمە پێویستە بەرەو ئەو شوێنە هەنگاو بنێین کە تێیدا فۆکسمان لەسەر هێز و توانای گەل بێت. کوردستان هەلی باشی لەبەردەستە، دەشزانم کە ئەم قەیرانە داراییە تێدەپەڕێنێت.

لە کارەکەی خۆمدا کاتێک لەگەڵ دیموکراسییە نوێیەکان کارم کردووە، بینیومە رێگاکە هیچکات راستەوڕاست نەبووە، بەڵکو هەموو کات لە رێگاکەدا ئاستەنگ هەبووە، ئەمەش هەم دیموکراسی دەگرێتەوە و هەمیش ئابووری و سیاسەت. پێموایە کوردستان ئەم قۆناغە تێدەپەڕێنێ، بەڵام هەموومان دەبێت بیر لەوە بکەینەوە چ جۆرە بەشدارییەکمان لە کوردستان هەبێت.

**رووداو: لەگەڵ ئەوەی هاوژینی قوباد تاڵەبانیت و لە خێزانێکی دەوڵەمەندی ئەمریکیشیت، بەڵام ئێستا خەریکی کاری خێرخوازیت، لە رابردووشدا تۆ لە کاتی کارکردن بۆ حکومەتی ئەمریکا لە عێراق کاری خێرخوازیت کردووە، ئەو کارانەی ئێستا لە رێکخراوەکەی خۆت دەیکەیت گەورەترە یان بچووکترە لەو کارانەی کە پێشتر کردووتن؟**

**شێری تاڵەبانی:** ئاشکرایە خێزانی هاوژینەکەم رۆڵێکی گرنگیان لە مێژووی کوردستاندا بینیوە. کاری من لە کوردستان سەربەخۆیە لە خێزانەکەم و حیزب. وەک دەزانیت من ئەمریکیم و فۆکسی من لەسەر ئەوەیە چۆن بتوانم مێژوو و ئەزموونی خۆم لە هەموو جیهان بخەمە خزمەت ئێرە و پێشکەوتنی کوردستان.

**رووداو: تۆ پشتیوانی و یارمەتی دارایی لە کاک قوباد و هێزۆخان وەرناگریت بۆ رێکخراوەکەی خۆت؟**

**شێری تاڵەبانی:** نا من داوای هیچ هاوکارییەکم لە خێزانی هاوژینەکەم نەکردووە و هیچ یارمەتییەکی داراییشم لە خێزانی هاوژینەکەم وەرنەگرتووە. سەرچاوە داراییەکانی ئێمەش- وەکوو زۆربەی رێکخراوە قازانج نەویستەکانی جیهان- لە رێگەی یارمەتی ئەو خەڵکەوە (واتە دۆنەرەکان) دابین دەکرێت کە دەیانەوێت گۆڕانکارییەک لە کوردستان بهێننە ئاراوە. هەندێک لەم دۆنەرانە حکومەتن، هەندێکیان کەسانی دەستکراوەن، بێگومان من سەرچاوە داراییەکانی خۆیشم دەخەمە خزمەت ئەمەوە، بەڵام وابزانم گرنگتر لەو پارەیەی کە دەیبەخشم، ئەو سەرچاوانەیە کە لە هەموو جیهانەوە دەیانهێنم، وەکوو شارەزاییەکان و ئەو خەڵکانەی کە حەز دەکەن پێشکەوتنی کوردستان ببینن.

**رووداو: ئەوانەی لە رێکخراوی خێرخوازی Seedدا کار دەکەن چەند کەسن، بۆچی دامەزراوە، کارەکانی ئێوە لە چ بوارێکدایە؟**

**شێری تاڵەبانی:** من مێژوویەکم لە کارکردن لەگەڵ حکومەتی ئەمریکا هەیە، بۆ ماوەی 15 ساڵ لەگەڵ وڵاتانی دیموکراسی نوێ، وڵاتانی خاوەن شەڕ و پێکدادان، وڵاتانی هەژار و بە کورتی وڵاتە جیاجیاکانی هەموو جیهان و هەموو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کارم کردووە. ئێمە لەگەڵ حکومەتەکاندا کارمان دەکرد بۆ ئەوەی لە گەشەپێدانی ئابووری و دانانی سیاسەتی باشتر و بەهێزتردا یارمەتییان بدەین، ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی تەندروستی، پەروەردە و خۆشگوزەرانی و بەرژەوەندیی خەڵک بەرەوپێش بچێت، هەروەها یارمەتیدەریشە بۆ بەهێزکردنی ئافرەتان، کەمینەکان و گەنجان. کاتێک لەگەڵ هاوژینەکەم هاتینە ئێرە، بیرم لەوە کردەوە چۆن بتوانم باشترین بەشداریم لە پێشکەوتنی کوردستاندا هەبێت، چۆن ئەو میتۆد و چالاکییانە بەکاربهێنم کە لە وڵاتانی دیکەی جیهان ئەنجامیان هەبووە و لێرەش بەکاریان بهێنم. هەر بۆیە Seedم دامەزراند، کە رێکخراوێکە لە بواری گەشەپێداندا کاردەکات،Seed پشتگیری لە گەشەی ئابووری و پەروەردە دەکات. تەرکیزیشمان لەسەر گەشەی درێژمەودا بووە. رێکخراوەکەی ئێمە ستاف پێشکەش ناکات، بەڵکو فۆکسمان لەسەر ئەوەیە چۆن بتوانین ئامرازی پێویست بە خەڵکی ئێرە ببەخشین بۆ ئەوەی ژیانی خۆیان باشتر بکەن. من و هاوبەشەکانم، واتە ئەو ئافرەتە کوردانەی کە 15 ساڵە دەیانناسم، ئەم رێکخراوەمان دامەزراند، بۆ ئەوەی پەرە بە گەشەکردنەکە بدەین. بۆ ئەمەش هەموو رۆتینە بیرۆکراتییەکانمان تێپەڕاند، چونکە من خۆم پێداگر بووم لەسەر ئەوەی رێکخراوەکەی ئێمەش وەکوو هەموو رێکخراوەکانی دیکەی کوردستان تۆمار بکرێت، بۆ ئەمە پارێزەرم نەگرت، چونکە خۆم پارێزەرم و هەموو کارە ئیدارییەکانمان کرد، کاتێکیش هەموو پرۆسەکەمان تێپەڕاند، کوردستان بەهۆی ئاوارەکانەوە رووبەڕووی قەیرانێکی مرۆیی گەورە ببووەوە. لەو کاتەدا تەرکیزمان لەسەر ئەوە

## زۆر گەنجی کورد پەیوەندییان پێوەکردووم کە خۆبەخشانە کارم لەگەڵ بکەن

## لە کوردستان ئافرەتان تەنیا 12%ی هێزی کار پێکدەهێنن

## حەز دەکەم کوردییەکەم باش بکەم بەڵام مامۆستای باش نییە

## سەرجەم ستافی رێکخراوەکەم کوردن

بوو چۆن بتوانین یارمەتی کوردستان بدەین بۆ ئەوەی چارەسەری پێداویستییەکانی ئەم خەڵکانە بکات.

**رووداو: کاری رێکخراوی ئێوە چ جیاوازییەکی لەگەڵ کاری رێکخراوە بیانی و ناوخۆییەکانی دیکە هەیە کە لە هەرێمی کوردستان کاردەکەن؟**

**شێری تاڵەبانی:** ئەو رۆڵەی ئێمە دەیگێڕین ناوازەیە، لەبەر ئەوەی رێکخراوێکی ناحکومی ناوخۆیین و من خۆیشم لە بواری پێشکەوتنی نێودەوڵەتیدا شارەزاییم هەیە، هەروەها شارەزایەکی دیکەی بەریتانیشمان لەگەڵە، هەموو ستافەکەی دیکەمان کوردن، هەر بۆیە ئێمە هەم شارەزایی نێودەوڵەتی و باشترین چالاکییەکانمان لەگەڵ خۆماندا هێناوە و هەمیش شارەزاییەکی نێوخۆییمان لەگەڵە. تەرکیزیشمان لەسەر پێگەیاندنی خەڵکی کوردستانە. لێرە خەڵکانێکی بەهرەدار و باش هەیە کە توانایەکی زۆریان هەیە بۆ ئەوە دەشێن بەشدارییان پێبکرێت. لە کاتی ستۆرییەکەی رووداوەوە کە چەند هەفتەیەک لەمەوبەر لە کەمپێک لەبارەی پرۆگرامی موزیک بڵاوکرایەوە، زۆر گەنجی کورد پەیوەندییان پێوە کردووم و دەڵێن چۆن بتوانین بەشدار بین، چۆن بتوانم خۆبەخشانە کار بکەم یان چیم پێدەکرێت بۆ ئەوەی یارمەتی پێشکەوتنی کوردستان بدەم. ئێمە لەو رووەوە دانسقەین کە شارەزایی و ئەزموونی نێودەوڵەتیمان هەیە و لە هەموو جیهانەوە ئەزموونەکان دەگوازینەوە بۆ ئەوەی سوود بە کوردستان بگەیەنین.

**رووداو: وەک دەزانین ئێوە لەگەڵ ئاوارەکان و بەتایبەتی کوردی ئێزدی کار دەکەن، چۆن بوو کوردی ئێزدیت هەڵبژارد؟**

**شێری تاڵەبانی:** ئەوکات بیرمان لەوە دەکردەوە چۆن کاریگەری لەسەر ئەو قەیرانە دابنێین، بۆیە بیرمان لە گەورەترین پێویستیی خەڵکەکە کردەوە، حکومەت بە پەناگە، خۆراک، کارەبا و ئاو یارمەتییان دەدات، ئەوان بە سەرچاوەیەکی کەمیشەوە ئەمە دەکەن، بەڵام ئەمە بوارێک نییە رێکخراوێکی بچووکی وەکوو ئەوەی من بتوانێت تێیدا کاریگەر بێت. بۆیە بیرمان لەوە کردەوە ئاخۆ ئەو خەڵکە پێویستیان بە چ شتێکی دیکە هەیە. بیرمان لەوە کردەوە دەتوانین لە چارەسەرکردن و گەڕانەوەیان بۆ دۆخی ئاسایی و دەستکردنەوە بە ژیان یارمەتیدەریان بین. چونکە کاتێک 1.8 ملیۆن خەڵک بۆ بژێویی رۆژانەیان پشت بە یارمەتییەکانی حکومەت دەبەستن، ئەوە کێشەیەکی گەورەمان بۆ دروست دەکات، هەر بۆیە بیرمان لە پێویستییە دەروونییەکانی ئەم خەڵکە کردەوە. زۆربەی ئاوارەکان رووبەڕووی توندوتیژییەکی لەڕادەبەدەر بوونەتەوە، بە تایبەتیش خەڵکانی ئێزدی، لە نێو ئێزدییەکانیشدا ئافرەتان، کەوابێت لە ئاستێکی بەرفراواندا لەگەڵ ئازارێکی دەروونیدا بەرەوڕوویین، هەندێک ئافرەتی ئێزدی بۆ ماوەی زیاتر لە یەک ساڵ و نیو لەگەڵ ئەم توندوتیژییەدا ژیاون.

**رووداو: وەکوو گوتت زیاتر لە 1.8 ملیۆن ئاوارە لە هەرێمی کوردستاندا هەیە، هەست ناکەیت کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە ئاست یارمەتیدانی ئەم ئاوارە و کۆچبەرانەدا کەمتەرخەم بووە؟**

**شێری تاڵەبانی:** ئەگەرچی راستە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی پێویستە و دەشتوانێت کاری زیاتر بکات، بەڵام دەبێت کار لەسەر ریشەکانی هەندێک لەو کێشانە بکەین کە لە ناوچەکەدا هەن. بۆ نموونە ناکۆکیی نێوان عێراق و کوردستان بەهۆی نەبوونی چارەسەرێکی سیاسی، ئەو توندوتیژییەی کە بووە بە نۆرمێک لە عێراق، بۆ ئەمە دەبێت کار لەسەر تۆوەکانی ئەم شەڕ و پێکدادانە بکرێ بۆ ئەوەی رێگە لە ئاوارەبوونی خەڵکی زیاتر لە هەموو جیهان بگرین. لێرە لە کوردستان خەڵکێکی ئاوارەی زۆر هەیە و زۆر کاریش دەتوانین بکەین، وابزانم هەر لێرە چارەسەرمان هەیە بۆیان، راستە دەکرێت یارمەتی دارایی نێودەوڵەتی وەربگرین، بەڵام خۆیشمان دەتوانین بەشێکی زۆر لەو کێشانە چارەسەر بکەین کە ئاوارەکانی ئێرە هەیانە.

## لە کوردستان بیرکردنەوەی خەڵک بۆ کورتمەودایە

## کاری من لە کوردستان سەربەخۆیە لە خێزانەکەم و لە حیزب

## داوای هاوکاریم لە هێرۆخان نەکردووە و هیچم لێ وەرنەگرتووە

## سەرچاوە داراییەکانی خۆم خستووەتە خزمەتی رێکخراوەکە

**رووداو: بۆچی حکومەتی هەرێمی کوردستان نەیتوانیوە پارە یان هاریکاری نێودەوڵەتی وەربگرێت؟ ئایا کێشەکە لە حکومەتی هەرێمی کوردستانە، یان لە عێراقەوەیە، یان بەهۆی ناشارەزایی ئێمەوەیە؟**

**شێری تاڵەبانی:** دوو هۆی سەرەکی هەیە، یەکەمیان ئەوەیە زۆرینەی ئاوارەکانی نێو کوردستان خەڵکی عێراقن، ئەمەش وایکردووە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەو جۆرە سەیری کێشەکە بکات کە چارەسەری کێشەی ئاوارەکان ئەرکی حکومەتی میواندارە، وەکوو دەشزانین حکومەتی عێراق بۆ ئاوارەکان یارمەتی کوردستان نادات. کێشەی دووەم ئەوەیە کوردستان دەوڵەت نییە، هەر بۆیە بەشێک لە پشتگیرییە نێودەوڵەتییەکان لەدەست دەدات.

**رووداو: باشە چارەسەری ئەمە چییە؟ وەکوو خۆیشت دەزانیت حکومەتی هەرێمی کوردستان کەوتووەتە واقیعێکەوە، ژمارەیەکی زۆر لە پەنابەر و کۆچبەر کەوتووەتە سەر شانی، حکومەتی عێراق هاریکاریی ناکات، کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش دەڵێن حکومەتی عێراق دەبێت یارمەتی بدات. حکومەتی هەرێمی کوردستان چی بکات؟**

**شێری تاڵەبانی:** بەڕای من حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت باشتر پێویستییەکانی کوردستان بگەیەنێتە لایەنی پەیوەندیدار، دەتوانێت زیاتر دەنگ هەڵبڕێت، گوتنی ئەمە بۆ منێکی ئەمریکی ئاسانە، چونکە دەتوانم ئازادانە قسە بکەم، بەڵام هەرێمی کوردستان هێشتاش بەشێکە لە عێراق، بەڵام بەم حاڵەشەوە دەتوانین داوای مافی زیاتر بکەین، بە تایبەتیش بە هاوکاری دۆستە بەریتانی و ئەمریکییەکانمان.

**رووداو: رۆڵی ئافرەت لە هەموو ئەمەدا چییە؟**

**شێری تاڵەبانی:** یەکەم شت، ئەوەی ئێمە لە نێو کوردە ئێزدییەکاندا بینیمان ئەوە بوو دراوسێکان نزیکەی 5 هەزار ئافرەتیان رفاندووە، بەندیان کردوون و کردوویانن بە کۆیلە. ئەمە هەر لەخۆڕا رووی نەداوە، بەڵکو هۆکاری ئەمە ئەوەیە کە ئافرەتان رۆڵێکی نایەکسانیان هەیە و مافی ئافرەت لە ماوەی یەک دەیەی رابردوودا تەواو پێشێل کراوە. رەوشەکە لە کوردستان باشترە، رۆڵی ئافرەتان زۆر باشترە، بەڵام دیسانیش ئافرەتان دەتوانن بەشدارییەکی زۆر زیاتریان لە کوردستان هەبێت. بەشداریی ئافرەتان لە بواری ئابووری و حکومەتدا سنووردار کراوە، هەروەها لەلایەن خێزان و نۆرمە کۆمەڵایەتیەکانیشەوە سنووردار کراوە. کاتێک سەیری وڵاتانی جیهان دەکەین، دەبینین بەڵگە زۆرە بۆ ئەوەی لەو وڵاتانەدا نایەکسانی هەیە، واتە ئافرەتان هەمان مافی پیاوانیان نییە، رێژەی شەڕ و پێکدادان و توندوتیژی بەرزترە. گەندەڵی زیاترە، حوکمڕانی لاوازترە، لێرە لە کوردستان رەوشەکە لەچاو بەشەکانی دیکەی عێراق باشترە، کاری زیاتریش هەیە بیکەین، ئەگەر بمانەوێ نەتەوەیەکی گەشەسەندوو، دیموکرات و بەهێزتر لە ماوەی دە ساڵی داهاتوودا دەربکەوێت، دەبێت دەرفەتەکانی بەردەم ئافرەتان باشتر بکەین، بۆ ئەوەی لە هەموو لایەنەکانی ژیاندا بەشدار بن، لەوانەش بڕیاردان، واتە نەک هەر هاوکاری وڵات بن، بەڵکو لە بەڕێوەبردنیشدا رۆڵیان هەبێت.

ئایا دەزانیت لە کوردستان ئافرەتان تەنیا 12%ی هێزی کار پێکدەهێنن، لە کاتێکدا نیوەی دانیشتووانن؟

ئەمە کوردستان دەباتە دواوە.

**رووداو: تۆ چەند ساڵێکە لێرە دەژیت، فێری کوردی بوویت، دەتوانی بە کوردی قسە بکەیت؟**

**شێری تاڵەبانی:** کوردی دەزانم، زمانی کوردی دەخوێنم. بەڵام زۆر سەرقاڵم. دوو منداڵم هەیە، رێکخراوی Seedیشم هەیە. کوردی زمانێکی جوانە. من و زۆر لە هاوڕێ رۆژئاواییەکانیشم حەز دەکەین کوردییەکەمان باش بکەین، بەڵام مامۆستای باش و مادەی باشمان نییە، هەر بۆیە زۆر سەختە مامۆستایەکی باش بدۆزیتەوە.

**رووداو: ماوەیەک لەمەوبەر کاک قوباد تاڵەبانی، لە نۆژەنکردنەوەی قوتابخانەیەکی هەولێردا بەشداریی کرد، خەڵک دەیەوێت بزانێت ئایا ئەمە بیرۆکەی تۆ بوو یان هەر خۆی دەستی بەمە کرد؟**

**شێری تاڵەبانی:** ئەمە بیرۆکەی ستافەکەی خۆی بوو. یەکێک لەو شتانەی قوباد تەرکیزی لەسەر کردووە ئەوەیە گوڕوتین بە گەنجانی کوردستان بدات، کاری خۆبەخشانە بەشێکی سەرەکییە لەمە، هەروەها هاووڵاتیبوون، واتە ئەوەی کە هەرکام لە ئێمە چیمان پێدەکرێت. جودا لەمە، دەبێت فۆکس بخرێتە سەر چ جۆرە بەهرەیەک بۆ ئەوەی ژینگەی فێربوون باشتر بکەین، بۆ ئەوەی ببن بە خاوەنی بیرکردنەوەی رەخنەگرانە، کوردستان پێویستی بە رەخنەگر هەیە، پێویستمان بە بیرکەرەوەی داهێنەر هەیە، ئەمە بەشێکە لە سەرمایەگوزاری لەسەر خەڵک. ئەمە کێشەیە کە هەر کات کەسێک لە زانکۆ دەرچوو دەیەوێت لە حکومەتدا کاری دەستبکەوێ، لە رۆژئاوا شتی وانییە. بۆچی گەنجێک دەبێت بیر لە خانەنشینی بکاتەوە. لێرە لە کوردستان کێشەیەکمان هەیە کە بریتییە لە سنووردارکردنی بەشداریی گەنجان لە کۆمەڵگادا، ئەمەش لە قوتابخانەوە دەستپێدەکات. قوباد تیمێکی هەیە کە بیر لەوە دەکەنەوە چۆن بتوانن هانی کاری خۆبەخشی و بەشداریی کارا بدەن.

کوردستانی
ڕووداو
ژمـاره ( 415 ) دووشـــەممە 2016/7/4



## کۆڵبەرێکی کورد پلەدارێکی پۆلیسی ئێران دەکوژێت

**ڕووداو – سلێمانی**

ڕۆژی 2015/6/29 پلەدارێکی پۆلیسـی ئێران لە گوندی گوێزلێی سـەر بە شـارۆچکەی سەردەشـت، تەقە لە دووبرای کۆڵبەر بە ناوەکانی (لەتیف و ڕەئوف ساڵح) دەکات و یەکێکیان دەکوژێت، پاشان برای کۆڵبەرە کوژراوەکە پلەدارەکەی پۆلیس دەکوژێت، دواتر ئەو کۆڵبەرەش لەلایەن هێزە ئەمنییەکان دەکوژرێ. دوای ڕووداوەکە سـوپای پاسـداران هێرشـی کردە سەر گوندی گوێزلێ و ئاگر لە چەند شـوێنێکی گوندەکە بەردا، پاشان دانیشتووانی گوندەکەیان دەرکردووە و تەنیا چەند ژن و پیاوێکی بەساڵاچوو لە نێو گوندەکە ماون.

# تورکەکان چۆن دەڕواننە شەڕی حدکا لەدژی ئێران؟

**ڕووداو– هەولێر**

شـارەزایان و چاودێرانـی سیاسـی کورد و تورک لە تورکیا، دەڵێن دەستپێکردنەوەی شەڕ لەنێوان حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و سوپای ئەو وڵاتە، بەرئەنجامی دەستێوەردانی دەسـەڵاتدارانی ئێرانـە لـە کاروبـاری وڵاتانی ناوچەکە. پێشـیانوایە ئەگەر ئێران لەناوخۆیدا خەریـک بکـرێ، توانـای دەسـتێوەردانی لە کاروباری وڵاتانی ناوچەکە سنووردار دەبێت.

دوای پشوویەکی درێژ کە زیاتر لە 20 ساڵی خایانـد، پێشـمەرگەکانی حیزبـی دیموکراتی کوردستانی ئێران (حدکا)، ڕۆژی 15ی مانگی ڕابـردوو، جارێکـی دیکە چەکەکانیـان لەدژی سـوپای کۆمـاری ئیسـلامی خسـتەوە کار. ئەمەش بەدوای خۆیـدا کۆمەڵێک کاردانەوەی کوردستانی و ناوچەیی هێنا و هەر لایەنێکیش خەریکە ئەو شـەڕە لـە ڕوانگەی جیهانبینی و بەرژەوەندییەکانی خۆیەوە بخوێنێتەوە. یەکێک لەوانەش تورکیایە کە سـنوورێکی هاوبەشـی 560 کیلۆمەتریی لەگەڵ ئێراندا هەیە.

چاودێرانی سیاسـیی تورکیـا خوێندنەوەی جیاوازیان هەیە بۆئەوەی کە ئایا ئەو شەڕە لە بەرژەوەندیی تورکیایە یان نا.

کێشـەی تێڕوانینـی چاودێـرە تورکـەکان لـەو خاڵـەدا چڕدەبێتـەوە کە سـەرجەمیان لەپشتی ئەم پەرەسـەندنە ئەمنییەوە دەستی دەرەکی دەبینن، لەکاتێکدا دەشـێ لەپشـتی ئـەم ڕووداوانەوە دەیـان فاکتەری نێوخۆییش هەبـن، کە گرنگترینیـان نائامادەیی ئێرانە بۆ هەر چەشـنە گفتوگۆ و چارەسەرێکی سیاسی لەوکاتـەی دۆزی کـورد لـە سـێ پارچەکەی دیکـەی کوردسـتان پێشـڤەچوونی بەرچاوی بەخـۆوە بینیـوە و حیزبەکانـی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتانیش سـاڵەهایە لـە ئۆردوگاکانـدا چاوەڕێی موعجیزەیەکن.

ئیلهامی ئیشق (باڵکچی)، چاودێری سیاسی لە تورکیا پێیوایە بڕیاری دەستپێکردنەوەی شەڕ لەلایەن حدکا لە دژی ئێران چاوەڕوانکراو بوو، چونکە وەک ئەو گوتی: "ئێران دەست دەخاتە نێو کاروبـاری وڵاتانی ناوچەکە. لە سـووریا، یەمەن و لوبنان ڕێکخراوی پەیوەسـت بەخۆی دروست دەکات و لە سایەیانەوە سیاسەتی ئەو وڵاتانە دەخاتە دەسـتی خۆی. بۆیە ئەو جۆرە کاردانەوانە بەرامبەر ئێران چاوەڕوانکراو بوو".

هەر لەوبارەوە نیهاد عەلی ئۆزجان، پسپۆڕی کاروبـاری ئەمنـی و گۆشەنووسـی ڕۆژنامەی میللییـەت رایەکـی نزیـک لە ئیشـقی هەیە و دەڵێت "ئەم شەڕە ئەنجامی بەهێزبوونی ئێران لـە هەرێمی کوردسـتان و سـووریا و تێکدانی سەقامگیریی سیاسییە".

ڕوحوڵـڵا حەزرەتپوور، نوێنـەری ورمێ لە پەرلەمانی ئێران شـەڕی حدکای بە "شەڕی بە وەکالەت" ناوبرد و گوتی "عەرەبستانی سعودی لەپشـت ئەو شەڕەیە". ڕوحوڵڵا سێ ڕۆژ دوای شەڕەکە بە ڕۆژنامەنووسانی وڵاتەکەی ڕاگەیاند "زانیاریـی وردمـان هەیە کە لـە چەند مانگی ڕابردوودا کاربەدەسـتانی عەرەبستانی سعودی هاتوچـۆی هەرێمی کوردسـتانیان کـردووە و ئامانجیش لەمە نائارامکردنی باکووری ڕۆژئاوای ئێرانە".

بەڵام ڕۆستەم جەهانگیری، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حدکا ئەو قسانەی ڕەتکردەوە و گوتی "خۆمـان پلانی کاروباری خۆمـان دادەڕێژین و هێزەکانیشمان لە ناوخۆ ڕێکدەخەینەوە نەک لە دەرەوە".

ئیلهامی ئیشـق بەبێ ئەوەی ناوی لایەنەکە بهێنێ، دەڵێت "لایەنێک بۆ ئەوەی لەناو ئێران کێشـە دروسـت بکات، ئەم هەنـگاوە دەنێ". هەروەهـا دەڵێـت "هەڵوێسـتی دوژمنکارانەی ئێـران بەرامبەر کورد هۆکاری سـەرەکییە بۆ دەستپێکردنەوەی شەڕ".

سـەبارەت بـە کاریگەریـی ئەو شـەڕەش لەسـەر ئێران، ئیشق دەڵێت "کاتێک لە ڕووی سیاسییەوە سـەیری مەسـەلەکە دەکەیـن، بوونی ئۆپۆزیسـیۆنێکی بەهێـز، هێزی ئێران کـەم دەکاتەوە. لەبەر ئەوەی ئێران لەناوخۆیدا ئاسـوودەیە، بۆیە پەل بـۆ دەرەوە دەهاوێت و دەست وەردەداتە کاروباری نێوخۆی سووریا و عێـراق. بەڵام کاتێک لە ناوخۆی ئێراندا شـەڕ هەبـێ، ناتوانێ ئەوە بکات و لاواز دەبێ. بۆیە ئەو شەڕە لە بەرژەوەندیی ئێران نییە".

بەڵام محەممەد یانمیش، پسـپۆڕی سیاسی و مامۆسـتای زانکـۆی دیجلـە پێیوایە پارتی دیموکراتی کوردستان و تورکیا لەپشت هاندانی حدکا دەوەستن. یانمیش دەڵێت "تورکیا لەگەڵ ئێرانـدا پەیوەندییەکانـی تێکچـووە. لەوانەیە تورکیا بەهۆی پشـتگیریی ئێران لە پەکەکە و شکسـتی سیاسەتەکەی لە سووریا بخوازێ بە ڕێگای پارتی کێشـە بۆ ئێران دروسـت بکات، ئەمـە بۆ پارتیـش گرنگە. چونکە لـە ڕۆژئاوا درەنـگ کـەوت و پەکەکـە زوو هەڵمەتی برد. ئێسـتا پارتی ناخوازێ دەرفەتـی ئەنجامدانی هەڵمەتێـک بۆ پەکەکە لە ئێـران بهێڵێتەوە". هەروەها دەڵێت "ئەگەر پارتی ڕێگا بدات ئێران بکەوێتـە ژێر هەژموونی پەکەکـە، کاریگەریی خۆی لەسەر کۆمەڵگای کوردی لەدەستدەدات. دیـارە پەکەکـە لە تورکیـا، لە سـووریا و لە تاراوگە بەهێزە. ئەگەر لە ئێرانیش ببێتە هێزی یەکەم، بۆ پارتی مەترسیدارە، لەوانەیە بۆ ئەم مەبەستە ویسـتبێتی زوو لە ئێران دەستبەکار بێ".

تورکیـا و ئێـران پەیوەندیـی بازرگانـی و ئابووریـی بەرفراوانیـان هەیە، سـێ دەروازەی سنووری بە یەکیانەوە دەبەستێتەوە، ئەوانیش دەروازەی ئەسـەندەرە لـە گەڤـەر، قاپی کۆی لـە وان، گوربـولاک لە ئاگـری. تورکیا 30%ی پێداویسـتیی ساڵانەی خۆی لە غازی سروشتی لـە ئێران لە ڕێـگای بۆڕی تەبرێـز – ئەنقەرە دابیـن دەکات. هەروەهـا بۆ گەیشـتنی نەوتی خـاوی ئێـران بـە بازاڕەکانی ئەوروپا، سـاڵی 2010 هەردوو وڵات واژۆیان لەسـەر ڕاکێشانی هێڵی بۆڕیی نابوکۆ کرد. لەگەڵ ئەوەش تورکیا و ئێران لە مەسـەلە سیاسـییەکاندا ناکۆکیی زۆر قووڵیان هەیە. بۆیە دوور نییە ئەو شـەڕە کاریگەری لەسەر پەیوەندیی هەردوولا هەبێ.

ئیلهامی ئیشق لەو بارەیەوە دەڵێت "تورکیا بە ئێران دەڵێ: بـە گوێرەی خۆتان ڕێکخراوی تیرۆریسـتی دروسـت دەکەن، ڕۆژێک دێت ئەو تیرۆرە گورزتان لێ دەوەشـێنێ. لە مەسەلەی پەیوەنـدی، بەهـۆی مەسـەلەی سـووریاوە پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ ئێراندا نییە. هەروەها پەیوەندیی ئێران لەگەڵ قەندیل کێشەی جددی دروست دەکات". دەشڵێت "ئەگەر شەڕی حدکا بەرفراوان بێ، ڕۆڵ و سیاسەتی ئێران دەگۆڕێت. بەڵام هێشـتا زووە بۆ شیکردنەوەی کاریگەریی ئەو شەڕە لەسەر پەیوەندیی تورکیا و ئێران".

نیهاد عەلی ئۆزجان، پێیوایە درێژەکێشـانی ئـەو شـەڕە لـە بەرژەوەندیـی تورکیـادا نییە "چونکە تورکیا خۆشـحاڵ نییە بە هەڵکشانی کێشە ئەمنییەکان لە ناوچەکەدا، بەڵام دەتوانین وەکـو پەیامێک بۆ ئێـران بیخوێنینەوە تاوەکو خـۆی بەدوور بگرێت لە عێراق و سـووریا". بە مەحاڵیشـی دەزانێ تورکیا و ئێران ڕووبەڕووی یەکـدی ببنەوە "پەیوەندیی تورکیا – ئێران لە چوارچێوەیەکی بەرفراواندایە. لەلایەک لەڕووی ئابـووری، بازرگانـی و وزە هەماهەنگی هەیە. لەلایەکـەی دیکـە بەهۆی سیاسـەتی ئێران لە بەرامبـەر باکـووری عێراق و کەنداو پەشـێوی هەیـە. لـەم چوارچێوەیـەدا تورکیـا و ئێران ڕاسـتەوخۆ ڕووبەڕووی یەکـدی نابنەوە، بەڵام ڕکابەریی بەردەوام دەبێت".

محەممـەد یانمیـش بـەدووری نازانێ ئێران وەڵامـی تورکیـا بداتـەوە "تورکیـا ماوەیەکی درێژە لە سیاسـەتی ناوخۆ و دەرەوەیدا ژێرانە ناجوڵێتـەوە. مـن پێموایـە لەو بارەیـەوە بە عەقڵێکی سادەی دێهاتیانە سیاسەت دەکەن، پێشبینیش دەکەم ئێران وەڵامی ئەو هەڵمەتەی تورکیا بداتەوە".

یانمیـش پێیوایـە تورکیا بە شـەڕی حدکا خۆشـحاڵە "ئەو مەسـەلەیە پەیوەندیی ئێران و تورکیا لەبـن ناهێنێ. حکومەتی تورکیا ئەو دەرفەتەی نەماوە شەڕ لەگەڵ کەس بکات. ئەمە دەبێتە شـێتی، بەڵام لە ژێرەوە دەخوازێ ئەو شـەڕە بەردەوام بێ. شەڕی بە وەکالەت درێژە بکێشێ".



## کورد بە پیلانی دەزانن

# تورکیا ماردین بچووک دەکاتەوە و میدیاد دەکاتە پارێزگا

**ڕووداو– هەولێر**

کورد، عەرەب و سـریانەکانی شـارۆچکەی میدیـات، بەباشـی دەزانن شـارۆچکەکە ببێتە پارێزگا و لە ئێسـتاوە حیسـاب بـۆ بردنەوەی سـەرۆکایەتی شـارەوانییەکەی دەکـەن. سیاسـەتمەدارێکی کورد دەڵێ "ئەگەر دەوڵەت حیسـابی خۆی هەیە، کوردیش حسـابی وردی هەیە". ڕۆژنامەنووسێکی عەرەبیش دەڵێ "ئەگەر میدیاد ببێتە پارێـزگا، عەرەبەکان لە ڕۆژئاوای تورکیا دەگەڕێنەوە".

میدیـاد شـارۆچکەیەکی سـەر بـە شـاری ماردینـە لە باکـووری کوردسـتان. بەگوێرەی دەزگای ئامـاری تورکیا سـاڵی ڕابردوو ژمارەی دانیشـتووانەکەی نزیکـەی 106 هـەزار کەس بـووە. ناوەندێکـی فـرە ئەتنیکـی و ئاینییە. لـەڕووی ئەتنیکـەوە کورد، عەرەب و سـریانی تێدایە، لەڕووی ئاینییشەوە، ئێزیدی، موسڵمان و مەسیحی تێدا دەژین. سنووری ئیداریی میدیاد لە شەش شارۆچکە و 50 گوند پێکدێت.

### بیرۆکەی بە پارێزگاکردنی میدیاد

ماوەیەکە میدیاکانی تورکیا باسـی بیرۆکەی بـە پارێزگاکردنـی ئـەو شـارۆچکەیە دەکەن. بەگوێرەی هەواڵێکی ماڵپەڕی ئەلجەزیرە تورک، لە ڕۆژی 27ی حوزەیرانی ڕابردووەوە حکومەتی تورکیا لە بەپارێزگاکردنی شـارۆچکەی میدیاد دەکۆڵێتـەوە. ماڵپەڕەکە دەڵێت "بۆ ڕێگەگرتن لـە ناردنـی داهاتـی شـارەوانییەکانی هەدەپە بـۆ پەکەکـە، حکومـەت و پەرلەمان یاسـای شارەوانییەکان هەموار دەکەنەوە".

بەپارێزگاکردنـی شـارۆچکەی میدیـاد، پێگەی شـارەوانیی گـەورەی ماردیـن بچووک دەبێتەوە، چونکە بە گوێرەی یاسای شارەوانیی تورکیا، نابێت شـارەوانییە گـەورەکان ژمارەی دانیشـتووانیان لە 750 هەزار کەس کەمتر بێ. بەگوێـرەی دەزگای ئامـاری تورکیـا، ژمارەی دانیشـتووانی ماردیـن ئێسـتا 796 هـەزار و 500 کەسـە. ئەگـەر میدیاد ببێتـە پارێزگا و لێی جیاببێتەوە، ئەوکات ژمارەی دانیشتووانی ماردین دەبێتە 690 هەزار کەس.

بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی دەسـت (ڕووداو) کەوتـوون، ئاکپارتـی، ئۆرهـان میرئۆغڵـو پەرلەمانتاری ماردینی ڕاسـپاردووە، بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوە لەو مەسەلەیە بکات. ڕۆژنامەنووسێک کە ئاگاداری ئەو مەسەلەیە، بەو مەرجەی ناوی بڵاونەکرێتـەوە بـە (ڕووداو)ی گوت "ئاکپارتی بەچەند شێوەیەک لەو مەسەلەیە دەکۆڵێتەوە، تا دڵنیا نەبێ لەوەی بەپارێزگاکردنی میدیاد لە بەرژەوەندیی ئەوە، بڕیار نادات".

سەلاحەدین ئەرۆڵ، ڕۆژنامەنووسێکی عەرەبە لە میدیاد دەڵێت "چەند ڕۆژێک لەمەوبەر بەڕێز میرئۆغڵو هاتە میدیاد و بەڵێنی پێدان داواکاریی بە پارێزگاکردنی میدیاد بگەیەنێتە سەرکۆمار و سەرۆکوەزیران".

کورد، عەرەب و سریانەکانی میدیاد بەباشی دەزانن شارۆچکەکەیان ببێتە پارێزگا. پێیانوایە شـارۆچکەکە هەمـوو تایبەتمەندییەکـی بـە پارێزگاکردنی تێدایە.

سەلاحەدین ئەرۆڵ دەڵێت "بە پارێزگاکردنی میدیاد خەونێکی لەمێژینەی ئێمەیە، لە سەردەمی حکومەتی عەدنان مەندرێس تا دەمیراڵ بەڵێنی بەپارێزگاکردنیـان پێدواین. پێموایە حکومەتی ئاکپارتی زۆر بەهێزە و دەتوانێ ئەو کارە بکات". هەروەهـا دەڵێت "پرۆسـەی بـە پارێزگاکردن، دەبێتە هۆی گەڕانەوەی سـەدان سەرمایەداری عەرەب لە ڕۆژئاوای تورکیاوە، بە سەرمایەکەیان دەتوانن ئابووریی ناوچەکە ببووژێننەوە".

هەرچەنـدە هەدەپـە و دەبەپە مەسـەلەی بەپارێزگاکردنـی میدیاد بە "سیاسـی" دەزانن، بەڵام کوردی میدیاد پشـتگیریی لەو هەنگاوەی حکومەت دەکەن.

ئەحمەد ئاجەر، سیاسەتمەدار و سەرمایەداری کـوردی میدیاد بـە (ڕووداو)ی گـوت "جیا لە مەسـەلەی نەتەوەیی، وەکـو میدیادییەک پێم باشـە زێدەکەم ببێتە پارێـزگا، چونکە هەموو تایبەتمەندییەکـی بـە پارێزگابوونـی تێدایـە. لەڕووی ئابـووری و کۆمەڵایەتییەوە میدیاد بەو هەنـگاوە دەبووژێتـەوە". هەروەهـا دەڵێت "لە مەسـەلەی خزمەتگوزاریدا، شارەوانیی گەورەی ماردیـن خزمەتگوزاری پێشـکەش بـە میدیاد ناکات، لـەم ڕووەوە زۆر فەرامۆشـکراوە. بۆیە کردنـی بـە پارێـزگا دەتوانێ لـەم ڕووەوە زۆر خزمەت بکات".

سـەردەمانی زوو میدیـاد زێدی سـریانەکان بووە، بەڵام ئەمڕۆ سـریانەکان لەڕووی ژمارەوە بوونەتە ئەتنیکی سێیەم. لەگەڵ ئەوەش ئەوان خۆشحاڵن بە دەنگۆی بەپارێزگاکردن.

گەبـڕۆ تۆکسـۆز، سـریانێکی میدیـادە، چالاکڤانی سیاسییە و لە ساڵی 2007 کاندیدی (جەهەپـە) بوو بۆ پەرلەمانـی تورکیا. ئەو بە (ڕووداو)ی گـوت "پێموانییـە کـەس لـەدژی بەپارێزگاکـردن بـێ، هەڵبەتـە پشـتگیریی لێدەکەین. لە نەوەتەکانەوە چاوەڕێین".

### حیسابی سیاسی ڕێگرە

پەرەسەندنی هۆشیاری ئەتنیکی و ئاینی لە تورکیا لەم ساڵانەی دواییدا لەوانەیە گەورەترین ئاسـتەنگ بێ بـۆ بەپارێزگاکردنـی میدیاد کە ژمـارەی کـورد و عـەرەب تێیـدا زۆر لەیـەک نزیکـە. پێدەچێت ئەو مەسـەلەیە بۆ ناوەندی بڕیار سەرئێشەیەکی زۆر دروست بکات. ئەگەر حکومەتی ئاکپارتی بخوازن، شارەوانیی گەورەی ماردیـن بچـووک بکەنـەوە، ئـەوە دوور نییـە بەهۆی بەپارێزگابوونی میدیاد، شارەوانیی ئەو شارۆچکەیە لەدەست بدەن کە سێ خولە لەسەر یەکدی لەدەسـتیاندایە. هەرچەنـدە لە تورکیا ئامـاژە بە ئەتنیکی هاووڵاتیان ناکرێت لەسـەر ناسنامەی باری شارسـتانی، بەڵام بە گوێرەی پێشـبینییەکان ژمـارەی کورد لەنێـو ناوەندی میدیاد بە ڕێژەیەکی زۆر کەم لە عەرەب زیاترە.

ئەحمـەد ئاجـەر دەڵێـت "ئەگـەر دەوڵەت بەم بڕیارە بخوازێ حیسـابی کـورد لە ماردین خـراپ بکات، ئەوا بـە بەپارێزگاربوونی میدیاد کورد دەتوانێ شـارەوانی ئەو شـارە لەدەسـت ئاکپارتی دەربێنـێ، چونکە ئەو کاتە دێهاتییە عەرەبەکان دەنگیان بۆ ئەو شارەدێیانە دەبێ کە دەبنە شارۆچکە. پێشبینی دەکەم دەنگی کورد لەناوەنـدی میدیـاد 1%– 1.5% لە عەرەبەکان زیاتر بێ".

ئێسـتا شـارەوانیی میدیـاد بـە دەسـت ئاکپارتییەوەیە. شێخموس ناسرئۆغڵو سەرۆکی شـارەوانیی میدیادە، ناسـرئۆغلۆ بـەر لەوەی لە سـاڵی 2011 بێتە نێو ئاکپارتی، سـێ جار لەسـەر لیسـتی پارتی دیموکرات سەرۆکی ئەو شـارەوانییە بـووە. ڕۆژی 21ی مانگی ڕابردوو، سەرکۆماری تورکیا ڕەجەب تەیب ئەردۆغان لە کۆشکی باشتەپە پێشوازی لە ناسرئۆغڵو کرد. ئەمەش خوێندنەوەی جیاجیای بۆ کرا.

سـەلاحەدین ئـەرۆڵ دەڵێـت "ناسـرئۆغڵو کەسـێکی متمانە پێکراوە، ئاکپارتی پشـت بە زانیاری و پێشبینیەکانی دەبەستێت. بێگومان لە مەسەلەی بە پارێزگابوونیش ڕۆڵێکی گرنگی دەبێت".



## بەڵێننامە بە پۆلیسەکانی کەرکووک پڕدەکاتەوە

# بەغدا، کەرکووک لە ئەفسەری کورد چۆڵ دەکات


Republic of Iraq
Ministry of Interior
Ministry agency for police affairs
إلى / مديرية شرطة محافظة كركوك
م / امر اداري
تعهد
الاسم والتوقيع :
الدائــرة :

سیروان عەباس
ڕووداو- هەولێر

وەزارەتی ناوخۆی عێراق، زۆربەی ئەفسەرانی کورد لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس کەرکووک دەگوازێتەوە بۆ بەغدا، لەوێش بەنێوی سەرپێچییەوە دادگاییان دەکات و بەو هۆیەشەوە بەشێکیان ناچار دەکات داوای خانەنشینکردن بکەن.

بەپێی چەند زانیاری و بەڵگەنامەیەک کە دەست (تۆڕی میدیایی ڕووداو) کەوتوون، وەزارەتی ناوخۆی عێراق دوای ئەوەی ئەفسەرانی کورد بۆ بەغدا دەگوازێتەوە، لەوێ لیژنەی لێکۆڵینەوەیان لەسەر پێکدەهێنێ و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکات، دواتر یان سزا دەدرێن، یان خانەنشین دەکرێن. لە بەرامبەردا مانگانە بە دەیان ئەفسەری عەرەب و تورکمان دەگوازرێنەوە بۆ سەر بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای کەرکووک.

سەرچاوەیەک لە پۆلیسی کەرکووک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لە ماوەی ڕابردوودا تەنیا لە بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگریی کەرکووک شەش ئەفسەری پلە بەرز وەک عەقید و ڕائید کە هەموویان کوردن، بە فەرمانێک گواستراونەتەوە بۆ بەغدا. هەروەها لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی کەرکووک، دوو ئەفسەر بە پلەی عەمید گواستراونەتەوە و خانەنشین کراون".

ئەو سەرچاوەیە ئاماژەی بەوەش کرد، دوای گواستنەوەی ئەفسەرە کوردەکان بۆ بەغدا و خانەنشینکردنیان، بەغدا تەواوی خزمەتەکەیان بۆ ئەژمار ناکات، بەڵکو لە ڕۆژی فەرمانی جێگیرکردنی پلەکانیانەوە خزمەتیان بۆ ئەژمار دەکات کە ئەو فەرمانەش لە ساڵی 2010 دەرچووە.

بەپێی یەکێک لەو بەڵگەنامانەی دەست (ڕووداو) کەوتووە کە بە ژمارە 81416 لە ڕۆژی 2016/6/26 لە وەزارەتی ناوخۆی عێراقەوە دەرچووە و بۆ بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی کەرکووک نێردراوە، وەزیری ناوخۆ داواکاریی هەڵوەشاندنەوەی فەرمانی گواستنەوەی دوو عەمیدی پۆلیسی کەرکووکی ڕەتکردووەتەوە کە کوردن، بە بیانووی ئەوەی لیژنەی لێکۆڵینەوەیان لەسەر پێکهێنراوە و ڕەوانەی دادگایان دەکەن.

بەپێی بەڵگەنامەیەکی دیکە کە لە ڕۆژی 2015/10/12 دەرچووە، وەزارەتی ناوخۆی عێراق بە فەرمانێک فەرماندەی پۆلیسی کەرکووک لیوا جەمال تاهیر و حەوت ئەفسەری باڵای دیکەی کەرکووکی لە پۆستەکانیان دوورخستەوە، لە بەیاننامەیەکدا وەزارەتی ناوخۆ هۆی دوورخستنەوەی لیوا جەمال تاهیری بۆ "سەربەخۆنەبوون و وەرگرتنی فەرمان لە حیزبەوە" گەڕاندەوە.

دوای دوورخستنەوەی لیوا جەمال تاهیر و گواستنەوەی بۆ بەغدا، عەمید خەتاب عومەر کە پێشتر بەڕێوەبەری پۆلیسی فریاکەوتنی کەرکووک بوو، وەک فەرماندەی پۆلیسی کەرکووک دەستبەکاربوو.

لە مانگی ئایاری ئەمساڵدا وەزارەتی ناوخۆی عێراق بە نووسراوێک داوای لە پۆلیسەکانی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای کەرکووک کردووە کە بەڵێننامە پڕبکەنەوە و بەڵێن بدەن پەیوەندییان بەهیچ حیزبێکی سیاسییەوە نییە و لەهیچ خۆپیشاندان و کۆبوونەوەیەکی سیاسی بەشداری ناکەن، نابنە بەشێک لە دەستاودەستکردنی دەسەڵات لە وڵاتدا.

دوای چەند ڕۆژێک لەو نووسراوە، بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی کەرکووک بە نووسراوی ژمارە 10461 لە ڕۆژی 2016/6/5 کە ئیمزای فەرماندەی پۆلیسی کەرکووک عەمید خەتاب عومەری لەسەرە، وەڵامی داواکارییەکەی وەزارەتی ناوخۆی داوەتەوە بە هاوپێچ بەڵێننامەی پۆلیس و ئەفسەرەکانی بۆ ناردوون.

ئەم داواکارییەی وەزارەتی ناوخۆی عێراق بەپشتبەستن بە ماددە نۆی دەستووری عێراق بووە کە لە بڕگەی یەکەمدا دەڵێت "نابێت هێزەکانی ئاسایش دەست وەربدەنە کاروباری سیاسی و هیچ ڕۆڵێکیان هەبێت لە دەستاودەستکردنی دەسەڵات لە وڵاتدا".

هەروەها ماددەی سێ لە یاسای سزادانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی عێراق، سزای لەسێدارەدانی بۆ هەر ئەندامێکی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ داناوە کە ترس و دڵەڕاوکێ لەناو هێزەکاندا بڵاودەکەنەوە لە کاتی ناسەقامگیری و باری نائاساییدا. هەروەها ماددەی 29 لە هەمان یاسا سزای زیندانیکردنی بۆ هەر ئەندامێکی ئاسایشی ناوخۆ داناوە کە سەر بە حیزبێک و گرووپێکی سیاسی بێت، یان بەشداری خۆپیشاندانی سیاسی بکات، یان لە میدیادا بەشێوەیەکی سیاسی و حیزبی قسە بکات. یاخود کەسانی دیکە بۆ ئەو کارانە هان بدات.

شاخەوان عەبدوڵڵا، ئەندامی لیژنەی ئاسایش و بەرگری لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، لە بارەی گواستنەوەی ئەفسەرانی کورد لە کەرکووکەوە بۆ بەغدا بە (ڕووداو)ی گوت "بەغدا بۆیە ئەفسەرانی کورد لە کەرکووکەوە دەگوازێتەوە بۆ بەغدا، بۆ ئەوەی ناچاریان بکات دەست لەکار بکێشنەوە".

شاخەوان عەبدوڵڵا دەڵێت ئەوان ئاگاداری هەوڵەکانی بەغدان کە دەیەوێ کەرکووک لە ئەفسەری کورد چۆڵ بکات، بۆ ئەم مەبەستەش چەند جارێک لە ڕێگەی لیژنەکانی پەرلەمانەوە، وەزارەتی ناوخۆیان لەو جۆرە ڕێکارانە ئاگادار کردووەتەوە، ئەوانیش بەڵێنیان پێداون کە هاوسەنگی لە کەرکووک ڕابگرن، بەڵام وەک خۆی دەڵێت "بەڵێنەکانیان نەبردە سەر".

بە گوتەی شاخەوان عەبدوڵڵا، وەزارەتی ناوخۆی عێراق نەک بە تەنیا لە کەرکووک، بەڵکو لە شوێنی دیکەش مافی کوردی خواردووە، نموونەی بە کۆلێژی پۆلیس هێنایەوە و گوتی "ساڵی ڕابردوو تەنیا دوو کورد لە کۆلێژی پۆلیسی عێراق وەرگیراون، دواتر ئەوانیش گواستراونەتەوە".

سەرچاوەکەی (ڕووداو) لە پۆلیسی کەرکووک، دەڵێت بەشێک لەو گواستنەوانە لەلایەن محەممەد بەیاتی دەکرێت کە بەرپرسی کەرتی باکووری حیزبی دەعوەیە، هەروەها سەرپەرشتی دوو لیوای حەشدی شەعبی دەکات لە باشووری کەرکووک.

ئەو سەرچاوەیە دەڵێت "محەممەد بەیاتی ڕۆڵی وەزیری ناوخۆ دەبینێت لە کەرکووک و چاودێریی ئەفسەرە کوردەکان دەکات و زانیاری لەبارەیانەوە دەداتە وەزارەتی ناوخۆ".

ئازاد جەباری، سەرۆکی لیژنەی ئاسایش و بەرگری لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک، کەمبوونەوەی ئەفسەرانی کورد لە سنووری پارێزگای کەرکووک تەنیا ناخاتە ئەستۆی بەغدا و دەڵێت "ئەگەر پۆلیس کەم بێت لە کەرکووک، هەرێمی کوردستانیش بەرپرسە، بۆچی پۆلیس دانامەزرێنێ".

ئازاد جەباری هەروەها گوتی "ئەو قوتابیانەی لە کەرکووکەوە چوونە کۆلێژی پۆلیس، دوای دەرچوونیان لە سنووری نەینەوا و ئەنبار دامەزرێنراون و ڕێگەیان پێنادرێت بگەڕێنەوە کەرکووک".

بەبڕوای ئازاد جەباری، بەهۆی هاتنی ئەو ژمارە زۆرەی ئاوارە، کەرکووک پێویستی بە پۆلیسی زیاترە، بەڵام بەپێچەوانەوە کەمتربوونەتەوە، هەر نەبوونی پاسەوانیش بووە هۆی ئەوەی داعش چەند جارێک دەستی بگاتە بۆڕییە نەوتەکانی کەرکووک و بیانتەقێنێتەوە.

# 22 ملیار دینار بۆ پرۆژەیەک وەردەگرێت و تەواویشی ناکات

پشتیوان جەمال
ڕووداو- سلێمانی


لیژنەکانی دەستپاکی و لیژنەی بەرگری و ئاسایش لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق سەرقاڵی لێکۆڵینەوەن لە وەرگرتنی 22 ملیار دینار لەلایەن کۆمپانیایەک کە لە شوفێرانی وەرگرتووە بەمەبەستی دروستکردنی کارتی فسفۆڕ و دانانی کامێرای چاودێری لە شاری بەغدا، بەڵام تاوەکو ئێستا پرۆژەکەی تەواو نەکردووە.

کۆمپانیای سەقەر، دوو ساڵ لەمەوبەر تەندەری ئەو پرۆژەیەی لە وەزارەتی ناوخۆی عێراق وەرگرتووە. هەر ئۆتۆمبێلێک هاتوچۆی بەغدای کردبێ، بڕی 15 هەزار دیناری لێ وەرگرتووە، بە پاساوی ئەوەی کارتێکی فسفۆری بۆ دروست دەکات، بۆ ئەوەی لەنێو بەغدا تووشی کێشە نەبێت و هەروەها بەهۆی ئەو فسفۆڕەوە ڕێگە بە ئۆتۆمبێلی نامۆ و گومانلێکراو نەدرێت بچنە نێو بەغدا، بەڵام شوفێرێکی زۆر سەرەڕای ئەوەی پارەکەیان لێوەرگیراوە، کارتەکەیان وەرنەگرتووە.

شوفێران پشتڕاستی دەکەنەوە کە لەلایەن ئەو کۆمپانیایەوە پارەیان لێوەرگیراوە بۆ کارتی فسفۆڕ، بەڵام هەندێکیان کارتەکەیان وەرنەگرتووە.

شۆفێرێکی هێڵی سلێمانی- بەغدا کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە (ڕووداو)ی گوت "لە مانگی شوباتی 2014 لەنێو گەراجی نەهزە لە شاری بەغدا، پسووڵەی ئەو کارتەم بۆ کراوە، بەڵام تاوەکو ئێستا کارتەکەم وەرنەگرتووە".

ئەو شوفێرە دەڵێت چەندین شوفێری دیکە دەناسێ کە ئەو کارتەیان وەرنەگرتووە، بەڵام دەڵێت "کێشەکە لەوەدایە دەڵێن ئەگەر کارتەکە وەربگریتەوە دەبێ 20 هەزار دیناری دیکەش بدەی".



ئەو شۆفێرە گوتیشی "ئەگەر پارە نەدەیت بیانووت پێدەگرن و ئەگەریش ڕووداوێکی ئەمنی ڕوویدات دوور نییە تووشی گێچەڵت بکەن، لەبەرئەوەی ئەو کارتەت دروست نەکردووە یاخود پسووڵەت نەبڕیوە".

سەبارەت بە دانانی کامێرای چاودێریش لەنێو شاری بەغدا، ئەو شوفێرە کوردە گوتی "تاوەکو ئێستا هیچ کامێرایەکمان لە نێو شاری بەغدا نەبینیوە".

بەپێی زانیارییەکان ئەو کۆمپانیایە تاوەکو ئێستا 22 ملیار دیناری لە شۆفێران وەرگرتووە، جارێک 16 ملیار دینار و جارێکیش شەش ملیار دینار، بەڵام جگە لەوەی هیچ کامێرایەکی لە شەقامەکانی بەغدا دانەناوە، کارتە فسفۆڕییەکەشی بە زۆربەی شوفێران نەداوە.

عادل نووری، گوتەبێژی لیژنەی دەستپاکی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بەپێی ئەو گرێبەستەی کۆمپانیاکە لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆدا کردوویەتی، دەبووایە ساڵی ڕابردوو پرۆژەکە تەواو بکرێ، بەڵام سەرەڕای دواکەوتنی، سەرپێچیی زۆریشی تێدا کراوە".

عادل نووری باسی سەرپێچییەکانی کۆمپانیاکەی کرد و گوتی "ئەو کۆمپانیایە دووجار پارەی لە هەندێک شوفێر وەرگرتووە، پرۆژەکەی تەواو نەکردووە، تەندەرەکەی بە شێوەی ڕاستەوخۆ وەرگرتووە، دەبووایە قسە لەگەڵ سێ کۆمپانیا بکرێ، کۆمپانیاکە پسپۆڕێتی لەو کارەشدا نییە".

گوتەبێژی لیژنەی دەستپاکی لە پەرلەمانی عێراق کە بەدواداچوونی بۆ پرۆژەکە کردووە، دەڵێت "دوای بەدواداچوونمان، دەرکەوت، کۆمپانیاکە پرۆژەکەی ڕاگرتووە، بەبێ ئەوەی کامێرای چاودێری لە شەقامەکانی بەغدا دابنێ، هەروەها کارتە فسفۆرییەکەشی نەداوەتە زۆربەی شوفێران. لە کاتێکدا پارەی لە شوفێران وەرگرتووە".

عادل نووری ئاماژەی بەوەدا کۆمپانیاکە لە کاتی دروستکردنی ئەو کارتە بۆ شۆفێران داوای هەندێک زانیاری ئەمنی لێکردوون کە نازانرێ ئەو زانیارییەی بۆ چ شوێنێک ویستووە، چونکە پێویست بووە ئەو زانیاریانە لەلایەن دەزگایەکی ئەمنییەوە داوا بکرێن "بۆیە کۆمپانیاکە لە ڕووی یاسایی و دارایی و ئەمنی سەرپێچی کردووە".

لیژنەی دەستپاکی بۆ بەدواداچوون قسەیان لەگەڵ بەرپرسانی وەزارەتی ناوخۆ کردووە و ئەوانیش پێیانگوتوون لێپێچینەوە دەکەن. عادل نووری گوتی "قسەمان لەگەڵ کۆمپانیاکەش کردووە و دەڵێن گرێبەستمان هەیە بۆیە پارەمان وەرگرتووە".

عادل نووری گوتی "بەرپرسانی وەزارەتی ناوخۆش لەو دۆسیەدا تۆمەتبارن، چونکە ئەو پرۆژەیە بەهەماهەنگی لەگەڵ بەرپرسانی ئێستا و پێشووی ناوخۆ کراوە و وەکو باندن، دەبووایە لەو بڕەی وەریانگرتووە پارەشیان بە حکومەت بدایە".


لیژنەی ئاسایش و بەرگری لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ئاگاداری ئەو دۆسیەن و بەنیازن دوای جەژنی ڕەمەزان وەزیری ناوخۆ و بەرپرسانی کۆمپانیاکەش بۆ لێکۆڵینەوە بانگهێشت بکەن. شاخەوان عەبدوڵڵا ئەندامی لیژنەی ئاسایش و بەرگری لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بە (ڕووداو)ی گوت "سەرۆکی لیژنەکەمان هۆشداری داوەتە خەڵک کە پارە نەدەنە کۆمپانیاکە، بەڵام دوای بەدواداچوونمان بەرپرسانی ناوخۆ دەیانگوت بابەتەکە ئەمنییە و نابێت پەکی بکەوێت".

گوتیشی "پێموایە کاری ئەو کۆمپانیایە زیاتر بۆ گیرفانە، چونکە ئەوەندەی ئاگادارین جارێک شەش ملیار دیناری وەرگرتووە، بەڵام ئەو پارەیە لە ڕەسیدی وەزارەتی ناوخۆ و کۆمپانیاشدا نییە".

ئەو پەلەمانتارە ڕەخنەی لە پرۆژەکەش گرت و گوتی "هەرچەندە پرۆژەکە بۆ زانینی لایەنی ئەمنی ئەو ئۆتۆمبێلە نەناسراوانە بووە کە دێنە نێو بەغدا بەو مانایەی هەر ئۆتۆمبێلێک ئەو کارتەی پێ نەبووبێت واتە نامۆ بووە و لێپرسینەوەیان لەگەڵ کردووە، بەڵام تەقینەوەکانیش وەکو خۆیان بەردەوامن".

بەپێی زانیارییەکانی شاخەوان عەبدوڵڵا بڕیار بووە بەو پارەیەی لە شۆفێران وەرگیراوە نزیکەی 900 کامێرای چاودێری بۆ نێو شاری بەغدا بکڕدرێن، بەڵام شاخەوان دەڵێت "پێویستە حکومەت ئەو کامێرایانە بکڕێت، نەک کۆمپانیایەک لەسەر حیسابی هاووڵاتیان".

ڕووداو
ئابووری
ژمارە ( 415 ) دووشەممە 2016/7/4



## مەرزی باشماخ لە جەژندا داناخرێت

**ڕووداو- سلێمانی**

دەروازەی نێودەوڵەتی باشماخ کە هاوسنوورە لەگەڵ شارۆچکەی پێنجوێن لە ڕۆژانی جەژنی ڕەمەزانیشدا هاتوچۆی بازرگانی و گەشتیاری تێدا ناوەستێت، ئەزوەر مەحموود بەڕێوەبەری دەروازەی نێودەوڵەتی باشماخ بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لەگەڵ بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی ئێران قسەمان کردووە و هاتوچۆی بازرگانی و گەشتیاری لە ڕۆژانی جەژنی ڕەمەزانی پیرۆزدا ناوەستێت". گوتیشی "ساڵانی ڕابردووش هاتوچۆ هەبوو، مەگەر لە حاڵەتێکدا بە هەماهەنگی لەگەڵ بەرپرسانی ئێران ڕۆژێک پێش جەژن یاخود ڕۆژێکی جەژن ڕاگیرابێت"، بۆ دەروازە نێودەوڵەتییەکانی دیکەی هەرێمی کوردستانیش لەگەڵ ئێران لە ڕۆژانی جەژندا، ئەزوەر گوتی "تەنیا ئاگاداری مەرزی خۆمانم".

### بەهۆی گۆڕانکاری لەشێوازی چاندن

# بەرهەمی پیاز بۆ سێ هێندە زیاد دەبێت

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

ساڵانێکی زۆر تەنیا پەتاتەی دەچاند، بەڵام ڤیدیۆیەکی یوتیوب نادری هان دا بۆ ئەوەی لە جیاتی پەتاتە، پیاز بچێنێ. ئێستا کە لە وەزارەتی کشتوکاڵ باسی پیاز بکرێ، کێڵگەکەی نادر عیزەت بە نموونە دەهێنرێتەوە.

نادر عیزەت ڕەمەزان، جووتیارێکی خەڵکی دهۆکە، ساڵانە دەیان دۆنم لە زەوییەکەی بە پیاز دەچێنێ. ئەمساڵیش 100 دۆنمی کردووە بە پیاز و پێشبینی دەکات 600 تۆن بەرهەمی هەبێ. ئەو دەڵێت "بەرهەمی چاندنی پیاز بە تۆو و ئاودانی بەسیستەمی پرژاندنی هاوچەرخ، هەرگیز بەراورد ناکرێت بە بەرهەمی چاندنی بەشێوەی کلاسیک".

ئەو ئەزموونەی نادر چیرۆکەکەی دەگەڕێتەوە بۆ 6 ساڵ لەمەوبەر کاتێک بەڕێکەوت گرتەیەکی ڤیدیۆیی لەسەر چاندنی پیاز لە یوتیوب دەبینێ. نادر عیزەت دەڵێت "ڤیدیۆکە زۆر سەرنجی ڕاکێشام، بڕیارم دا بەهەمان شێواز وەک تاقیکردنەوە 10 دۆنم پیاز بەشێوەی تۆو بچێنم".

نادر لەچاندنی 10 دۆنم پیازەکە سەرکەوتوو دەبێت و ساڵ بە ساڵ ڕووبەری چاندنی پیاز بەم شێوازە زیاد دەکات و تۆوی جیاواز تاقیدەکاتەوە. ساڵی ڕابردوو لە چاندنی 50 دۆنم پیاز، 750 تۆن بەرهەمی دەستکەوت. نادر دەڵێت "لەگەڵ پەیڕەوکردنی ئەم شێوازە، ساڵ بەساڵ تۆوی جیاوازم لەکاتی جیاواز تاقیکردەوە و لەم ڕێیەشەوە توانیم لەدوو وەرزی جیاوازدا پیاز بچێنم و بڕی بەرهەمی دۆنمێکیش لە 6 تۆنەوە بۆ 16 تۆن زیاد بکەم و تێچووی بەرهەمهێنانیش بۆ نیوە کەم بکەمەوە".

پیاز بەهۆی ئەو بەها خۆراکی و سوودە تەندروستییەی هەیەتی، لە ڕووی بەکارهێنانەوە لەسەر ئاستی جیهاندا لەدوای تەماتە، پەتاتە و خەیار، ڕیزبەندی چوارەمی گرتووە.

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، لەماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا خواست لەسەر بەکاربردنی پیاز بەردەوام ڕوو لەزیادبوونە. بەجۆرێک لە 82 هەزار 277 تۆنەوە بۆ 121 هەزار و 930 تۆن زیاد بووە. لەو بڕەش تەنیا 40%ی بەرهەمی ناوخۆیە.

ساڵانی ڕابردوو هاوکاری وەزارەتی کشتوکاڵ بۆ جووتیاران لە بەرهەمهێنانی پیاز بریتی بوو لە قەدەغەکردنی هێنانی پیاز لە دەرەوە و باج خستنە سەر پیازی هاوردەکراو لەکاتی پێگەیشتنی بەرهەم. بەڵام بۆ گەشەپێدانی ئەو بەرهەمە و چاندنی بەشێوەیەکی هاوچەرخ، لەساڵی 2014 دا وەزارەتی کشتوکاڵ چەندین پڕۆژەی نموونەیی بۆ 89 جووتیار جێبەجێ کرد، تۆو و پەیین و ئامێری ئاودان و دەرمانی قڕکەری بەپاڵپشتی 75% بۆ دابین کردن.

پیازبۆگەشەکردنی پێویستی بەکەشوهەوایەکی نیمچە سارد و خاکێکی قوڕینی سووک و تێکەڵی لماوی هەیە. پسپۆڕانی کشتوکاڵیش دەڵێن ئەم جۆرە خاک و کەشوهەوایە لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان هەیە، ئەگەر وەزارەتی کشتوکاڵ پلانێکی تۆکمەی بۆ گەشەپێدان و هاندانی جووتیاران بۆ چاندنی پیاز هەبێ، کوردستان پێویستی بە پیازی هاوردە نامێنێ.

حوسێن حەمەکەریم، بەڕێوەبەری گشتیی باخداری و دارستان و پاوان لە هەرێمی کوردستان، دەڵێت "بەهۆی قەیرانی داراییەوە دوو ساڵە پڕۆژەکەی ئێمە وەستاوە، بەڵام چاندنی پیاز بەشێوەی هاوچەخ، قۆناغێکی باشی بڕیوە، چونکە چەند کۆمپانیایەکی خۆماڵی بەردەوام توێژینەوە لەسەر تۆوە جیاوازەکانی پیاز و چاندنی بەشێوەیەکی سەردەمیانە دەکەن، هەروەها ڕێنمایی جووتیاران دەکەن بۆ چاندنی پیاز بەشێوەی هاوچەرخ. لەم ڕێگەیەوەشەوە توانیویانە بڕی بەرهەم زیاد بکەن، چاندنیش لە وەرزێکەوە بۆ دوو وەرز بگۆڕن".



تەنیا 40%ی پیازی بەکاربراو لەنێوخۆی کوردستان بەرهەم دێت (فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

حوسێن حەمەکەریم پێیوایە لەڕێگەی ئەم سیستەمە هاوچەرخەوە لە پێنج ساڵی داهاتوودا پێویستیان بە پیازی هاوردە نامێنێ "چونکە کۆمپانیاکان بەشێوەیەکی زۆر زانستیانە هەوڵ بۆ گەشەپێدانی بەرهەمی پیاز دەدەن. بەشێک لە جووتیارانیش بۆیان دەرکەوتووە ئەو داهاتەی لە چاندنی پیاز دەستیان دەکەوێ لەوانەیە لە بەرهەمی دیکە دەستیان نەکەوێت، بۆیە خواست لەسەر چاندنی پیاز زیاد بووە".

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ لە چوار ساڵی ڕابردوودا جۆرێک لە هەڵکشان لە بەرهەمی پیاز بەدی دەکرێت. تێکڕای بەرهەمی ساڵانەی جووتیاران لە 42 هەزار تۆنەوە بۆ 54 هەزار تۆن بەرزبووەتەوە. ساڵانە هەرێمی کوردستان پێویستی بە 100 هەزار تۆن پیازە، نزیکەی 40%ی لە نێوخۆدا بەرهەم دێت.

حوسێن حەمەکەریم دەڵێت "وەزارەتی کشتوکاڵ بۆ تۆماری بەرهەمە خۆماڵییەکان پشت بە داتای گومرگەکان دەبەستێت، بەڵام بەشێک لە جووتیاران زۆربەی بەرهەمەکانیان ڕاستەخۆ لەنێو کێڵگەکانیان دەفرۆشن، بۆیە بەرهەمی پیاز زۆر لەوە زیاترە کە لە ئاماری گومرگەکاندا تۆمارکراوە".

کۆمپانیایArd بۆ بازرگانیی کشتوکاڵی، یەکێکە لەو کۆمپانیا خۆماڵیانەی گرنگی تایبەت بەچاندن و بەرهەمهێنانی سەوزە بەگشتی و پیاز بەتایبەتی دەدات. کۆمپانیاکە خاوەنی کێڵگەیەکی توێژینەوەیە لە سنووری ناحیەی شەمامکی شاری هەولێر و ساڵانە بەسەتان جۆر تۆوی سەوزە لە وڵاتان هاوردە دەکات، دوای توێژینەوە لەسەریان لەڕێگەی بریکارەکانییەوە دەیفرۆشێتە جووتیاران.

ئەندازیار ئاری جەلال، سەرپەرشتیاری پڕۆژەکانی کۆمپانیای Ard بە (ڕووداو)ی گوت "ساڵانە 200 تاوەکو 250 تۆوی جیاوازی سەوزە هاوردە دەکەین، دوای ئەنجامدانی توێژینەوە 10 بۆ 12 جۆریان هەڵدەبژێرین کە لەگەڵ کەشوهەوای کوردستان بگونجێ و بەرهەمیان باش بێ، ئینجا لە کێڵگەی جووتیاران تاقی دەکەینەوە".

ئاری جەلال لەبارەی چاندنی پیازەوە دەڵێت "پێشتر جووتیاران بەشێوەی کلاسیک پیازیان دەچاند و تێچووی زۆر و بەرهەمی کەمیان دەستدەکەوت، ئێمە لەڕێگەی ئەندازیارەکانمانەوە بە شێوازی هاوچەرخ ئاشنامان کردن، بۆ ئەم مەبەستە لەساڵی 2013 نزیکەی 50 دۆنممان بەبێ بەرامبەر بۆ هەندێ جووتیار لە هەولێر و دهۆک چاند، ساڵی 2014 بەهەمان شێوە هاوکاریی چاندنی 350 دۆنم پیازمان کرد". گوتیشی "ساڵی ڕابردوو خواست لەسەر چاندنی پیاز بەو شێوازەی ئێمە زیاد بوو، هاوکاری چاندنی 1100 دۆنممان کرد، ئەمساڵیش هاوکاریی چاندنی 1600 دۆنم پیازمان بۆ جووتیاران کردووە، هاوکارییەکەش بەکارهێنانی ئامێرەکانمان و سەرپەرشتی چاندن بووە، جووتیار خۆی تۆو و پەیینی کڕیوە".

ئەو ئەندازیارە ئاماژە بە ئەنجامی پڕۆژەکانیان دەکات و دەڵێت "لەڕێگەی هێنانی تۆوی تازە، توانیومانە وەرزی چاندنی پیاز لە وەرزێکەوە بۆ دوو وەرز بگۆڕین، بڕی بەرهەمیش بۆ سێ بەرامبەر زیاد بکەین، توانای هەڵگرتنیش بۆ 6 مانگ بەرز بکەینەوە. هەروەها تێچووی کیلۆیەک پیازمان لە 300 دینارەوە بۆ کەمتر لە 100 دینار کەم کردەوە".

---

## ڕۆژانە لە کوردستان 10 تۆن دەخورێت

# پڕۆژەیەکی گەورە لە هەولێر قارچکی هاوردەکراو ڕادەگرێ



**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

بەرپرسێکی وەزارەتی کشتوکاڵ دەڵێت بەهۆی ئەو خواستە زۆرەی لەسەر خواردنی قارچک لەکوردستان هەیە، ساڵ لەدوای ساڵ بەرهەم و ژمارەی کارگەکانی قارچک لە هەرێمی کوردستان زیاد دەکەن، لە داهاتوویەکی نزیکیشدا کارگەیەکی دیکە لە هەولێر دادەمەزرێت و کوردستان چیدی پێویستی بەهاوردەکردنی قارچک نامێنێ.

قارچک کە کوارگیشی پێدەڵێن، بەهۆی ئەو بەها بەرزە خۆراکییەی هەیەتی، لە زۆربەی وڵاتان گرنگیی تایبەت بە چاندن و بەرهەمهێنانی دەدرێت، تەنانەت لە هەندێ وڵات بەهۆی ئەو پرۆتینە زۆرەی لە پێکهاتەکەیدا هەیە، وەک جێگرەوەی گۆشت تەماشا دەکرێت.

بەرهەمهێنانی قارچک لە کوردستان مێژوویەکی درێژی نییە، بەڵام بەهۆی خواستی خەڵک لەسەر بەرهەمەکە، لە پێنج ساڵی ڕابردوودا چەند کارگەیەکی هاوچەرخی قارچک دامەزراون.

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵی و سەرچاوەکانی ئاو، بەرهەمی ساڵی ڕابردووی کارگەکانی قارچک 1488 تۆن بووە، ئەم بڕەش نزیکەی 40%ی پێویستی نێوخۆی پڕکردووەتەوە کە ڕۆژانەی خۆی دەدات لە نزیکەی 10 تۆن.

حوسێن حەمەکەریم، بەڕێوەبەری گشتی باخداری و دارستان و پاوان لە هەرێمی کوردستان دەڵێت "بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیی هەرێم لە بەرهەمی قارچک، لەساڵی 2007ەوە هەر کەسێک بیرۆکەی دامەزراندنی پڕۆژەی بەرهەمهێنانی قارچکی هەبووبێ ئاسانکاریمان بۆ کردووە، ئەمەش وای کرد چەندین پڕۆژەی بچووک و سێ پڕۆژەی گەورەی بەرهەمهێنانی قارچک لە هەولێر و سلێمانی دابمەزرێندرێن. ئێستاش پڕۆژەیەکی گەورە لە پارێزگای هەولێر لەژێر جێبەجێکردندایە، بەتەواوبوونی ڕەنگە چیدی پێویستمان بە قارچکی هاوردە نەمێنێ".

قارچک بۆ ڕووان و پێگەیشتنی پێویستی بەکەشێکی لەبار هەیە کە پلەی گەرمییەکەی لەنێوان 25 تاوەکو 27 ی سەدیدا بێت و ڕادەی شێ بگاتە 85%. بەدابینکردنی ئەو کەشە لەبارە دەتوانرێت بەدرێژایی ساڵ قارچک بەرهەم بهێنرێ. قارچک لە ماوەی 35 ڕۆژدا پێدەگات و ماوەی سێ هەفتە سێ جار بەرهەم دەدات.

کارگەی دۆڵی کوارگ لەشاری هەولێر، گەورەترین کارگەی بەرهەمهێنانی قارچکە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، کارگەکە لە 14 هۆڵ پێکهاتووە و بەرهەمی ڕۆژانەی زیاتر لە 1500 کیلۆگرامە.

لوقمان سابیر ئەحمەد، سەرپەرشتیاری کارگەی دۆڵی کوارگ گوتی "نزیکەی پێنج ساڵ و نیوە، ڕۆژانە تۆنێک تاوەکو تۆنێک و نیو قارچک بەرهەم دەهێنین و لەبازاڕەکانی کوردستان بەتایبەت لە شاری هەولێر ساغی دەکەینەوە".

قارچک بەسەتان جۆری هەیە، بەڵام پڕۆژەکانی کوردستان تەنیا قارچکی جۆری دوگمەیی و سەدەف بەرهەمدەهێنن.

لوقمان سابیر دەڵێت "خەڵکی کوردستان زیاتری حەزی بەقارچکی دوگمەییە، لە قارچکەکانی دیکەش بازرگانیترە، بۆیە تەنیا قارچکی دوگمەیی بەرهەمدێنین".

کارگەی دۆڵی کوارگ لەسەر سیستەمی هۆڵەندی لەڕێگەی دەستەی وەبەرهێنانەوە دامەزراوە، نزیکەی 3.5 ملیۆن دۆلاری تێچووە، ئەوەی بووەتە هۆی سەرکەوتنی کارگەکەش دابینکردنی زۆربەی پێداویستییەکانییەتی لەناوخۆی کوردستاندا.

لوقمان سابیر دەڵێت "زۆربەی پێداویستییەکانی کارگە لەنێوخۆ دەستدەکەوێت، بۆ نمونە بۆ کۆمپۆست پشت بە بەرهەمی خۆماڵی دەبەستین. ساڵانە دوای وەرزی دروێنە 1000 تۆن پووش لە دەشتی هەولێر کۆدەکەینەوە و تێکەڵاوی هەندێ مادەی دیکەی دەکەین قارچکی لەنێو بەرهەم دێنین".

پڕۆژەی بەرهەمهێنانی قارچک لە سێ بەش پێکدێت، بەشێکی تایبەتە بە بەرهەمهێنانی تۆو و سپۆڕاتی قارچک. بەشی دووەمیان تایبەتە بەدابینکردنی کۆمپۆست کە ناوندێکی بنەڕەتییە بۆ ڕووان و گەشەکردنی قارچک ، بەشی کۆتاییش تایبەتە بەرهەمهێنان.

کارگەی قارچکی پێنجوێن یەکێکی دیکەیە لەو کارگانە، ساڵانە 300 تۆن قارچک دەخاتە بازاڕەکانی کوردستان و کارگەکە لەهەشت هۆڵ پێکهاتووە و لە ساڵی 2012دا لەسەر ڕووبەری پێنج دۆنم دروستکراوە.

یوسف نامیق، بەڕێوەبەری کارگەی قارچکی پێنجوێن دەڵێت "دووساڵ بەردەوام بووین لەبەرهەمهێنان، بەڵام لە حوزەیرانی ساڵی 2014 بەهۆی لێشاوی هاوردەی قارچکی ئێرانی بۆ ماوەی سێ مانگ کارگەکەمان داخست، دواتر وەزیری کشتوکاڵ بەڵێنی پێداین کە ئەگەر کارگەکەمان بخەینەوەکار و بەرهەم بەنرخی گونجام بخەینە بازاڕ، بڕیاری قەدەغەکردنی هاوردەکردنی قارچکی ئێرانی دەدات، ئێمەش دەستبەکاربووینەوە، بەڵام بەهۆی هاوردەکردنی قارچکی قاچاخ لەئێرانەوە، گرفتی ساغکردنەوەی بەرهەممان هەیە".

یوسف نامیق ئاماژەی بەوەدا جگە لە قارچکی قاچاخ، قارچکی قووتووش کاریگەری لەسەر فرۆشیان هەبووە، بۆیە بەناچاری دوو لە هۆڵەکانیان داخستووە. یوسف گوتی "ئەگەر وەزارەتی کشتوکاڵ سنوورێک بۆ قارچکی قاچاخ دانەنێ، ڕەنگە بە یەکجاری کارگەکەمان دابخەین، چونکە تێچووی بەرهەمهێنانمان زۆرە و ناتوانین لەنرخدا کێبرکێی قارچکی قاچاخ بکەین".

داخستنی کارگەکەی یوسف بەهۆی ساخنەبوونەوەی بەرهەمەکەیەتی، بەڵام لەشاری هەولێر خاوەنی کارگەیەک بەهۆی خواستی زۆر لەسەر بەرهەمی کارگەکەی، لەهەوڵی فراوانکردنی کارگەکەی دایە.

بەهائەدین ئەحمەد، بەڕێوەبەری کۆمپانیای شلێر بۆ بازرگانی و بەرهەمهێنانی قارچک لەشاری هەولێر کە خاوەنی پڕۆژەیەکی حەوت هۆڵی بەرهەمهێنانی قارچکە، ئێستا بەهاوکاری چەند ئەندازیارێکی بیانی لە هەوڵی فراوانکردنی کارگەکەی دایە. ئەو دەڵێت "دەمانەوێ ژمارەی هۆڵەکانمان بۆ 21 هۆڵی 20 مەتری زیاد بکەین و بە سیستەمی هۆڵەندی قارچک بەرهەم بهێنین، تاوەکو بتوانین لەبازاڕ کێبرکێ نرخی هاوردە بکەین و پێویستی هەرێم و بەشێکی عێراق لە قارچک پڕ بکەینەوە".

بۆ پاراستنی بەرهەمی قارچکی کارگەکانی ناوەخۆ و هاندانیان، وەزارەتی کشتوکاڵ لە ساڵی 2014دا بۆ ماوەی سێ مانگ هاوردەکردنی قارچکی ڕاگرت. ساڵی ڕابردوو جارێکی دیکە ڕێگە بەهاوردکردنی درایەوە، بەڵام بۆ هاوسەنگکردنی نرخ، بڕی هەزار دیناری وەک باج بۆ هاوردەکردنی هەر کیلۆیەک قارچک دانا.

حوسێن حەمەکەریم دەڵێت "دوای قەدەخەکردن سەیرمانکرد جۆرێک لە قۆرخکاری و بەرزبوونەوەی نرخ لەبەرهەمی قارچک لەلایەن هەندێ کارگە هەبوو، بۆیە بڕیاری دووبارە هاوردەکردنی قارچکمان دا، بەڵام بڕی هەزار دینارمان باج خستە سەر هاوردەکردنی هەر کیلۆیەک قارچک".

سەبارەت بە دووبارە ڕاگرتنی هاوردەکردنی قارچک، حوسێن حەمە کەریم گوتی "لە ماوەیەکی نزیکدا هاوردەکردنی قارچک قەدەغە دەکەین، بەڵام بەو مەرجەی خاوەنی کارگەکانی قارچک ئەو هەڵە نەقۆزنەوە و نرخ زیاد نەکەن".

نەوتی کوردستان لە نیوەی یەکەمی ئەمساڵدا

# 106 ملیۆن بەرمیل فرۆشراوە و داهاتەکەی 2.75 ملیار دۆلار بووە

محەممەد هادی
ڕووداو- هەولێر

بەپێی داتاکانی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان لە هەرێمی کوردستان، لە نیوەی یەکەمی ئەمساڵدا 100 ملیۆن بەرمیل نەوت لە کێڵگە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان و شاری کەرکووک فرۆشراوە، داهاتەکەشی نزیکەی دوو ملیار و 750 ملیۆن دۆلار بووە.


(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

## مانگی یەک زۆرترین نەوت بەرهەم هاتووە

وەزارەتی سامانە سروشتییەکان مانگانە داتای بەرهەمهێنان و فرۆشتن و داهاتی نەوتەکەی بڵاودەکاتەوە. بەپێی ڕاپۆرتەکان لە مانگی یەکی ئەمساڵدا تێکڕای ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت لە بەرزترین ئاستدا بووە و گەیشتووەتە 22 ملیۆن و 256 هەزار و 131 بەرمیل کە ڕۆژانە دەکاتە 717 هەزار و 939 بەرمیل. بەڵام لەو بڕە 18 ملیۆن و 656 هەزار و 131 بەرمیل هەناردە کراوە، واتە 601 هەزار و 811 بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا. هەر لەو مانگەدا سێ ملیۆن و 600 هەزار بەرمیل بۆ پێداویستیی ناوخۆ بەکارهاتووە.

لە مانگی کانوونی دووەمی ئەمساڵدا تەنیا یەک ڕۆژ هەناردەکردنی نەوت وەستاوە، ئەویش بەهۆی کونکردنی بۆڕیی نەوتی کوردستان – جەیهان بوو.

بەپێی ڕاپۆرتی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، داهاتی ئەو نەوتەی لە مانگی کانوونی دووەمدا فرۆشراوە 650 ملیۆن دۆلار بووە کە 75 ملیۆن دۆلاری بۆ حەقدەستی کۆمپانیا بەرهەمهێنەرەکانی نەوت تەرخان کراوە. پوختەی داهاتی ماوە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان 575 ملیۆن دۆلار بووە.

بەرهەمهێنانی نەوتی کوردستان لە مانگی شوباتدا بە ڕێژەیەکی بەرچاو دابەزی، ئەویش دوای ئەوەی هەناردەی نەوتی کوردستان بۆ ماوەی 13 ڕۆژ لەو مانگەدا ڕاگیرا.

لە مانگی دووەمی ئەمساڵدا تێکڕای بەرهەمهێنان 13 ملیۆن و 751 هەزار و 944 بەرمیل نەوت بووە کە ڕۆژانە 474 هەزار و 204 بەرمیل بووە، بە بەراورد بە مانگی کانوونی دووەم ئاستی بەرهەمهێنان بە ڕێژەی 40% کەمی کرد.

لەو بڕە نەوتەی لە مانگی دووی ئەمساڵدا بەرهەم هاتووە 10 ملیۆن و 151 هەزار و 944 بەرمیلی هەناردەی بازاڕەکانی جیهان کراوە، کە تێکڕای ڕۆژانە دەکاتە 350 هەزار و 67 بەرمیل.

هاوشێوەی مانگی پێشتر، بڕی 3 ملیۆن و 600 هەزار بەرمیل نەوت لە نێوخۆدا بەکاربراوە کە دەکاتە 120 هەزار بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا.

بەپێی ڕاپۆرتەکەی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، هۆکاری دابەزینی ئاستی بەرهەمهێنان لە مانگی شوباتدا هێرشکردن بوو بۆ سەر بۆڕیی نەوتی کوردستان لە دیوی تورکیاوە، ئەمەش زیانی 200 ملیۆن دۆلاری لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دا.

لە مانگی شوباتدا تێکڕای داهاتی نەوت 303 ملیۆن و 943 هەزار و 433 دۆلار بووە، بەڵام 70 ملیۆن و 933 هەزار و 433 دۆلاری دراوە بە کۆمپانیاکانی نەوت لە کوردستان. هەروەها لەو بڕە پارەیە 100 ملیۆن دۆلار پارەی پێشەکیی فرۆشتنی نەوت بووە.

بەپێی ڕاپۆرتی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، لە مانگی شوباتدا هیچ ئاماژەیەک بەو نەوتە نەکرابوو کە لە کێڵگە نەوتییەکانی کەرکووکەوە هەناردەی بازاڕەکانی جیهان کرابوو، لە سەرەتای مانگی ئاداریشدا وەزارەتی نەوتی عێراق بڕیاری دا کە هەناردەکردنی نەوتی کێڵگە نەوتییەکانی بابەگوڕگوڕ و خەبازە و جەمبور کە لەلایەن کۆمپانیای نەوتی باکوورەوە بەڕێوەدەبردرێن، لەڕێی بۆڕیی کوردستانەوە ڕابگیرێ.

ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت لە مانگی ئاداردا لە مانگی شوبات باشتر نەبووە و بگرە خراپتر بووە، لەو مانگەشدا وەستانی هەناردەکردنی نەوتی کوردستان بۆ ماوەی 12 ڕۆژ بەردەوام بووە.

بەپێی ڕاپۆرتی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، لە مانگی ئاداردا 13 ملیۆن و 748 هەزار و 487 بەرمیل نەوت بەرهەم هاتووە کە دەکاتە 443 هەزار و 499 بەرمیل لە ڕۆژێکدا.

لەو بڕە نەوتەی لە مانگی ئاداردا بەرهەم هاتووە 10 ملیۆن و 148 هەزار و 487 بەرمیل هەناردە کراوە و 9 ملیۆن و 232 هەزار و 317 بەرمیلی لێ فرۆشراوە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان لە مانگی ئاداردا لە فرۆشی نەوتەکەی 557 ملیۆن و 272 هەزار و 177 دۆلاری دەستکەوتووە، بەڵام لەو بڕە پارەیە 305 ملیۆن دۆلاری پارەی پێشەکیی فرۆشتنی نەوت بووە. هەر لە مانگی ئاداردا بڕی 36 ملیۆن و 14 هەزار و 177 دۆلار دراوە بە کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی نەوت لە کوردستان.

بەڵام تێکڕای بەرهەمهێنانی نەوت لە مانگی نیساندا بەراورد بە مانگی ئادار بە ڕێژەی 27% بەرزبووەتەوە، بڕی بەرهەمهێنانیش 18 ملیۆن و 956 هەزار و 651 هەزار بەرمیل بووە کە دەکاتە 631 هەزار و 888 بەرمیل لە ڕۆژێکدا.

لەو بڕە نەوتەی لە مانگی نیساندا بەرهەم هاتووە 15 ملیۆن و 356 هەزار و 651 بەرمیلی لە ڕێگەی بۆڕیی نەوتی کوردستانەوە ڕەوانەی بازاڕەکانی جیهان کراوە. بەڵام 14 ملیۆن و 241 هەزار و 714 بەرمیلی لێ فرۆشراوە، هەروەها ملیۆنێک و 25 هەزار و 828 بەرمیل نەوتیش بە کڕیارێکی نەوتی کوردستان دراوە کە ساڵی 2015 پێشەکیی پارەی دابوو.

تێکڕای داهاتی نەوتیش لەو مانگەدا 376 ملیۆن و 395 هەزار و 901 دۆلار بووە. لەو بڕە پارەیەش 58 ملیۆن و 895 هەزار و 901 دۆلاری حەقدەستی کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی نەوت بووە.

لە مانگی ئایاردا ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت بە بەراورد بە مانگی نیسان بەڕێژەی 2% بەرزبووەتەوە. ئاستی بەرهەم لەو مانگەدا 19 ملیۆن 504 هەزار و 271 بەرمیل بووە کە دەکاتە 629 هەزار بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا.

لەو بڕە نەوتەی لە مانگی ئایاردا بەرهەم هاتووە 15 ملیۆن و 904 هەزار و 271 بەرمیلی لە ڕێگای بۆڕیی نەوتی کوردستان – جەیهانەوە ڕەوانەی بازاڕەکانی جیهان کراوە و فرۆشراوە، هەر لەو مانگەدا 3 ملیۆن و 797 هەزار و 461 بەرمیل نەوت دراوە بەو کڕیارانەی کە پێشەکی پارەیان داوە.

سەبارەت بە داهاتی نەوتیش لە مانگی ئایاردا، حکومەتی هەرێمی کوردستان 390 ملیۆن و 748 هەزار و 957 دۆلاری لە فرۆشتنی نەوت دەستکەوتووە. لەو پارەیەش 75 ملیۆن و 262 هەزار و 856 بەرمیل نەوت دراوە بە شەش کۆمپانیای بەرهەمهێنەری نەوت.

## مانگی حوزەیران کەمی کردووە

سەرەڕای ئەوەی تاوەکو ئێستا ڕاپۆرتی هەناردەکردن و داهاتی نەوتی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان لە مانگی حوزەیراندا بڵاونەکراوەتەوە، بەڵام بەپێی داتای سەرچاوەکانی گواستنەوەی دەریایی بێت، ئاستی هەناردەکردنی نەوتی کوردستان دابەزیوە و ڕۆژانە 480 هەزار بەرمیلە.

لەسەر بنەمای سەرچاوەکانی گواستنەوەی دەریایی، ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی کوردستان لە مانگی حوزەیران لە 19 ملیۆن بەرمیل نەوت کەمتر بووە و تەنیا 15 ملیۆن بەرمیلی هەناردە کراوە.

لەسەر بنەمای ئەو داتایە لە ماوەی مانگی ڕابردوودا حکومەتی هەرێمی کوردستان کەمتر لە 15 ملیۆن بەرمیل نەوتی هەناردەی بەندەری جەیهان کردووە و بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخی نەوتیش لە مانگی ڕابردوو، پێشبینی دەکرێت داهاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ مانگی ڕابردوو لە نێوان 400 تا 500 ملیۆن دۆلار بێت.

### کۆی گشتی داهات، بەرهەمهێنان و هەناردەی نەوتی کوردستان لە نیوەی یەکەمی ئەمساڵدا:

| | |
|---|---|
| بەرهەم | 106،717،484 |
| هەناردە | 85،717،484 |
| بەکارهێنانی ناوخۆیی | 21،600،000 |
| داهات | 2،728،360،468 |
| حەقدەستی کۆمپانیاکان | 374،106،367 |
| قازانجی پوختە | 2،354،254،101 |

# گەشەی خێرای بەرهەمهێنانی نەوتی ئێران خاو دەبێتەوە

ڕووداو- هەولێر



سەرچاوەیەکی ئاگاداری هەناردەکردنی نەوتی ئێران ڕایگەیاند، ئاستی هەناردەکردنی نەوتی ئەو وڵاتە لە مانگی تەمووزدا دادەبەزێت، لە کاتێکدا ئێران ڕکابەریی سعودیە و عێراق دەکات بۆ دۆزینەوەی پشک لە بازاڕە جیهانییەکانی نەوتدا. سەرچاوەکە هەروەها ڕایگەیاندووە، بەم حاڵەشەوە ڕێژەی هەناردەکردنی نەوتی ئێران لە مانگی تەمووز 70% لە ساڵی پار بەرزترە.

ئاژانسی ڕۆیتەرز لەسەر زاری سەرچاوە ئاگادارەکەوە ئاشکرای کردووە، تاران ئەم مانگە ڕۆژانە 2.14 ملیۆن بەرمیل نەوت هەناردە دەکات، لە کاتێکدا مانگی حوزەیران ڕۆژانە 2.31 ملیۆن بەرمیل نەوتی هەناردە کردبوو کە لەساڵی 2012ەوە بەرزترین ئاستی هەناردەکردنی نەوت بووە. هۆکاری دابەزینی هەناردەکردنی نەوتی ئێران بۆ کەمبوونەوەی ئاستی هاوردەکردنی کۆریای باشوور و کڕیارە ئەوروپییەکان دەگەڕێنرێتەوە.

سەرچاوە ئاگادارەکە هەروەها ئەوەشی خستووەتەڕوو هەناردەکردنی نەوتی ئێران بۆ ئەوروپا لە 580 هەزار بەرمیل لەر ڕۆژێکدا بۆ 430 هەزار بەرمیل لە مانگی تەمووزدا دابەزیوە. هەناردەی نەوتی ئێران بۆ وڵاتانی ئاسیایی گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەردا نایەت و هەر لە 1.63 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا دەمێنێتەوە، بەڵام لە چاو مانگی نیسان بەبڕی 80 هەزار بەرمیل کەم دەکات.

لەنێو وڵاتانی ئاسیادا چین گەورەترین کڕیاری نەوتی ئێرانە، ئاستی هەناردەی نەوتی ئێران بۆ ئەم وڵاتە لە مانگی تەمووزدا بەبڕی 50 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا زیاد دەکات و دەگاتە 654 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا. ئەم مانگە هیندستان ڕۆژانە 480 هەزار بەرمیل نەوت لەئێرانەوە هاوردە دەکات، ئەمەش بەرزترین ئاستی هاوردەکردنی نەوتی ئێرانە لە مانگی ئادارەوە، بەڵام کۆریای باشوور هاوردەکردنی نەوتی ئێران نیوە دەکاتەوە، واتە لە ڕۆژێکدا تەنیا 95 هەزار بەرمیل نەوت لە ئێرانەوە هاوردە دەکات.

## تەوژمەکە هێواش دەبێتەوە

لە مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی پارەوە هەناردەکردنی نەوتی ئێران دوو بەرامبەر بووەتەوە، ئەمەش دوای ئەوەی لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی ئەتۆمی نێوان ئێران و گرووپی 5+1دا سزا ئەتۆمییەکانی سەر ئێران هەڵگیران. بەڵام هەر لەو کاتەوە سعودیە و عێراق ڕکابەری خۆیان لەگەڵ ئێران توندتر کردووە، بۆ ئەوەی پشکە بەتاڵەکانی بازاڕی جیهانیی نەوت بەر ئێران نەکەوێت.

لە ماوەی یەکساڵی ڕابردوودا لادانی سزا ئەتۆمییەکانی سەر ئەم وڵاتە بە یەکێک لە هۆکارەکانی نیگەرانی بازاڕەکانی نەوت لەقەڵەم دەدرا، لە کاتێکدا ئێران هەر لەو کاتەوە بە نیازبووە ئاستی هەناردەکردنی نەوتی خۆی بۆ ئاستی پێش دانانی سزا نێودەوڵەتییە ئەتۆمییەکان بگەڕێنێتەوە.

لە کاتی لادانی سزاکانەوە زۆربەی توێژینەوە نێودەوڵەتییەکان پێشبینی ئەوەیان دەکرد ئێران ماوەی نزیک دوو یان سێ ساڵی پێویست بێت بۆ ئەوەی بتوانێت بەرهەمهێنانی نەوتی وڵاتەکەی بۆ ئاستی بەر لە سزاکان بگەڕێنێتەوە، بەڵام وەک مایکڵ مەکدۆناڵد، پرۆفیسۆر و شارەزا لە بواری بازرگانیی نەوت، ئاماژەی پێدەدا «ئێران لە ماوەی کەمتر لە ساڵێک توانی ڕادەی دەرهێنانی نەوتی وڵاتەکەی بۆ ئاستی بەر لە سزاکان بگەڕێنێتەوە، بەڵام مەحاڵە ئێران بتوانێت لەسەر ئەم خێراییەی گەشەپێدانی ئاستی بەرهەمهێنانی بەردەوام بێت».

تاران بە نیازە هەتا ساڵی 2021 بەرهەمهێنانی نەوتی وڵاتەکەی ڕۆژانە لە 3.5 ملیۆن بەرمیلەوە بۆ 4.8 ملیۆن بەرمیل بەرز بکاتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستی بە 200 ملیار دۆلار وەبەرهێنانی بیانی هەیە، بەڵام ئەستەمە ئێران بتوانێت ئەم سەرمایەیە بەدەست بهێنێت. لە لایەکەوە چین کێشەی گەشەی ئابووری هەیە و ئەوروپاش هێشتا بە دوودڵییەوە مامەڵە لەگەڵ کەرتی نەوتی ئێراندا دەکات. بەگوێرەی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزە (EIA) لە باشترین حاڵەتدا ئێران هەتا 2021 تەنیا دەتوانێت 4.1 ملیۆن بەرمیل نەوت بەرهەم بهێنێت، «هەڵبەت ئەگەر بتوانێت پارەی بیانی ڕابکێشێت و سزای نێودەوڵەتی نوێ لەسەر ئێران دانەنرێنەوە».

جودا لەم هۆکارانە هۆکاری ناوخۆیی و کێشەی نێوان موحافزەکار و ڕیفۆرمخوازەکانیش وەبەرهێنەرە بیانییەکانی تووشی دوودڵی کردووە. شەوی شەممەی ڕابردوو عەلی خامنەیی، ڕێبەری کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕایگەیاند هیچ گرێبەستێک پێشکەش بە کۆمپانیا بیانییەکان ناکرێت، هەتا ئەو کاتەی چاکسازی لە مەرجەکان و داڕشتنی گرێبەستەکاندا نەکرێت. هەتا ئێستا کۆپی دوایی گرێبەستی کۆمپانیا بیانییەکان نەخراوەتەڕوو.

یەکێک لە کێشە بنەڕەتییەکانی پشت خاوبوونەوەی ئاستی گەشەی بەرهەمهێنانی نەوتی ئێران کۆنبوون و تەنانەت لەکارکەوتنی بەشێک لە ژێرخان و تەکنەلۆژیای نەوتی ئێرانە. بەڵام ئێران کێشەی بنەڕەتی دیکەشی هەیە، گرنگترینیان دۆزینەوەی بازاڕی نوێی نەوتە. هەتا ئێستاش هەناردەکردنی نەوتی ئێران بۆ ئەوروپا زۆر لە خوار ئاستی پێش سزا نێودەوڵەتییەکانە. ئیتاڵیا کە بەر لە سزاکان گەورەترین کڕیاری ئەوروپیی نەوتی ئێران بوو، هەتا پێنج مانگ دوای سزاکانیش ڕازی نەبوو نەوت لە ئێران بکڕێتەوە. ئاستی هاوردەکردنی نەوتی ئێران لە ئیسپانیا و یۆنانیش زۆر لە خوار ئاستی پێش سزاکانە.

مەکدۆناڵد پێیوایە بە لەبەر چاوگرتنی ئەم کێشانە، ئێران ناتوانێت لە داهاتوویەکی نزیکدا کێشە بۆ نرخەکانی نەوت دروستبکات، لەبەر ئەوەی لە لایەکەوە تەکنۆلۆژیای نەوتی ئێران ڕێگەی ئەوەی پێنادات ئاستی بەرهەمهێنانی لەمەی ئێستا بەرزتر بکاتەوە، لە لایەکی دیکەوە بەهۆی نزمبوونی نرخەکانی نەوت، ناتوانێت بەهای نەوتەکەی دابەزێنێت بۆ ئەوەی بازاڕی نوێ بدۆزێتەوە.



## نەشیمل و بانوی وەیسی ئامادەن

**پشتیوان جەمال / رووداو- سلێمانی**

گۆرانیبێژی میللی عەزیز وەیسی دوو بەرهەمی ئامادەن و بەم نزیکانە بڵاودەکرێنەوە، بڕیارە بەشداری لە دوو ئاهەنگیشدا بکات.
عەزیز وەیسی بە (رووداو)ی راگەیاند کە دوو بەرهەمی ئامادەیە، یەکێکیان بەنێوی نەشمیل کە هۆنراوە و ئاوازەکەی هەورامییە و ئەوەی دیکەش دوێتێکی فارسی و کوردییە بەنێوی بانوی کوردستان کە لەگەڵ گۆرانیبێژی فارس، موحسین ئەمیری گوتوویەتی. گوتیشی "گۆرانیی دووەم بە فارسی و کوردییە و لە ناوچەیەکی باکووری ئێران کلیپمان بۆ کردووە، بەم زووانە لە کەناڵی pmc پەخش دەکرێت". وەیسی بەرنامەکانی خۆی لە جەژنی رەمەزاندا ئاشکرا کرد و گوتی "رۆژی 2016/7/6 لە شاری کرماشان و رۆژی 2016/6/9یش لە شاری هەولێر ئاهەنگم هەیە".

### مانگی داهاتوو بەڕێوەدەچێ

# 300 هەزار دۆلار بۆ هەڵبژاردنی شاجوان تەرخانکراوە

**پشتیوان جەمال**
**رووداو- سلێمانی**

مانگی داهاتوو لە رۆژی جیهانیی گەشتوگوزاردا مەراسیمی هەڵبژاردنی شاجوانی کوردستان بەڕێوەدەچێت و دوای جەژنی رەمەزانیش پرۆسەی ناونووسین دەستپێدەکات. سەرپەرشتیارێکی بۆنەکە دەڵێت کچانی عەرەبیش دەتوانن خۆیان بۆ شاجوانی کوردستان هەڵبژێرن.

مانگی حوزەیرانی 2012 بۆ یەکەمجار لە مێژووی کوردستاندا کچێک بەنێوی شێنێ ئاکۆ، وەکو شاجوانی کوردستان هەڵبژێردرا. لە کۆتایی مانگی ئەیلوولی 2013شدا لەلایەن کۆمپانیای بابیلۆن بۆ دووەمجار رێورەسمەکە بەڕێوەچوو، فێنک محەممەد تاجەکەی لەسەر نرا و تا ئێستاش هەر شاجوانی کوردستانە.

قەیرانی دارایی و شەڕی داعش بوونە هۆکاری راگرتنی هەڵبژاردنەوەی شاجوان. سیروان تۆفیق بەڕێوەبەری بە بازاڕکردن لە دەستەی گشتیی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان کە وەکو لایەنی حکومی سەرپەرشتی پرۆسەکە دەکەن، بە (رووداو)ی راگەیاند "بەهۆی شەڕی داعش و وەکو رێزگرتن لە پێشمەرگە و شەهیدان پرۆسەکەمان راگرت، بەڵام دوای جەژنی رەمەزان ناونووسین دەستپێدەکات و تێچووی پرۆسەکەش پەیوەندی بە کەرتی تایبەتەوە هەیە".

کارەکانی شاجوان پێویستی بە سپۆنسەری کۆمپانیاکانە، ئێستاش قەیرانی دارایی کاری کۆمپانیاکانی پەکخستووە، بەڵام سیروان دەڵێت "چەندین کۆمپانیای گەورە لە کوردستان هەن کە هەمیشە پێویستیان بە ریکلامکردنە، بێگومان سپۆنسەری پرۆسەکە دەکەن".

### داوا دەکەن بەردەوام بێت

بە گوتەی سیروان، لە ماوەی ئەو دوو ساڵەدا کە هەڵبژاردنی شاجوان بەڕێوەنەچووە، زۆر کچ پەیوەندییان کردووە کە بۆچی رێورەسمەکە راوەستاوە. ئێستاش چەندین کچ سیڤیی خۆیان ناردووە و ئەمساڵ ژمارەیان زیاتریش دەبێت لە ساڵانی رابردوو.

ئەمساڵ جیاواز لە دوو خولی پێشتری شاجوان، کچانی چوار پارچەی کوردستان دەتوانن بەشداربن، سیروان دەڵێت "ئەوە بیرۆکەی دەستەی گەشتوگوزار بوو، چونکە پەیوەندی بە نیشاندانی جوانیی کوردستانەوە هەیە جا لەهەر پارچەیەک بێت".

### مەرجەکان چین؟

ئەو بەرپرسەی گەشتوگوزار مەرجەکانی بەشداربوونی کچانی ئاشکرا کرد و گوتی "دەبێت ئەو کچەی سیڤی پێشکەش دەکات تەمەنی لە 18 تاوەکو 30 ساڵ بێت، باڵای لە 165 سانتیمەتر کەمتر نەبێت، بڕوانامەی لە سەروو قۆناغی ئامادەیی بێت و زانیاری گشتیشی باش بێت. کێشە نییە دانیشتووی هەرێمی کوردستان یان دەرەوە بێت".

سیروان تۆفیق ئاشکرای کرد کە کچانی عەرەبیش دەتوانن بەشداری لەو بۆنەیەدا بکەن و گوتی "ئەو کچانەی عەرەبن و زیاتر لە 15 ساڵە لە کوردستانن، بە مەرجێک زمانی کوردییان بۆ نووسین و قسەکردن باشبێ، دەتوانن بەشدار بن".

### 300 هەزار دۆلاری بۆ تەرخان کراوە

سەلوان زەیتۆ، بەڕێوەبەری گشتیی کۆمپانیای بابیلۆن کە لایەنی سپۆنسەری مەراسیمەکەن بە (رووداو)ی راگەیاند، ئەمڕۆ دووشەممە 2016/7/3 کۆبوونەوە بۆ چۆنیەتی بەڕێوەچوونی مەراسیمەکە دەکەن.

سەلوان بودجەی مەراسیمەکەی ئاشکرا کرد و گوتی "بڕی 300 هەزار دۆلارمان بۆ تەرخان کردووە و بەدڵنیاییەوە هەوڵی پەیداکردنی سپۆنسەریش دەدەین، ئەگەریش نەبوو خۆمان بودجەکەی دابین دەکەین، بەڵام بەو پێیەی پرۆسەکە نێودەوڵەتییە و ئەو کچەشی دەبێتە شاجوان دوای هەڵبژاردنی، ریکلام بۆ کۆمپانیاکانی بەشداربوو دەکات، پێشبینی دەکەین سپۆنسەر پەیدا ببێت".

سپۆنسەرکردنی هەڵبژاردنی شاجوانی کوردستان لەلایەن بابیلۆن میدیاوە لە کاتێکدایە کە ئەو کۆمپانیایە لە جەژنی نەورۆزی ئەمساڵدا و لە کاتی بەڕێوەچوونی ئاهەنگێکدا لە شاری سلێمانی بەرەوڕووی هێرش بووەوە و بە گوتەی خۆیان نزیکەی ملیۆنێک دۆلار زیانیان بەرکەوت.

سەلوان زەیتۆ گوتی "راستە رووبەڕووی زیانێکی قورس بووینەوە، بەڵام لەبەرئەوەی گرێبەستمان واژوو کردووە هەوڵی خۆمان بۆ پەیداکردنی سپۆنسەر دەدەین، جگە لەوەش بابلیۆن ماوە و تەحەمولی هەڵبژاردنی شاجوانیش دەکەین".

بۆ ئەندامانی لیژنەی بەشداربووی هەڵبژاردنی شاجوانیش، سەلوان گوتی "ئەگەر لەنێوخۆدا کەسانی شارەزا هەبن باشترە، ئەگەریش پێویستی کرد لە دەرەوە پسپۆڕ دێنین".

### پێشنیازیان بۆ دەکرێت

گەزیزە عومەر ژنە هونەرمەند و ئەندامی لیژنەی هەڵبژاردنی شاجوان بۆ ساڵی 2013. لەبارەی گرنگیی هەڵبژاردنی شاجوان لەم کاتەدا بە (رووداو)ی گوت، لە سێ ساڵی رابردوودا کوردستان بە زۆر کارەساتی جەرگبڕدا رۆیشتووە و بەرهەمهێنان لە بوارەکانی هونەری و کولتووری کەمبوونەتەوە و مەراسیمی شاجوانیش پێویستی بە بودجەیەکی زۆرە، بەڵام لەبەرئەوەی کەرتی تایبەت تێچووەکەی دابین دەکات، ئەوە پەیوەندی بە خۆیەوە هەیە.

گەزیزە کە پێشتر ئەزموونی لە هەڵبژاردنی شاجواندا هەبووە، هەستی بە بوونی چەند کەموکورییەک کردووە و داوای کرد ئەمساڵ هەوڵی نەهێشتنی ئەو کەموکورییانە بدرێت "پێویستە ئەندامانی لیژنە لانیکەم مانگێک یاخود دوو هەفتە پێش پرۆسەکە یەکدی بناسن و قسە بکەن بۆ ئەوەی پێشنیازی خۆیان بدەنە دەستەی گەشتوگوزار و کۆمپانیای جێبەجێکار. چونکە پێشتر ئێمە تا چەند رۆژێک پێش مەراسیمەکە یەکدیمان نەدەناسی و نەماندەزانی لەسەر چ میکانیزمێک قسە بکەین، بەڵکو تەنیا فۆرمێکیان دەهێنایە بەردەممان و نیشانەی راست و هەڵەمان لەسەر خاڵەکانی نێو فۆرمەکە دەدا".

بەبۆچوونی گەزیزە، لە هەرێمی کوردستانیش خەڵکانێک هەن شارەزاییان لە هەڵبژاردنی شاجواندا هەیە و گوتی "کەسانی باشمان بۆ ئەو مەبەستە هەیە". ئامادەیی خۆیشی نیشاندا کە وەکو ئەندامێکی لێژنەی دادوەریی هەڵبژاردنی شاجوانی کوردستان بەشداری ئەو بۆنەیە بکات و گوتی "ئەگەر پێشنیازم وەربگیرێت و کەموکورییەکانی نەهێڵدرێ، ئامادەم ببمەوە ئەندامی لێژنەی دادوەری".

دالیا رێبوار کە ساڵی 2013 وەکو شاجوانی ئینتەرنێت هەڵبژێردرا، پێی باشە هەڵبژاردنی شاجوان بەردەوام بێت و گوتی "لەبەرئەوەی شاجوان کاری مرۆیی دەکات و لە هەرێمی کوردستانیش ئاوارەیەکی زۆر هەن، بۆیە لەم کاتەدا زۆر پێویستە شاجوان هەبێت".



(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

### کەس لە تابلۆی خۆماڵی ناپرسێ

# لە حەوت رەنگەوە دەیەوێ فرۆشتنی تابلۆ بکاتە کولتوور

**پشتیوان جەمال**
**رووداو- سلێمانی**

دەوروبەری دووکانەکەی بەختیار سەعید پڕە لە دووکانی ئامێری ئەلیکترۆنیات، نووسینگەی گەشتیاری و پیشەی دیکە. شوێنی (حەوت رەنگە) بۆ فرۆشتنی تابلۆی شێوەکارانی کورد، لە نێوەڕاستی بازاڕەکە هەڵکەوتووە. دووکانەکە پڕیەتی لە تابلۆی شێوەکاران. خاوەنی حەوت رەنگە دەیەوێ کاری شێوەکارانی کورد وەکو شێوەکارانی جیهان بە بازاڕ بکات و ماڵی کوردی پڕ بکات لە تابلۆی خۆماڵی.

بۆ یەکەمجار لە کوردستان ئارەزوومەندێکی بواری شێوەکاری، دووکانێک بۆ فرۆشتنی تابلۆی هونەرمەندانی کورد دەکاتەوە،ئەو کە تاوەکو ئێستا هیچ تابلۆیەکی نەفرۆشتووە، بەنیازە هەمان دووکان لە شاری هەولێریش بکاتەوە.

### دەیەوێ بیکاتە کولتوور

بەختیار سەعید، خاوەنی دووکانەکە دوو ساڵە بیرۆکەی دانانی ئەو دووکانەی لە خەیاڵە، ماوەی دوو مانگە دووکانەکەی لە بازاڕێکی شاری سلێمانی کردووەتەوە. بەختیار گوتی "مەبەستم لە کردنەوەی دووکانەکە ئەوەیە هەڵواسینی تابلۆی خۆماڵی لە ماڵ و فەرمانگە و ئۆفیس و شوێنەکان ببێتە کولتوور، چونکە بەداخەوە لە کەمترین شوێندا تابلۆی کوردی هەیە و هەمووی تابلۆی بیانین".

بەختیار بۆ کارەکەی لەگەڵ 25 هونەرمەندی شێوەکار رێککەوتووە بۆ فرۆشتنی بەرهەمەکانیان بەشێوەی ئۆرجیناڵ و کۆپی، چونکە ئەو دوو جۆرە لە نرخدا جیاوازن و گوتی "بۆیە بە ئۆرجیناڵ و کۆپی دەیانفرۆشین بۆ ئەوەی هاوکاریی کڕیاران بکەین لە هەڵبژاردنی تابلۆکەدا".

سۆران کابان، هونەرمەندی شێوەکار پاڵپشتیی خۆی بۆ کردنەوەی ئەو دووکانە دەربڕی و گوتی "بەشبەحاڵی خۆم لەڕێگەی فەیسبووکەوە یان لە پێشانگاکان تابلۆکانم دەفرۆشم، ئەگەر شوێنێکی لەو شێوەیە هەبێت باشترە و بەردەوامبوونیشی هەوڵ و ماندووبوونی درێژی دەوێت".

بەڵام سۆران کابان لەو باوەڕەدا نییە ئەو دووکانە کاریگەری لەسەر بە کولتوورکردنی فرۆشتنی تابلۆی خۆماڵی هەبێت و دەڵێت "ئەو کەسەی سەیری تابلۆیەک دەکات ئەگەر کاریگەری لەسەر دروست نەکات، نایکڕێت".

بەڵام دڵشاد بەهائەدینی شێوەکار ئەو هونەرەی بە هونەرێکی وشک ناوبرد و گوتی "هونەری شێوەکاری وشکە و هێشتاش نەبووەتە کولتوور، تاوەکو ئێستاش زۆر خێزان هەر نازانن تابلۆ چییە، بۆیە هەوڵی زیاتری دەوێت".

### گرانترین تابلۆ

بەختیار دوو مانگە ئەو دووکانەی کردووەتەوە، بەڵام تائێستا هیچ تابلۆیەکی نەفرۆشتووە و دەڵێت "خەڵک دێنە لامان و دەستخۆشیمان لێدەکەن و ئێستاش 50 بەرهەمی ئۆرجیناڵ و 25ی کۆپیکراومان هەیە، بەرزترین نرخی تابلۆی ئۆرجیناڵ 2500 دۆلارە، کۆپیش 50- 100 دۆلارە، 20%ی پارەکەش بۆ هونەرمەندەکەیە، بەڵام بەهۆی قەیرانی داراییەوە تابلۆمان نەفرۆشتووە، بۆ لەمەودوا پلانمان وایە لەگەڵ هەندێک لە مارکێت و میوانخانە و کۆمپانیاکان قسە بکەین بۆ کڕینی بەرهەمە کۆپییەکان".

فرۆشیارانی نێو بازاڕی سلێمانی کە تابلۆی بیانی دەفرۆشن، گلەییان لە گرانیی نرخی تابلۆ خۆماڵییەکان هەیە و ئامادە نین تابلۆکان لە دووکانەکانیاندا دابنێن. محەممەد ئەحمەد فرۆشیارێکی تابلۆیە و لە دووکانەکەیدا چەند تابلۆیەکی کۆپیکراوی بیانی دانرابوون، گوتی "راستە ئێستا بەهۆی قەیرانەوە بازاڕ کزە، بەڵام نرخی تابلۆ خۆماڵییەکانیش گرانن و کەس ئامادە نییە 200 دۆلار بداتە تابلۆیەک، کۆپیکراوەکانیش بە 50 هەزار دینارن و کەس نایانکڕێ".

بەڵام بەختیار سەعید پێیوانییە نرخی تابلۆکان گران بن و گوتی "لە کوردستان لەبەرئەوەی نەبووەتە نەریت وا دەڵێن، ئەگینا بەراورد بە ئەورووپا گران نییە، لە ئەورووپا تابلۆ هەیە بە ملیۆنان دۆلار فرۆشراوە".

کابان لەبارەی فرۆشی بەرهەمەکانی دەڵێت "تابلۆم هەبووە بە 8800 دۆلار فرۆشراوە، هیچ تابلۆیەکیشم لە 300 دۆلار کەمتر نەفرۆشتووە. ئەوانەشی کڕیویانە کەسانی ئاسایی و دەسەڵاتداران و بیانی بوون".

دڵشاد بەهائەدین پێیوایە پێش دەستپێکردنی پرۆسەی ئازادیی عێراق فرۆشی تابلۆی خۆماڵی زۆر باشتر بووە، لەبەرئەوەی رێکخراوی ناحکومیی نێودەوڵەتی لە کوردستان هەبوون و تابلۆیان دەکڕی و لەگەڵ خۆیان دەیانبردەوە بۆ وڵاتەکانیان، بەڵام ئێستا جۆرێک لە سستی پێوە دیارە.

دڵشاد گوتی "تابلۆم بە 2000 دۆلار فرۆشتووە و زیاتریش سیاسییەکان و کونسوڵ و باڵیۆزەکان و هەندێجاریش دەزگاکانی خۆمان کڕیویانە". سەبارەت بە نرخی تابلۆکانیش کە دووکاندارەکان پێیانوایە نرخی تابلۆی خۆماڵی گرانە. دڵشاد گوتی "ئەوەیان پەیوەندی بە ئەزموون و ناوبانگی هونەرمەندەوە هەیە، بەڵام ئەگەر زانیبێتم کەسێک عەشقی تابلۆکەیە نرخم دابەزاندووە".

### دووکانەکە بێ بەرامبەر

زۆرجار دەگوترێ کورد ئەوەندەی تامەرۆزی هونەری گۆرانی و شانۆ و درامایە، هێندە تامەرۆزی شێوەکاری نییە و لەو رووەشەوە ئاماژە بە کردنەوەی پێشانگای هونەرمەندان دەکرێت کە خەڵکێکی کەم روویان تێدەکەن، بەڵام بەختیار قسەیەکی جیاوازی هەیە و دەڵێت مەسەلەکە پەیوەندی بە چێژ وەرگرتنەوە هەیە، کڕینی تابلۆش نەبووەتە نەریت.

ئەو نموونە بە شوێنەکەی دێنێتەوە کە کەسێک بەبێ بەرامبەر پێیداوە و دەڵێت "لەلایەن کەسێکەوە کە عاشقی هونەری شێوەکارییە، دووکانەکەمان پێدراوە. لە هەولێریش شوێنێکی دیکە دادەنێین".



گرانترین تابلۆ لە حەوت رەنگ بە 2500 دۆلارە



سوێد... 23 منداڵ بەزۆر دەهێندرێنەوە کوردستان

**ڕووداو- ستۆکهۆڵم**

بەپێی بەدواداچوونێکی (ڕووداو) ئاشکرا بووە لە ماوەی ڕابردوودا 23 منداڵ دوای جیابوونەوەی دایک و باوکیان، بەزۆر هێنراونەتەوە باشووری کوردستان. بەپێی ئامارێکی ڕێکخراوی KYEO کە تایبەتە بە پەنابەران لە نێوان ساڵی 2007-2015 دا 14 منداڵ لەلایەن کەسوکاریانەوە ڕفێندراون و بە زۆر لە کوردستان نیشتەجێکراون. هێلینا کە کارمەندێگی ڕێکخراوەکەیە بە (ڕووداو)ی گوت "لە ڕێگەی چەند ڕێکخراوێکی سڤیل و هەندێکجار حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر لەو کەسانەمان گەڕاندووەتەوە". گوتیشی "زۆر لە چالاکڤانەکان لەکاتی هێنانەوەی ئەو منداڵانە گیانیان کەوتووەتە مەترسییەوە".

# کورد لە کەمپەکانی کۆچبەراندا خەریکی ژنهێنان

**ڕووداو – ستۆکهۆڵم، هێلسنکی**

هەرگیز بەخەیاڵی هەژاردا نەدەهات لەگەڵ کچە عەرەبێکی مەغریبی خێزان پێکەوە بنێت. وەک خۆی دەڵێت "من لەوسەری دونیا و ئەو لەوسەری دنیا بوو". بەڵام ژیانی کۆچبەرێتی و کەمپی تورکۆ ئەوانی بەیەک گەیاند "ئێستا ژیانێکی زۆر خۆشمان هەیە، منەتم بەوە نییە مافی مانەوەم دەدرێتێ یان نا".

کەمپەکانی کۆچبەران لە سوێد و فینلاند بوونەتە شوێنی تێکەڵبوون و پێکەوەنانی خێزان لە نێوان کۆچبەرانی نەتەوە جیاوازەکاندا. بەپێی بەدواداچوونێکی (ڕووداو) لە هەشت کەمپی سوێد و فینلاند، زیاتر لە 34 حاڵەتی پێکەوەنانی خێزان لە نێوان کۆچبەرانی کورد و کۆچبەرانی نەتەوەکانی دیکە تۆمارکراوە.

## هیوایەک لەودیو سنوور

هەژار مەهدی، 32 ساڵ، نزیکەی دوو ساڵی لەڕێی قاچاخ و ژیانی نێو کەمپەکان بەسەر برد. ئەو دەڵێت "تێگەیشتم لەوەی دەبێ خۆم ژیان بدۆزمەوە و نایەتە بەردەمم". هەژار کە لە باشووری کوردستانەوە بەرەو ئەورووپا کۆچی کردووە، دەڵێت "هەموو ژیانم لە شەڕ و برسێتیدا بەسەر برد و نامەوێت ئەوەی ماوە بەنامۆیی بەسەری بەرم".

لوبنە، 27 ساڵ، لە شاری کازابلانکای باکووری ڕۆژئاوای مەغریب لەدایک بووە، هەمان ئەو نەهامەتییانەی بینیوە کە هەژاری هاوژینی پێیدا ڕۆیشتووە. ئەوان لە کەمپێکی شاری تورکۆ لە فینلاند یەکدییان ناسی و دواجار خێزانێکی خنجیلانەیان پێکەوەنا "من زۆر خۆشحاڵم بە ناسینی هەژار و پێموایە پێکەوە ژیانێکی خۆش دروست دەکەین".

ئەوان بڕیاری ئەوەیان داوە کە ئەگەر قبوڵیش نەکران، پێکەوە لە یەکێک لە وڵاتەکانیان مەغریب، یان کوردستان بژین.

## لە ئەڵمانیاوە بۆ سوێد.. لەپێناو هاوژینەکەی

زاهید حەمەد پەشیمان نییە لەوەی ئەڵمانیای بەجێهێشتووە، ئەگەرچی هیوای بەدەستهێنانی مافی پەنابەرێتی لێسەندەوە، بەڵام دەڵێت "ژیانێکم دۆزییەوە کە هەرگیز بەهەشتی ئەورووپاش پێی نەدەبەخشیم".

زاهید و نادیە لە ئەڵمانیا و لە ڕێگەی قاچاخ لە ئۆتۆمبێلی گواستنەوەدا یەکدییان ناسی. بەڵام ژیانی کەمپی سەرەتایی جیای کردنەوە، دواتر نادیە و زاهید لەیەکدی ون دەبن.

دوای کۆچکردن بەرەو باکووری ئەورووپا، بە ڕێکەوت نادیە دەکەوێتە کەمپێکی سوێد و زاهیدیش لە یەکێک لە کەمپەکانی باشووری ئەڵمانیا و لە ناوچەی بادن نیشتەجێ دەکرێت. دوای حەوت مانگ، لەڕێگەی فەیسبووکەوە نادیە دەدۆزێتەوە.

هەرچەندە بەدەستهێنانی مافی پەنابەرێتی کاتی، یەکێک لە ئەگەرە بەهێزەکانی داهاتووی زاهید بوو، بەڵام ئەوەی بەلاوە نا و بە قاچاخ خۆی گەیاندە لای نادیە لە سوێد.

ئێستا زاهید و نادیە لە یەکێک لە کەمپەکانی نزیک شاری یۆتۆبۆریی سوێد دەژین و بوونەتە هاوژین. هەردووکیان کۆکن لەسەر ئەوەی پەشیمان نین لەو بڕیارە و دەڵێن "ئاسوودەین پێکەوە و چارەنووسمان هاوبەشە".

بەهۆی ئەوەی زاهید پەنجەمۆری هەیە و پێشتر لە ئەڵمانیا خۆی تەسلیم کردووە، ئەگەری ناردنەوەی هەیە، بەڵام نادیە دەڵێت: "چارەنووسمان پێکەوەیە و لەیەک جیانابینەوە".

هیچ یەکێک لە دامەزراوەکانی کۆچی وڵاتانی ئەورووپی ڕێسایەکیان بۆ حاڵەتی لەم شێوەیە نییە. بەڵام ریتا هامن کە کارمەندێکی مەیدانیی دەزگای کۆچی سوێدە، دەڵێت "ئەگەرێکی کەم هەیە لەسەر بنەمای پێداچوونەوە بە کەیسەکانیان، ژیانیان وەک حاڵەتێکی تایبەت ڕەچاو بکرێت".

سەبارەت بەوەی لەڕووی بەڵگەی فەرمیی چۆن مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت، ریتا هامن گوتی "بەهیچ شێوەیەک دەست لەو جۆرە حاڵەتانە وەرنادرێت و کێشەی دامەزراوەکەی ئێمە نییە، خۆیان ئازادن چی دەکەن و ئێمە ڕێزیان لێدەگرین و شوێنی تایبەتیشیان وەک خێزانێک بۆ تەرخان دەکەین". گوتیشی "قبوڵکردنی یەکێک لەو ژن و مێردانەی لە کەمپن، یان لەو وڵاتە بوونەتە هاوژینی یەکدی، نابێتە بنەما بۆ ئەگەری قبوڵکردنی ئەوی دیکەیان".

## مزگەوت و کەسایەتییە ئاینییەکان هاوکارن

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) بەشێکی زۆر لەو کەیسانە لەڕێگەی کەسایەتییە ئاینییەکان و مزگەوتەکانەوە کێشەی خۆیان چارەسەر کردووە.

لاوەند ناوی خوازراوی یەکێک لەو کۆچبەرە کوردانەیە کە بەهۆی ئەوەی کەسوکاری ڕازی نەبوون کۆچبەرێکی کەمپەکەی بکاتە هاوژینی خۆی، کەسوکارەکەی جێهێشتووە و لە دەرەوەی کەمپەکە لەگەڵ هاوژینەکەی دەژی. لاوەند گوتی "بەپێی نەریتی خۆمان، بەگوێرەی شەرع و لە مزگەوت لەلای مەلا لە یەکدی مارە کراوین".

وەک نەریتێک لە مزگەوتەکانی سوێد کە سەرۆکایەتی شارەوانیش کۆنترۆڵی کردووە و فۆرمی تایبەتی بۆ ئامادە کردوون، بەشێک لە مامۆستایانی ئاینی بۆیان هەیە ژن و مێرد لەیەکدی مارە بکەن و ئەو فۆرمەشیان بۆ پڕ دەکەنەوە کە کۆمۆن بۆی تەرخان کردوون، بەڵام ئەو فۆرمە تەنیا گرێبەستی هاوسەرییە و نابێتە بەڵگەی فەرمی.

سەید مەئموون حەمید، ئیمامی یەکێک لە مزگەوتەکانی شاری ستۆکهۆڵم گوتی "دەوڵەت ڕێز لەو بنەما ئاینیانە دەگرێت و ئێمەش بەپێی شەرع ئەو ژن و مێردانە لەیەک مارە دەکەین کە تەمەنیان لەسەرووی 18 ساڵەوەیە و دوو شایەتیان هەیە".

## منداڵ.. یەکێک لە کێشە گەورەکان

لەکۆی ئەو 34 کەیسەی (ڕووداو) زانیاری لەبارەوە وەرگرتن، سێ لەوان بوونەتە خاوەنی منداڵ و دەوڵەت نازانێت چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو منداڵانەدا بکات.

شاناز ئەدهەم کە پارێزەرێکی کوردە لە فینلاند، بە (ڕووداو)ی گوت "ڕێسایەکی ئەخلاقی هەبووە کە ئەو منداڵانەی لە هەر وڵاتێک لەدایک دەبن، مافی پەنابەرێتی بەدەست دەهێنن، بەڵام ئەم حاڵەتە بۆ کۆچبەرانی نوێ قبوڵ نەکراوە و بە تایبەت بۆ ئەو ژن و مێردە تازانە، چارەنووسی منداڵەکان ونە".

(ڕووداو) پێشتر چەندین کەیسی ئەو منداڵانەی ئاشکرا کرد کە لە کەمپەکان لەدایک دەبن و کێشەیان هەیە و چارەنووسیان دیار نییە. هۆکاری خستنەوەی منداڵانیش ئەو بۆچوونە هەڵەیەی دایکان و باوکان بووە کە پێیانوابووە منداڵ دەبێتە فاکتەری بەدەستهێنانی مافی مانەوەی هەمیشەیی.

بڕیاری ناردنەوەی دایک و باوکێکی کورد بۆ هەرێمی کوردستان و هێشتنەوەی منداڵەکەیان لە فینلاند، میدیاکانی ئەو وڵاتەی هەژاند. بەهۆی گوشاری میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە، سەرۆکوەزیرانی فینلاند، دەسەڵاتی خۆی بۆ ئەو خێزانە کوردە بەکارهێنا و بڕیاری ناردنەوەیانی ڕاگرت.



لە هەشت کەمپی سوێد و فینلاند، زیاتر لە 34 حاڵەتی پێکەوەنانی خێزان لە نێوان کۆچبەرانی کورد و کۆچبەرانی نەتەوەکانی دیکە تۆمارکراوە

## کورد لە سوید خۆیان لە مزگەوت دەپارێزن

# "مزگەوتەکان بۆ مەبەستی سیاسی کراونەتەوە"

**ڕووداو- ستۆکهۆڵم**

بەدرێژایی مانگی ڕەمەزان، لە کاتی بەربانگدا مزگەوتەکانی سوێد جمەیان دەهات لە عەرەب و سۆماڵی، بەڵام کوردی نیشتەجێی سوید زۆرتر لە ڕێستورانتە کوردییەکان کۆدەبوونەوە.

"لە هەندێک گەڕەکی باکووری ستۆکهۆڵم، هەست ناکەیت لە وڵاتێکی ناموسوڵمانی". ئەمە قسەی ئەحمەد ئەبوو ڕەعدە کە زیاتر لە 30 ساڵە لە سوێد دەژی و پسپۆڕی کاروباری ئایینەکانە.

ئەو کە بە ڕەچەڵەک خەڵکی ئوردنە، ئەندامی ئەنجوومەنی موسوڵمانانی سوێدیشە. ئەبوو ڕەعد بە (ڕووداو)ی گوت "لە سوێد ئازادیی ئاینی هەیە و موسوڵمانانی سوێدیش نموونەیەکی جوانیان پێشکەش کردووە".

بەڵام شەماڵ عەلی کە ئەویش نزیکەی 30 ساڵە نیشتەجێی ستۆکهۆڵمە و خەڵکی باشووری کوردستانە، موسوڵمانانی سوێد بە نموونەیەکی خراپ دەزانێ و دەڵێت "موسوڵمانانی ئەم وڵاتە نموونەیەکی باش نین و وێنەیەکی خراپیان پێشکەشی سوێدییەکان کردووە".

دوو بۆچوونی دژ بەیەک لە دوو نەتەوەی جیاوازەوە کە ئەمە خۆی لە مومارەسەکردنی ئەرکە ئاینییەکانیشدا بەدیار دەخات. بۆ نموونە لە ڕەمەزاندا عەرەب و کوردی سوێد دوو شوێنی گردبوونەوەی جیاوازیان هەیە، یەکەمیان مزگەوت و دووەمیان ڕێستورانتەکان قەرەباڵغ دەکەن.



عەرەب و سۆماڵیەکانی سوێد بەربانگ لەمزگەوت دەکەن و کوردیش لە ڕێستورانتەکاندا

## ناچنە مزگەوت

شانۆ داود، کوردێکی دانیشتووی سوێدە و هەموو ڕەمەزانێک بەڕۆژوو دەبێت، بەڵام هاتوچۆی مزگەوتەکانی سوێد ناکات "چونکە نموونەیەکی باش نەبوون لە سوێد. مزگەوتەکان مۆرکی سیاسییان هەیە و زیاتر کار لەسەر کولتووری عەرەبی دەکەن".

بەڵام زیرەک حاجی تەها کە خەڵکی هەولێرە و نزیکەی 16 ساڵە نیشتەجێی شاری ستۆکهۆڵمە، ڕەتیکردەوە هیچ هۆکارێک هەبێت بۆئەوەی کورد ڕوو لە مزگەوتەکان نەکەن "لەبەرئەوەی زۆربەی کاتەکانمان لە ئیشین و ڕۆژانی هەینیش پشوو نییە، ئەمە وا دەکات بۆ بەربانگ و تەنانەت بۆنە ئاینییەکانیش زیاتر لە چێشتخانە کوردییەکان کۆببینەوە".

مزگەوتی خەدیجە لە گەڕەکێکی باکووری ستۆکهۆڵم هەڵکەوتووە کە زۆربەی دانیشتووانەکەی بیانین، بەڵام بە دەگمەن نوێژخوێنێکی کورد لە مزگەوتەکە دەبینی.

شێخ محەممەد حافز کە خەڵکی سووریایە و گوتاربێژی مزگەوتی خەدیجەیە، دەڵێت ڕۆژانە خواردنی زیاتر لە 200 کەس بۆ بەربانگ ئامادە دەکەن "کەشێکی وامان دروست کردووە، ڕۆژووەوان هەست بە غەریبی نەکەن".

مزگەوتەکەی ئەوان وەک یەکێ لە ناوەندە ئیسلامییە دیارەکانی سوێد، لە مانگی ڕەمەزاندا بەردەوام ئاوەدانە. شێخ محەممەد بە (ڕووداو)ی گوت "ڕەمەزانان لەدوای نوێژی بەیانی بەرنامەکانمان دەستپێدەکات و نیوەڕوانانیش وانەی ئاینیمان هەیە، ئێوارانیش لەدوای نوێژ بەربانگ دەکەین و پاشان نوێژی تەراویح دەکەین، بەو شێوەیە ماندوویێتی 21 کاژێر بەڕۆژووبوونی موسوڵمانان بەڕێ دەکەین".

زۆربەی پەنابەرانی کورد دەڵێن بەهۆی کارەکانیانەوە ناتوانن هاتوچۆی مزگەوت بکەن، سامان کەلاری کە پێنج ساڵە لە سوێدە، دەڵێت "حەزم دەکرد ئەو 21 سەعات بەڕۆژووبوونە لە مزگەوت بەسەربەرم، بەڵام ئەگەر کار بکەم چۆن دەتوانم ئەوە بکەم، ئەوەی ئەوان دەیکەن، مومارەسەی ئاین نییە، بەڵکو خۆدزینەوەیە لە کار. ئەوان بەناوی سۆسیال و ئاکاساوە پارەی دەوڵەت دەخۆن".

سیف ئیندرشۆن، کۆمەڵناس دەڵێت "لە سوێد هەموو کەس ئازادە چۆن مومارەسەی ئاین دەکات، بەڵام ڕەمەزان یەک لەو شتانەیە کە نامۆیی کولتووری ئیسلامی لەگەڵ کۆمەڵگەی سوێدی نیشان دەدات". گوتیشی "ناکرێت مانگێک لە هەموو شت داببڕێیت و خەریکی کەشی ئاینیی خۆت بیت".

## هەندێکیان کۆچ دەکەن

ڕۆژووگرتن لە وڵاتانی باکووری ئەورووپا زەحمەتیی زۆری بۆ موسوڵمانانی ئەو وڵاتە دروست کردووە. لە باشووری سوید 19 بۆ 20 کاژێر و لە ناوەڕاست و پایتەخت 21 کاژێر و لە باکووری ئەم وڵاتە دەبێت 23 کاژێر بەڕۆژوو بن.

فەلاح حەسەن ڕەحیم کە دووکانی سەوزە و میوەی هەیە، دەڵێت "ڕاستییەکەی بۆ من ئەستەمە هەر 30 ڕۆژەکەی بگرم، ڕۆژێک نارۆژێک بەڕۆژوو دەبم". گوتیشی "ساڵانە زۆربەمان گەشت دەکەین، یان دەگەڕێینەوە وڵاتی خۆمان، یان دەچینە یەکێک لەو وڵاتانەی کە کاتی بەڕۆژووبوونی کەمە".

حەسەن کە خەڵکی باشووری عێراقە دەڵێت "لەلای ئێمەی عەرەبی عێراق نەریت وایە کە بۆ مانگی ڕەمەزان پشووی ساڵانە وەردەگرین، ڕەمەزان لە وڵاتی خۆمان یان لە وڵاتێکی دیکە بەڕێ دەکەین".


Family Mall
Shopping & Entertainment Center
Erbil
Family Mall
Carrefour
hi!
EMPIRE CINEMA
KFC sogood
LC WAIKIKI
Family Mall - 100m street – Erbil – Kurdistan Region – IRAQ
www.familymallarbil.com
E-mail: info@familymallarbil.com
Phone Number: 009647505618484


Gulanpark
T: +964 750 444 1414 T: +964 750 444 1515
Email: sales@gulanpark.net
www.gulanpark.net
Adress: Gulan Street Ankawa Cross
Block No: 2163/40/44 Kurdistan
WORLD TRADE CENTER® ERBIL
sbözelgroup
KOREK


جیهان ستی...
جیهانی شادی و دڵنیایی
★ ئەپارتمانەکانمان لەسەر تازەترین شێواز دروست کراوە.
★ کەرستەی بەکار هاتوو لە باڵەخانەکان و لە دروستکردنی ئەپارتمانەکان لە باشترین براندەکانی جیهانە.
★ چوار ئەسانسور (مەسعەد)، پرسگەی تایبەت لەهەر باڵەخانەیەکدا.
★ کاتژمێر چاودێری.
★ قوتابخانە.
★ مزگەوت.
★ نورینگەی پزیشکی.
★ سەنتەری وەرزشی و مەلەوانگەی کراوە و داخراو.
★ رووبەرێکی فروانی سەوز.
★ مۆلی بازرگانی.
CIHAN CITY
www.cihancity.com
CIHAN CITY
جیهان ستی..
یەکێك لە پرۆژەکانی جیهان گروپ
CABA
هەولێر - ڕێگای کەرکوك - پشت بەرێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەولێر
ژمارەی مۆبیل: 07502324343 / 07707043131


برنجی محمود
خۆش تام و بەسود
MAHMOOD RICE
رز محمود
ممتاز
١١٢١
100%
MAHMOOD RICE®


شیری ئاڵتونسا
100%
سروشتی یە
altunsa
MILK
powder



## بە شیرینی بەربانگ سووتا

**رووداو- راپەڕین**

بەپێی راگەیەندراوێکی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی راپەڕین کە وێنەیەکی بۆ (رووداو) نێردراوە رۆژی 2016/6/27 کچێکی تەمەن 20 ساڵان دانیشتووی گەڕەکی راپەڕینی شارۆچکەی قەڵادزێیە بە سووتاوی گەیەنراوەتە نەخۆشخانەی شەهیدانی نوێی قەڵادزێ. بەپێی راگەیەنراوەکەی پۆلیس" ئەو کچە لەکاتی دروستکردنی شیرینی بۆ بەربانگ رۆنی گەرمی بەسەردا رژاوە و بەو هۆیەشەوە سووتاوە، بەگوێرەی راپۆرتی پزیشکی نەخۆشخانەش رێژەی سووتاوییەکەی لە 60% بووە و بەهۆی زۆری رێژەکەش بۆ نەخۆشخانەی سووتاوی لە سلێمانی بەڕێکراوە". پۆلیس دەستی بە لێکۆڵینەوە لە رووداوەکە کردووە.

# مێرمنداڵێک برا گەورەکەی خۆی دەکوژێت

**پشتیوان جەمال**
**رووداو- هەولێر**

مێرمنداڵێک برا گەورەکەی خۆی دەکوژێت و برایەکی دیکەشی بریندار دەکات. پاشان خۆی رادەستی هێزە ئەمنییەکان دەکات، لەبەردەم پۆلیسیشدا دانی بە تاوانەکەیدا ناوە و گوتوویەتی "لەگەڵ دایکی تووشی کێشە بووە و زللەیەکی لە دایکی داوە، دایکی داوای بەهاناوەچوونی لە برا گەورەکەی کردووە و ئەوانیش لێیان داوە". بەڵام باوکی دەڵێت "بەڕێکەوت فیشەکی لەدەست دەرچووە و رووداوەکە قەزا و قەدەر بووە".

ئەم رووداوە ئێوارەی 2016/6/17 لە گەڕەکی هاوکاریی شاری هەولێر روویدا.

سەنگەر ئەسعەد، تەمەن 26 ساڵ کە خێزاندارە و منداڵیشی هەیە، لەلایەن برایەکی لە خۆی بچووکترییەوە بەنێوی (م)، تەمەن 16 ساڵ، کوژرا.

نەقیب هۆگر عەزیز، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای هەولێر بە (رووداو)ی راگەیاند، ئەو تۆمەتبارە لە لێکۆڵینەوەی پۆلیسدا دانی بە تاوانەکەیدا ناوە و گوتوویەتی "ئەو لەگەڵ دایکی ژیاوە و تووشی کێشە بوون و زللەیەکی لە دایکی داوە، دایکیشی پەیوەندی بە سەنگەرەوە کردووە، کاتێکیش سەنگەر گەڕاوەتەوە لەگەڵ برایەکی دیکەی لەویان داوە، ئەویش دەستی بە کلاشینکۆفێک گەیشتووە و تەقەی لێکردوون، بەو هۆیەشەوە فیشەکێک بەر سنگی سەنگەر کەوتووە و دەستبەجێ گیانی دەرچووە، فیشەکێکیش بەر رانی براکەی دیکەی کەوتووە و بریندار بووە. پاشان تۆمەتبارەکە خۆی رادەستی ئاسایشی باداوە کردووە و ئەوانیش تەسلیمی پۆلیسیان کرد".

نەقیب هۆگر رەتیکردەوە کە ئەو تۆمەتبارە نەخۆشیی دەروونی هەبێت و گوتی "ئەو تۆمەتبارە دەڵێت لەلایەن برا گەورەکەیەوە زۆر ئازار دراوە، بۆیە بە مەبەستی کوشتن تەقەی لێکردووە".

دراوسێیەکی ماڵی سەنگەر کە ئاگاداری رووداوەکە بووە بە (رووداو)ی گوت "سەرەتا کێشە لەنێوان (م) و برا بریندارەکەیدا دروست بووە، دواتر دایکیان هانای بۆ برا گەورەکەیان بردووە بۆ ئەوەی ناوبژییان بکات، بەڵام کاتێک هاتووە دیسانەوە بووەتە دەمەقاڵێیان و بەو هۆیەوە (م) پەنای بۆ چەک بردووە، ئەو برایەی بریندار کردووە و ئەوەی دیکەشیانی کوشتووە".

(م) تاوانەکەی بە چەکی باوکی کردووە، بەڵام باوکی قسەیەکی پێچەوانەی پۆلیس و دراوسێکەیان لەبارەی رووداوەکە دەکات. ئەسعەد عومەر رەتیکردەوە کوڕەکەی بە ئەنقەست سەنگەری کوشتبێت و گوتی "لە کاتی رووداوەکەدا هەر سێ کوڕەکەم لە ماڵەوە بوون و ئەو رۆژەش (م) بەڕێکەوت دەستکاری چەکی کردووە و فیشەکێکی لەدەست دەرچووە، سەرەتا بەر رانی کوڕەکەی دیکەم کەوتووە و پاشانیش هەر ئەو فیشەکە بەر سەنگەر کەوتووە و بەو هۆیەوە کوژراوە".

باوکی سەنگەر هەروەها گوتیشی "هیچیان کێشە و شەڕیان نەبووە، بەڵکو رووداوەکە قەزا و قەدەر بووە، چونکە ئەوەندەی (م) لە ماڵی سەنگەر بووە و نێوانیان باش بووە، ئەوەندە لە ماڵی خۆمان نەبووە".

بۆ قسەی تۆمەتبارەکەی کوڕیشی کە گوتوویەتی بەهۆی دروستبوونی کێشە لەگەڵ دایکی براکانی لێیان داوە و ئەویش دەستی بۆ چەک بردووە، ئەسعەد گوتی "تا نەیبینم نازانم ئەو قسەیەی کردووە یان نا، بەڵام (م) منداڵە و ئاگای لە خۆی نییە و تائێستاش نازانێت براکەی ماوە یان مردووە"، ئاخۆ ئەوان سەردانیان کردووە تا بزانن زانیویەتی براکەی ماوە یان نا".

ئەو رووداوە لە کاتێکدایە کە سەرلەبەیانی رۆژی 2016/5/20 یش لەنێو بازاڕی قەزای بنەسڵاوەی سەر بە شاری هەولێر گەنجێکی تەمەن 22 ساڵ لەبەردەم دووکانەکەیدا لەسەر ئەوەی داوای لە برا تەمەن 14 ساڵەکەی کردبوو قژی کورت بکاتەوە، براکەی فیشەکێکی پێوە نا و کوشتی. دوای 20 رۆژیش بکوژەکە خۆی رادەستی پۆلیس کرد.



سەنگەر ئەسعەد

# بە بەرچاوی ژنەکەیەوە بە چەقۆ دەکوژرێت

**عومەر چاوشین**
**رووداو- رانیە**

زەنگی مۆبایلەکەی مەحموود لێدەدات، ئەویش وەڵام دەداتەوە. کەسێک پێیدەڵێت: "وەرە دەرەوە"، بەڵام ئەو ناچێت. دووبارە تەلەفۆنی بۆ دەکەنەوە و لەگەڵ چوونە دەرەوەیدا، هەر لەبەر دەرگای ماڵەکەیان بە بەرچاوی ژنەکەیەوە دەدرێتە بەر چەقۆ و دەکوژرێت.

بەرەبەیانی رۆژی 2016/6/28 پیاوێکی تەمەن 40 ساڵ بەنێوی مەحموود ساڵح حەسەن، لە گەڕەکی قولەی شاری رانیە لەبەردەم ماڵەکەی خۆیدا درایە بەر چەقۆ و کوژرا، تۆمەتبارەکان کە دوو کەس بوون، هەرزوو لەلایەن پۆلیسەوە دۆزرانەوە و دەستگیرکران.

ئەو پیاوە کە خاوەنی حەوت منداڵ بوو، لەنێو خەڵکیدا بە وەستا مەحموود بانگ دەکرا، چونکە کاری چاککردنەوەی ماتۆرسکیلی دەکرد.

سەمیعە شێخ محەممەد، هاوژینی وەستا مەحموود کە لە کاتی رووداوەکەدا لەوێ بووە، بە (رووداو)ی گوت "دوای سەعات یەکی شەو، کەسێک تەلەفۆنی بۆ کرد و پێیگوت وەرە دەرەوە، بەڵام ئەو نەیدەویست بچێتە دەرەوە. زۆری نەبرد دیسان تەلەفۆنیان بۆ کردەوە، زۆر لێی پاڕامەوە کە نەچێتە دەرەوە، بەڵام گوتی دەچم بزانم چییان لە من دەوێت".

سەمیعە دڵی خورپە دەکات، بۆیە بەدوای هاوژینەکەیدا دەچێتە دەرەوە، دەبینێ لەبەردەرگا لەگەڵ دوو کەس دەمەقاڵەیانە، هەر ئەوەندە دەبینێت یەکێکیان چەقۆیەک دەردێنێ و لە سکی مەحموودی دەدات.

سەمیعە دوو کەسی لەبەردەرگا بینیوە کە هەردووکیان بە تەمەن لە مەحموود بچووکتر بوونە و ئۆتۆمبێلێکیان پێبووە. سەمیعە نازانێت شەڕی مەحموود و ئەو دوو کەسە لەسەر چی بووە، بەڵام دەڵێت "یەکێکیان کە ناسیاوی خۆمانە، توند باوەشی بە مەحمووددا کردبوو دەیگوت: بمکوژە، ئەجەلم بە دەستی تۆ هاتووە. مەحموودیش هەر لەو خۆی دووردەخستەوە و دەیگوت وازم لێبێنن من شەڕکەر نیم".

سەمیعە لەبەر کەسەکەی دیکە پاڕاوەتەوە کە کۆتایی بەو دەمەقاڵەیە بێنن و بێنە ژوورەوە چایەک بخۆنەوە، لەو کاتەدا ئەوەی دیکەیان دەکشێتەوە و بەردێک هەڵدەگرێتەوە و لە مەحموودی دەگرێت، بەڵام ئەو خۆی لادەدات. سەمیمە دەڵێت "یەکێکیان چوو لەنێو ئۆتۆمبێلەکە چەقۆیەکی گەورەی دەرهێنا و یەکسەر لە سکی مەحموودی راکرد، دواتر هەردووکیان هەڵاتن".

سەمیعە، هاوژینە بریندارەکەی دەگەیەنێتە نەخۆشخانە، بەڵام بەهۆی قووڵیی برینەکەی لە نەخۆشخانە دەمرێ.

مەحموود سێ ژنی هەبووە، بەڵام ئێستا تەنیا سەمیعەی لەلایە و ئەویش کەمئەندامە. بنەماڵەی وەستا مەحموود سەرەتا بڕیار دەدەن تۆڵەی خۆیان بکەنەوە، بۆیە رۆژی یەکەم پرسەی بۆ دانانێن، بەڵام دواتر بڕیار دەدەن کێشەکە بە یاسا چارەسەر بکەن.

ئەحمەد کە برا گەورەی مەحموودە و لە پرسەی براکەیدا پێشوازی لە میوانەکان دەکرد، بە (رووداو)ی گوت "براکەم کەسێکی بێ کێشە بوو، نازانم بۆچی کوشتیان.

ئەوانەی کوشتوویانە ناسیاوی خۆمانن. 12 سەعات دوای رووداوەکە لەلایەن پۆلیسەوە لە شارۆچکەی کۆیە دەستگیرکران، بەڵام هێشتا نازانین بۆچی کوشتوویانە".

رێبوار قادر، لێپرسراوی بەشی پزیشکی داد لە نەخۆشخانەی گشتیی رانیە دەڵێت بەپێی ئەو توێکارییەی بۆ تەرمی مەحموود کراوە، دەرکەوتووە تەنیا چەقۆیەکی بەرکەوتووە، چەقۆیەکە بەر سینگی کەوتبوو، دەمارەکانی گرتبوو، بەو هۆیەشەوە تووشی خوێنبەربوون هاتبوو".



مەحموود ساڵح حەسەن

# کوشتیان و ئۆتۆمبێلەکەیان برد

**عومەر چاوشین**
**رووداو- دوکان**

زۆربەی بەیانیانی مانگی رەمەزان کە پارشێوی دەکرد، بە ئۆتۆمبێلەکەی خۆی دەچووە نێو زەوییەکەی بۆ ئاودانی باخەکەی. بەڵام رۆژێکیان لە گەڕانەوە دوادەکەوێت، بۆیە خێزانەکەی دەکەونە گومانەوە و کاتێک دەچن سۆراغی بکەن، جەستەیەکی بێ گیان لە نێو زەوییەکەدا دەدۆزنەوە.

رۆژی 2015/6/25 پیاوێکی تەمەن 64 ساڵ، بەنێوی تاهیر خدر ساڵح، دانیشتووی ناحیەی خەلەکانی سەر بە قەزای دووکان، لە نێو زەوییە کشتوکاڵییەکەیدا کوژرا، بەڵام تاوەکو ئێستا نازانرێت لەلایەن کێوە کوژراوە. دوای کوشتنیشی، ئۆتۆمبێلەکەی و مۆبایل و پارەکانیان بردووە.

بە گوتەی کەسوکارەکەی، ئەو رۆژە تاهیر دوای پارشێوکردن چووەتە گوندەکەی خۆیان (گوندی شێخ عوبێد) بۆ ئەوەی باخەکەی ئاو بدات. هەموو رۆژێک لە کاتێکی دیاریکراودا گەڕاوەتەوە ماڵەوە، بەڵام ئەو رۆژە دواکەوتووە. کاتێکیش تەلەفۆنیان بۆ کردووە، مۆبایلەکەی داخراوە، بۆیە گومان دەکەن تووشی رووداوێک بووبێ، کوڕەکەی بە پەلە دەچێتە باخەکەیان، بەڵام لەوێ باوکی بە کوژراوی دەبینێ.

فەقێ عومەر حوسێن، خوشکەزای تاهیر کە بەناوی بنەماڵەکەیانەوە قسەی بۆ (رووداو) کرد، گوتی "خاڵە تاهیر کاژێر پێنجی بەیانی لەماڵ دەرچووە بۆ ئاودانی زەوییەکەی، هەموو رۆژێک کاتی گەڕانەوەی دیار بوو، بەڵام ئەو رۆژە دواکەوت، لە ماڵەوە تەلەفۆنی بۆ دەکەن دەبینن مۆبایلەکەی داخراوە".

کاتێک تاهیر وەڵام ناداتەوە، کوڕە گەورەکەی لەگەڵ دوو کەسی دیکە بۆ سۆراغی دەچنە نێو باخەکە، دوای ماوەیەک گەڕان دەبینن تەرمی تاهیر لە نێو خانووی باخەکەدا کەوتووە.

فەقێ عومەر گوتی "تاهیر بە سێ فیشەک کوژراوە، دوای کوشتنیشی، ئۆتۆمبێلەکەی لە پیکابێکی هایلۆکس بوو، لەگەڵ مۆبایلەکەی و ئەو پارەیەی پێی بووە بردوویانە".

فەقێ عومەر رەتیکردەوە کە تاهیر کێشەی لەگەڵ کەس هەبووبێ، یان لەسەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی کوژرابێ و گوتی "ئەوانەی ئەو کارەیان کردووە تەنیا بۆ ئۆتۆمبێل و پارەکەی کوشتوویانە، ئەگینا ئەو پیاوە هیچ کێشەیەکی نەبووە".

تاهیر پێشتر خانەنشینی پێشمەرگە بووە، جگە لەوەش لە گوندەکەی خۆیان سەرقاڵی کشتوکاڵ بووە. بە گوتەی فەقێ عومەر کێشەی پارەی نەبووە و باری دارایی باش بووە، خاوەنی دووکان و خانوو و زەویی کشتوکاڵی بووە.

بنەماڵەی تاهیر نازانن کێ تاوانبار بکەن، چونکە دەڵێن تاهیر و کەسە نزیکەکانی کێشەیان لەگەڵ کەس نەبووە. فەقێ عومەر گوتی "هەر کەسێک ئاشکرا بێ دەستی لە کوشتنی خاڵمدا هەیە لێی خۆش نابین، چونکە ئەو بە غەدر کوژراوە".

ملازم ئاسۆ مەجید، لێپرسراوی کارگێڕیی پۆلیسی قەزای دوکان بە (رووداو)ی گوت، دۆسیەی لێکۆڵینەوەیان بۆ رووداوەکە کردووەتەوە، گوتەی کەسوکاری قوربانییەکەیان وەرگرتووە، بەڵام تاوەکو ئێستا بکوژی تاهیر نەدۆزراوەتەوە. مولازم ئاسۆ گوتی "ئەوەی تا ئێستا روون بووەتەوە ئەو کەسە لە نێو باخەکەی خۆیدا لە گوندەکەیان بە چوار فیشەک کوژراوە. پۆلیس لە لێکۆڵینەوەکانی بەردەوامە".



تاهیر خدر ساڵح



**منداڵێک باوکی خۆی دەکوژێت**

**رووداو- سلێمانی**

نەقیب سەرکەوت ئەحمەد، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی سلێمانی بە (رووداو)ی ڕاگەیاند، شەوی 2016/6/29 لە ناحیەی عەربەتی نزیک شاری سلێمانی، منداڵێکی تەمەن 9 ساڵ بەهۆی دەستکاریکردنی دەمانچەوە باوکی خۆی کوشتووە و برایەکیشی بریندارکردووە. نەقیب سەرکەوت گوتی "منداڵەکە دەستکاری دەمانچەی باوکی کردووە، گوللەیەک لە دەمانچەکە دەرچووە و بەر برایەکی کەوتووە کە لەگەڵ ئەو جمکن، هەمان فیشەک بەر باوکی کەوتووە، دوای گەیاندنیان بۆ نەخۆشخانە، باوکی منداڵەکە گیانی لەدەستداوە و براکەشی لەژێر چاودێری پزیشک دایە".

# خوشکەزاکەی خۆی بۆ ئۆتۆمبێلەکەی دەکوژێ

**پشتیوان جەمال**
**رووداو- سلێمانی**

دوای چەند کاژێرێک لە دیارنەمانی، پۆلیس کەسوکاری شالاو لە دۆزینەوەی تەرمەکەی ئاگادار دەکەنەوە. کەسوکاری لە سێیەم ڕۆژی پرسەکەیدا تووشی شۆک دەبن، کاتێک بۆیان ئاشکرا دەبێت کە کوڕەکەیان لەلایەن خاڵی خۆیەوە کوژراوە.

ڕۆژی 2016/6/16، پۆلیسی هەڵەبجەی تازە تەرمی کەسێک دەدۆزنەوە. دوای لێکۆڵینەوە دەردەکەوێت ئەو کەسە ناوی شالاو ئەشرەفە. پاش تێپەڕبوونی 11 ڕۆژ بەسەر ڕووداوەکەدا، پۆلیس کەسێک بەنێوی (ە.ع) لە قەزای سۆران بە تۆمەتی ئەنجامدانی تاوانەکە دەستگیر دەکەن.

شالاو ئەشرەف، 23 ساڵ، لە بنکەی مەشقی کانی گۆمەی سلێمانی پێشمەرگە بوو. باوکی دوو منداڵ بوو. تۆمەتبارەکەش کە خاڵی خۆیەتی ماڵی لە نزیک ماڵی ئەوانە لە هەڵەبجەی تازە.

نەقیب سەرکەوت ئەحمەد، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی بە (رووداو)ی ڕاگەیاند، ڕۆژی 2016/6/15 تەرمی شالاو لەلایەن شوانێکەوە دۆزراوەتەوە. سەرەتا وای زانیوە خەوتووە، بەڵام دواتر کە خوێنی بینیوە پۆلیسی ئاگادار کردووەتەوە.

دوای بەدواداچوونی پۆلیس و بە قسەی نزیکترین هاوڕێی کوژراوەکە، شالاو گوتوویەتی لەگەڵ (ە.ع)ی خاڵی دەچنە ناوچەی شاربازێر، بۆیە پۆلیس هەر زوو گومان لە خاڵی شالاو دەکەن. نەقیب سەرکەوت گوتی "شالاو لەگەڵ خاڵیدا لە شارۆچکەی هەڵەبجەی تازەوە بەرەو ناوچەی شاربازێڕ چوون، لەنزیک ناحیەی گاپیلۆن (ە) فیشەکێکی بە سەری خوشکەزاکەیەوە ناوە و کوشتوویەتی و ئۆتۆمبیلەکەشی کە لە جۆری هایلۆکس بووە، بردووە و لە سلێمانی فرۆشتوویەتی. پاشان چووەتە هەولێر".

بە گوتەی نەقیب سەرکەوت "تۆمەتبارەکە لەلایەن پۆلیسی هەولێرەوە دەستگیرکراوە و بڕیارە ڕادەستی پۆلیسی سلێمانی بکرێتەوە. کەسوکاریشی سکاڵایان لەدژی (ە) تۆمار کردووە و گومان دەکرێت بۆ ئۆتۆمبێلەکەی کوشتبێتی".

جەبار ئەحمەد، مامی شالاو دەڵێت "لەلایەن خاڵی خۆیەوە بە غەدر و بێتاوان کوژرا". ئەو گوتی "بە قسەی ژنەکەی شالاو، (ە) نزیکەی کاژێر هەشتی بەیانی 2016/6/15 هاتووە بۆ ماڵیان و شالاو بە ژنەکەی گوتووە کە لەگەڵ خاڵی دەڕوات بۆ سلێمانی، پێشیگوتووە کە 2100 دۆلاری پێیە و دەیەوێ لە سلێمانی هەندێک قەرز بداتەوە".

ڕاپۆرتی پزیشکی داد لەبارەی تەرمەکە دەڵێت فیشەکێک لە پشتی سەری دراوە و لەلای چاوییەوە دەرچووە.

ئەو ئۆتۆمبێلەی لەلای شالاو بووە، هی باوکی بووە. جەبار دەڵێت ئەوان دڵنیان کە شالاو بۆ ئۆتۆمبێلەکە کوژراوە و گوتی "100% بەڵگەمان هەیە بۆ ئۆتۆمبێلەکە کوشتوویەتی، چونکە دوای ڕووداوەکە بە تەلەفۆنی شالاو تەلەفۆنی بۆ خاوەنی سەنەوی ئۆتۆمبیلەکە کردووە بۆ مامەڵەی فرۆشتن. ئۆتۆمبێلەکەی لە پێشانگایەکی سلێمانی بە 14 هەزار و 500 دۆلار فرۆشتبوو، 10 هەزار دۆلاری وەرگرتبوو، ئەوەی دیکەش مابووەوە بۆ دوای بەناوکردنی ئۆتۆمبێلەکە. لە کامێرای چاودێریی پێشانگاکەشدا دەرکەوتووە کە مامەڵە دەکات، بەڵام دوای ڕووداوەکە ئەو کەسەی ئۆتۆمبێلەکەی کڕیبوو ئۆتۆمبێلەکەی ڕادەستی پۆلیسی کردووە".

بە گوتەی جەبار، ئەو ڕۆژەی شالاو لە ماڵەوە هاتووەتە دەرەوە و دەنگی نەبووە، دایکی و ژنەکەی تەلەفۆنیان بۆ کردووە، بەڵام وەڵامی نەداوەتەوە، دواتر تۆمەتبارەکە بە مۆبایلەکەی شالاو نامەیەکی بۆ دایکی شالاو ناردووە و نووسیویەتی ئیشم هەیە، پاشان مۆبایلەکەی داخستووە. کاتێکیش کەسوکارەکەی دەزگا ئەمنییەکان ئاگادار دەکەنەوە و دەڵێن لەگەڵ خاڵی ڕۆیشتووە، پەیوەندی بە چەند ژمارە تەلەفۆنێکی (ە) دەکەن، بەڵام سەرجەمیان داخراون. ڕۆژی 2016/6/27 کاتێک ویستوویەتی لە ناحیەی دیاناوە بچێتە قەزای سۆران، لەلایەن پۆلیسی سۆرانەوە دەستگیرکراوە.

جەبار باسی پەیوەندیی شالاو و (ە)ی کرد و گوتی "نەک هەر کێشەیان نەبوو، بەڵکو بەردەوام شالاو و ماڵی براکەشم هاوکارییان دەکرد. تەنانەت شالاو لەگەڵ خۆی دەیبرد بۆ کار. ماوەی پێنج ساڵیشە ماڵی باوکی شالاو (ە) بەخێو دەکەن".

جەبار باسی هەڵوێستی براکانی بکوژ و براژنەکەی کرد و گوتی "بێگومان کوشتنی شالاویان بەلاوە ناخۆش بوو، دایکی شالاو بە دادوەری گوتووە (ە)ی برای لە سێدارە بدەن، لەبەرئەوەی کوڕەکەی بە بێتاوان کوشتووە".



شالاو ئەشرەف

# پۆلیسێک لە خانووە تەواونەکراوەکەیدا خۆی خنکاند

**پشتیوان جەمال**
**رووداو – هەولێر**

پۆلیسێکی دانیشتووی شاری هەولێر لە خانووە تەواو نەکراوەکەیدا بە پەتێک خۆی خنکاند و هەندێک لە هاوڕێ و کەسە نزیکەکانی دەڵێن بەهۆی قەرزداری و هەندێکیش دەڵێن بەهۆی کێشەی خێزانی خۆی کوشتووە، بەڵام کوڕەکەی ئەو قسانە ڕەتدەکاتەوە.

قادر عەبدوڵڵا، تەمەن 49 ساڵ و پۆلیسی بەشی پاسەوانی، ڕۆژی 2016/6/23 لە نێو خانووەکەی خۆیدا لە گەڕەکی ژیانی شاری هەولێر بە پەتێک خۆی خنکاند.

نەقیب هۆگر عەزیز، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای هەولێر لە پەیجی بەڕێوەبەرایەتییەکەی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک هەواڵی خۆکوشتنی ئەو پۆلیسەی بڵاوکردەوە و ڕاشیگەیاند کە ئەو پۆلیسە خاوەنی چوار منداڵە.

قادر و ژنەکەی خەڵکی دەڤەری ڕاپەڕین، بەڵام چەند ساڵێکە لە هەولێر نیشتەجێن، هاوڕێیەکی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە بە (رووداو)ی گوت، ئەو پۆلیسە خەریکی دروستکردنی خانوو بوو، چەند ڕۆژێک پێش خۆخنکاندنەکەی، ماڵی جێهێشتبوو، دوای گەڕانەوەشی لای چەند هاوڕێیەکی باسی هەندێ کێشەی لەگەڵ خێزانەکەیدا کردبوو.

هاوڕێکەی قادر گوتی "ئەو ڕۆژەی ڕۆیشتبوو واجبی نەبوو، ڕۆژێکیش دەوامی نەکرد، دواتر خێزانەکەی بە دوایدا گەڕابوون و پەیوەندییان بە بەڕێوەبەرایەتییەکەشیەوە کردبوو کە ون بووە، دوای بەدواداچوون دەرکەوت ڕۆیشتبووەوە بۆ سنووری ڕانیە و پاشان کوڕەکانی هێنایانەوە".

هاوڕێکەی هەروەها گوتی "دوای گەڕانەوەی بۆ دەوام، لای هاوڕێکانی گوتبووی کە لەگەڵ خێزانەکەی کێشەی هەیە، بەس باسی کێشەکەی نەکردبوو، بەهۆی دروستکردنی خانووشەوە قەرزدار بوو، بەڵام قەرزەکە ئەوەندە زۆر نەبوو".

کەسێکی نزیکی ئەو پۆلیسە لە شارۆچکەی ڕانیە بە (رووداو)ی گوت، کاتێک قادر چووەتە ڕانیە لەلای خزمەکانی نەماوەتەوە، بەڵکو سێ ڕۆژ لە شاخ بووە، دواتر پەیوەندی بە خزمەکانییەوە کردبوو، ئەوانیش بردبوویانە لای خۆیان. کاتێکیش لێیان پرسیبوو بۆچی هاتووی؟ گوتبووی کەمێک بێزار بووم".

وەکو ئەو کەسە ئاماژەی بۆ کرد، دوای چەند کاژێرێک کوڕەکانی هاتوون قادریان بردووەتەوە و گوتی "کەسوکاری پێیانگوتبوو تووشی هەر کێشەیەک بوویت ئاگادارمان بکەوە، بەڵام دواتر هەواڵی خۆکوشتنیان پێدابوون، پێدەچێت پێشتر کێشەی لەگەڵ خێزانەکەیدا هەبووبێت و قەرزداریش بووبێت".

بەڵام غەمگین قادر، کوڕی قوربانییەکە بە (رووداو)ی ڕاگەیاند، ئەو ڕۆژە باوکی لە دەوام بووە و پاشان چووە بۆ سەرپەرشتی خانووەکەیان و گوتی "نازانین بۆچی خۆی خنکاندووە، ڕۆژی ڕووداوەکەش لەگەڵ دایکم قسەی خۆش و ئاساییان کردووە، بەڵام دوای نەگەڕانەوەی لە خانووەکە دایکم پەیوەندی بە براکانمەوە کردووە، کاتێک چوونەتە خانووەکە بە ڕووداوەکەیان زانیوە".

غەمگین ڕەتیکردەوە باوکیان بەهۆی کێشەی لەگەڵ دایکی خۆی کوشتبێت و گوتی "ڕەنگە وەکو زۆربەی ژن و مێردەکان کێشەیان هەبووبێ، بەڵام ڕاست نییە کە بەوهۆیەوە خۆی کوشتبێت و تەنانەت نێوانیان زۆر باشیش بوو".

گوتیشی کە باوکی بەو ئەندازەیە قەرزدار نەبووە بە هۆیەوە خۆی بخنکێنێت.

غەمگین لە باسی جێهێشتنی ماڵەوە لەلایەن باوکییەوە دەڵێت باوکی ماوەیەک بوو بێتاقەت بوو "ڕەنگە هەر بۆ پشوودان و گۆڕینی کەشوهەوا ڕۆیشتبێتە ڕانیە، لەوێش سەردانی ماڵی مامەکانمی کردبوو، دواتریش هێنامانەوە، ئەگینا ڕۆیشتنەکەی پەیوەندی بە کێشەوە نەبوو".

قادر دوو پرسەی بۆ دانرا یەکێکیان لە هەولێر و ئەوی دیکەیان لە ڕانیە. کەسە نزیکەکەی قادر گوتی "کاتێک چووین بۆ هەولێر ویستمان تەرمەکەی بیهێنینەوە بۆ ڕانیە، بەڵام خێزانەکەی تەرمەکەیان نەدایەوە و گوتیان دەمانەوێت لە هەولێر بینێژین، ئێمەش کەمێک نیگەران بووین و لە ڕانیە پرسەمان بۆ دانا".

غەمگین لەو بارەیەوە گوتی "ڕەنگە پێشتر باوکم و کەسوکاری هەندێک کێشەیان هەبووبێت، بۆیە ڕێگەمان نەدا تەرمەکەی بۆ ڕانیە ببەنەوە و دوو پرسەمان دانا".





موقەدەمی مافپەروەر
ژیلەمۆ عەبدولقادر

## قوربانییەکی خۆشەویستی

کێشەی خۆی لەلای چەند ڕێکخراوێکی کۆمەڵگەی مەدەنی باس کردبوو، بەڵام هیچیان پێیان چارەسەر نەکرابوو، هەندێکیان ڕێنمایی کچەکەیان کردبوو کە سەردانی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان بکات. ئەویش لەسەر قسەی ئەوان سەردانی کردین.

کچەکە بەسەرهاتی خۆی بۆ گێڕاینەوە و گوتی کەسێک لە نزیک ماڵی ئێمە کاری دەکرد، لەو ڕێگەیەوە تێکەڵاویی لەگەڵ خێزانەکەم دروستکرد. زۆر سەیری منی دەکرد، زانیم هەستێکی هەیە بەرامبەرم، تا ڕۆژێکیان بە ئاشکرا پێیگوتم خۆشمدەوێی. منیش هیچ هەڵسوکەوتێکی خراپم لەو پیاوە نەدیتبوو، بۆیە ڕەتمنەکردەوە، هەرچەندە دەمزانی ژنیشی هەیە. ماوەیەکی زۆر قسەمان بەیەکەوە کرد، تا ڕۆژێکیان پێمگوت با چیدی بەو شێوەیە درێژەی پێنەدەین، وەرە خوازبێنیم. پێمگوت لاریم نییە لەوەی سەر بە هەوێ شوو بکەم، بەس ماڵی جیام هەبێت. بەڵێنی دا خانوویەکم بۆ دروست بکات، دوو ساڵ پەیوەندی خۆشەویستیمان هەبوو، دوو سێ جار منی بردە دەرەوە و خانوویەکی پێ نیشاندام، گوایە ئەو خانووەی بۆ من دروستکردووە و من هیچ بیانوویەکم نەما بۆ ئەوەی شووی پێنەکەم، بەڵام ڕۆژێکیان هەر لە خۆمەوە هەستێکم بۆ دروست بوو کە من بۆچی سەر بە هەوێ شوو بکەم. پەشیمان بوومەوە شوو بەو پیاوە بکەم. بەڵام ئەو پیاوە وازی لێ نەدەهێنام، بەردەوام تەلەفۆنی بۆ دەکردم، ژمارە تەلەفۆنەکەم گۆڕی، ئەمجارە وەکو ئەوەی پاسەوانی ماڵەکەمان بێت، هەرکاتێک من دەهاتمە دەرەوە دوامدەکەوت. تەنانەت لەبەر ئەو ناچار بووم واز لە کارەکەم بهێنم، چونکە زوو زوو دەهاتە شوێنی کارەکەم. ئێستا لەبەر ئەو ناتوانم شوو بکەم، چونکە هەڕەشەم لێدەکات کە بێجگە لەو نابێت شوو بە هیچ کەسێکی دیکە بکەم.

کاتێک بانگی پیاوەکە کرا و پرسیاری لێکرا کە بۆچی هەڕەشە لەو کچە دەکات؟ پیاوەکە گوتی من و ئەو کچە یەکدیمان زۆر خۆشدەویست، کچە بەبێ هیچ هۆیەک لێم دوورکەوتەوە. من بەهۆی خۆشەویستیم بۆ ئەو کچە ماڵم لێ تێکچوو، پشتم لە هاوژینەکەم کرد، هەموو کات و ژیانی خۆم بۆ ئەو تەرخان کرد، تا وای لێهات هاوژینەکەم داوای جیابوونەوەی کرد و لێم جیابووەوە. ئێستاش حەز دەکەم لەگەڵ ئەو کچە دەست بە ژیانێکی نوێ بکەمەوە.

کچەکە دەستی بە گریان کرد و گوتی ڕاستە من سەرەتا پێمگوتی ڕازیم سەر بە هەوێ شوو بکەم، بەڵام دواتر هەر خۆم پێمگوتی لێم دووربکەوە. ئێستاش پێتدەڵێم لێم دووربکەوە، ئەوەی لە نێوانماندا هەبوو بووە ڕابردوو، من بەهیچ شێوەیەک شوو بە تۆ ناکەم.

دوای ئەوەی ڕێوشوێنە یاساییەکانی دۆسیەکە بۆ پیاوەکە ڕوونکرایەوە، پیاوەکە بە نابەدڵی بەڵێنی دا کە واز لەو کچە بهێنێ و لێی دووربکەوێتەوە، بەڵام ترسی ئەوەی هەبوو کە ئەگەر ژن بهێنێ ئەو کچە پەشیمان ببێتەوە و کێشەی بۆ دروست بکات، بۆیە بەڵێننامە بە هەردووکیان پڕکرایەوە کە پەیوەندییان بە ژیانی یەکدییەوە نەبێ.

بەپێی یاسای باری کەسی، هاوسەرگیری بریتییە لە گرێبەستێکی ئارەزوومەندانە لە نێوان ژن و پیاو، مەبەستیش لێی پێکهێنانی خێزانە لەسەر بنەمای خۆشەویستی، بەزەیی و بەرپرسیارێتیی هاوبەش. هەرئەو یاسایەش سزای بۆ ئەو کەسانە داناوە کە ڕێگری لە هاوسەرگیریی ئارەزوومەندانە دەکەن. بەپێی برگەی دوو لە ماددەی نۆی یاسای باری کەسیی عێراقی "هەر کەسێک ڕێگا لە یەکێک بگرێ کە شایستەی هاوسەرگیرییە، ئەوا سزاکەی بەندکردن دەبێت بۆ ماوەیەک لە سێ ساڵ کەمتر نەبێت و لە 10 ساڵ زیاتر نەبێ".

*** بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ هەولێر**

# هەڵگەڕانەوەی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا و مەترسییەکانی بۆ کورد



تورکەکان سوپاسی ئەردۆغان دەکەن پاش ئەوەی ئیسرائیل داوای لێبووردنی کرد لە هێرشەکەی بۆ سەر کەشتییەکی تورکیا

ڕووداو- هەولێر

ڕۆژی 27ی حوزەیرانی ڕابردوو تورکیا و ئیسرائیل لەسەر ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانیان ڕێککەوتن، هەمان ڕۆژ یەکێک لە گوتەبێژەکانی کرێملین ڕایگەیاند کە ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆککۆماری تورکیا داوای لێبووردنی لە مۆسکۆ کردووە بەهۆی ڕووداوەکەی مانگی تشرینی دووەمی ساڵی پار کە فڕۆکەیەکی ڕووسی لە لایەن تورکیاوە خرایە خوارەوە. پێشتریش بینالی یلدرم، سەرۆکوەزیرانی نوێی تورکیا ڕایگەیاندبوو کە کار دەکەن بۆ فراوانکردنەوەی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئێران، هەموو تواناکانیش دەبێت بۆ بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات بخرێنە گەڕ. ئەم گۆڕانکارییانە لە قۆناغی پاش کاری پێکەوەیی ئەردۆغان و داودئۆغڵو لە بواری سیاسەتی دەرەوەی تورکیادا دێن.

## قۆناغی پاش داودئۆغڵو

تیمی ئەردۆغان-داودئۆغڵو زۆرترین کێشەیان بۆ سیاسەتی دەرەوەی تورکیا نایەوە کە لە مێژووی تورکیای نوێدا وێنەی نەبووە. لەنێوان ساڵانی 2003 بۆ 2016 ئەحمەد داودئۆغڵو لە پۆستی جیاوازدا کاری لەگەڵ ئەردۆغان کردبوو، هەر لە ڕاوێژکاری باڵای ئەردۆغانەوە بیگرە هەتا دەگاتە وەزیری دەرەوە و دواتریش سەرۆکوەزیرانی تورکیا. دەستەواژەی تیمی ئەردۆغان-داودئۆغڵو بەو مانایە بەکاردێت کە ئەردۆغان خۆیشی پشتیوانی ئەم سیاسەتانە بووە، ئەگەرچی دادئۆغڵو بە ئەندازیاریان لەقەڵەم دەدرێت.

داودئۆغڵو لە زۆربەی پۆستە حکومییەکاندا هەوڵیداوە تورکیا بکاتە زلهێزی سەرەکی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بڕواشی وابوو هەر کاتێک تورکیا ویستی، دەتوانێت خۆی لە ئەمریکا جیابکاتەوە و لە ململانێ و شەڕەکانی ناوچەکەدا بەشدارییەکی کارای هەبێت، بەڵام ئەم ستراتیژە بەکردەوە لە هەموو بەرەکاندا شکستی هێنا. لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ ڕووسیا، ئیسرائیل، میسر و سووریا کێشەی تێکەوت، لە قەیرانی سووریاشدا تورکیا گیری خواردووە، لەبەر ئەوەی پشتگیری لەو هێزانە دەکات کە هەم لە لایەن سووریا و هەمیش هێزی ئاسمانیی ڕووسیا و هێزی پیادەی ئێرانەوە تووشی شکستی قورس هاتوون.

بەدەر لەمە، پەیوەندییەکانی نێوان ئەنقەرە و بەغداش ساردییەکی زۆری تێکەوتووە، هۆکاری ئەمەش بۆ پەیوەندییە نزیکەکانی نێوان تورکیا و حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەروەها سوننەکانی عێراق دەگەڕێتەوە. حاڵی حازر تورکیا جگە لە هەرێمی کوردستان، قەتەر و هەتا ڕادەیەکیش سعودیە، هیچ دۆستێکی ئەوتۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نەماوە.

## ڕێککەوتنی تورکیا و ئیسرائیل... کورد وەکوو فاکتەرێک

ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانی تورکیا و ئیسرائیل شەش ساڵ دوای هێرشکردنە سەر کەشتییەکی هاوکارییەکانی تورکیا بۆ غەزە و سێ ساڵ پاش داوای لێبوردنی بنیامین نتانیاهو لە ئەردۆغان دێت، کاتێک دواجار ڕۆژی دووشەممە تورکیا و ئیسرائیل لەسەر ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانیان ڕێککەوتن.

بەگوێرەی ڕێککەوتنەکە ئیسرائیل 20 ملیۆن دۆلار وەکوو قەرەبوو دەداتە خێزانی قوربانیانی هێرشەکانی 2010، بەڵام ڕێگرییەکانی ئیسرائیل بۆ ناردنی هاوکاریی ڕاستەوخۆ بۆ غەزە هەڵناگیرێت. تورکیاش لەلایەن خۆیەوە بەڵێنی داوە چالاکییەکانی حەماس لە خاکی تورکیا تەنیا سیاسی بێت و لە تورکیاوە پلان بۆ هێرش دژی ئیسرائیل دانەنێت.

لە پشت ڕێککەوتنەکەی تورکیا و ئیسرائیلەوە پاڵنەری ئەمنی و سیاسی هەیە. بنیامین نەتانیاهۆ ڕۆژی دووشەممە ڕایگەیاند ئیسرائیل بە نیازی دروستکردنی "پشتێنەی سەقامگیری"یە لە دەوروبەری ئیسرائیل. ئیسرائیل سنووری ئاویی هاوبەشی لەگەڵ تورکیادا هەیە، هەر بۆیە هاوکاریی ئەمنی نزیک لەگەڵ تورکیا دەتوانێت مەترسی کشانی قەیرانی نێوخۆیی سووریا بۆ ئیسرائیل کەم بکاتەوە. هەڵبەت ئەم پاڵنەرە بۆ تورکیاش ڕاستە، لەبەر ئەوەی تورکیا دەزانێت قەیرانی سووریا لە زۆر ڕووی ئەمنییەوە لەدەست دەرچووە و کۆنتڕۆڵکردنی هەموو ئاسەوارەکانی بەشێوەیەکی تاکلایەنە کارێکی نیمچە مەحاڵە.

دیوەکەی دیکەی ڕێککەوتنی تورکیا و ئیسرائیل بۆ بەرژەوەندییەکانی هەردوو وڵات لە بواری غازی سروشتیدا دەگەڕێتەوە. ئیسرائیل هەم بە دوای بازاڕێکی سەقامگیر بۆ غازە سروشتییەکەی خۆی دەگەڕێت و هەمیش دەیەوێت تورکیا بکاتە کەناڵی گواستنەوەی غازەکەی بۆ ئەورووپا.

ستیڤن کووک، توێژەر لە ئەنجوومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوە (CFR) لە وتارێکدا ئاماژە بەوە دەکات کە فاکتەری کورد لە ناوچەکەدا پاڵنەرێکی سەرەکیی تورکیا بووە بۆ ئەوەی جارێکی دیکە لە ئیسرائیل نزیک ببێتەوە. بەڕای کووک "ئیسرائیل ماوەیەکی زۆرە بەدوای دروستکردن و پاراستنی پەیوەندیی نزیک لەگەڵ خەڵک و وڵاتانی غەیرە عەرەبیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە بووە، بۆ ئەوەی خۆی لەو گۆشەگیرییە دەربکات کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تێیکەوتووە". پەیوەندیی نزیکی ئیسرائیل لەگەڵ تورکیا لە ڕابردوودا بەم هۆیەوە بووە. ئیسرائیل ماوەیەکی زۆرە پشتگیری خۆی بۆ سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان لە عێراق ڕاگەیاندووە. ئەم پرسە ئەگەرچی لەڕابردوودا هێڵی سووری تورکیا بووە، بەڵام بەهۆی نزیکبوونەوەی ئەنقەرە و هەولێر تا ڕادەیەکی سەرەکی ڕەویوەتەوە. بەبۆچوونی کووک، تورکیا مەترسیی سەرەکی لە بیرۆکەی فیدراڵیی ڕۆژئاڤای کوردستاندا دەبینێت... تورکیا دەیەوێت ڕێگری بکات لەوەی ئیسرائیل لە داهاتوودا پشتگیری لە سەربەخۆیی کوردستانی سووریا بکات.

جودا لەمە ئەنقەرە پێیوایە باشترکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ تەلەبیب دەتوانێت ئەمریکاش هان بدات زیاتر گوێ بۆ داواکارییەکانی ئەنقەرە لە ڕۆژئاڤای کوردستان بگرێت.


## تورکیا و ڕووسیا... فاکتەری کورد

خستنەخوارەوەی فڕۆکە ڕووسییەکە لە مانگی تشرینی دووەمی پارساڵ کۆمەڵێک زیانی گەورەی ئابووری لە تورکیا دا، لەوانەش مۆسکۆ مافی گەشتی بێ ڤیزای لە هاووڵاتیانی تورکیا سەندەوە، هاوردەکردنی کاڵاکانی تورکیای سنووردار کرد، سنووری قورسی بۆ بازرگانە تورکەکان دانا و داوای لە هاووڵاتیانی کرد سەردانی تورکیا نەکەن. ئەم ڕووداوە کۆمەڵێک کێشەی ئەمنی و سیاسیشی لە سووریا بۆ تورکیا دروستکرد، دوای ئەم ڕووداوە ڕووسیا بنکەی بەرگریی ئاسمانی خۆی لە سووریا بەهێزترکرد، هێرشی ئاسمانی لە دژی گرووپە چەکدارە سوورییەکانی نزیک لە ئەنقەرە ئەنجامدا و هەڕەشەی خستنەخوارەوەشی لە هەر فڕۆکەیەکی تورکی کرد کە بەسەر ئاسمانی سووریادا بسووڕێتەوە، ئەمەش دەستی تورکیای بەشێوەیەکی بەرچاو لە سووریا کورت کردەوە.

بەڵام مەترسیدارترین هەڵوێستی ڕووسیا بۆ تورکیا هاوکاریی و پشتگیری مۆسکۆ لە یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) بوو، ئەمەش لە کاتێکدا بوو کە ئەمریکاش هاوکارییەکی زۆری یەپەگە و هێزەکانی سووریای ئازادی دەکرد و بەهۆی ئەمەشەوە تورکیا نەیدەتوانی ڕێ لە پێشڕەوییەکانی یەپەگە بەرەو سنوورەکانی نێوان تورکیا و سووریا بگرێت. کوردی ڕۆژئاوا و ڕێگرتن لە پێشڕەوییەکانی یەپەگە یەکێکە لە نیگەرانییە سەرەکییەکانی تورکیا، هەر بۆیە خاڵی لاوازی تورکیاشە لە دانوستاندنەکانیان لەگەڵ ڕووسیا، ئەمە ئەو خاڵەیە کە تورکیا دەشێت باجی گەورەی بۆ بدات.

تورکیا دوو بژاردەی سەرەکی لەبەردەستە بۆ ئەوەی ڕووسیا ڕازی بکات سنوورێک بۆ پشتگیریی لە یەپەگە دابنێت، هەردوو بژاردەکەش لە دەریای ڕەشدان، یەکەمیان بەهێزکردنی بنکەی بەرگریی دەریایی ناتۆ لە دەریای ڕەشە، پێناچێت تورکیا دەست بۆ ئەم بژاردەیە بەرێت، ئەگەرچی خۆی ئەندامی ناتۆیە و ناتۆش بەهێزترین گەرەنتییە بۆ ئەوەی مەترسییەکانی ڕووسیا لەسەر دەریای ڕەش کەم بکاتەوە. بژاردەی دووەم هێڵی گواستنەوەی غازی ڕووسیایە بەنێو دەریای ڕەشدا کە هەتا سنوورەکانی یۆنان درێژ دەبێتەوە، دوور نییە تورکیا لەم بوارەدا باجی گەورە بە ڕووسیا بدات، بەوەی هەوڵی زیندووکردنەوەی پڕۆژە هاوبەشەکەی نێوان ئەنقەرە و مۆسکۆ بدات.

# ئەمریکا و ڕووسیا لەسەر سووریا دەگەنە ڕێککەوتن



ڕووداو- هەولێر

بەپێی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی واشنتن پۆستی ئەمریکی، ئیدارەی کۆشکی سپی پڕۆژەی ڕێککەوتنێکیان سەبارەت بە قەیرانی سووریا ئاراستەی ڕووسیا کردووە و ئەم ڕێککەوتنەش هاوکاری و هەماهەنگییەکانی نێوان واشنتن و مۆسکۆ لە دژی هەندێک گرووپی ئیسلامیی توندڕەو قووڵتر دەکاتەوە، لە بەرامبەردا دەبێ ڕووسیا هانی حکومەتی سووریا بدات بۆردومانی ئەو گرووپانە ڕابگرێت کە ئەمریکا پشتیوانییان دەکات.

دەقی پێشنیازەکە دوای چەندین هەفتە گفتوگۆی نێوخۆیی کۆشکی سپی ئامادە کراوە و ئۆباما پەسەندی کردووە و جۆن کیری، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا پشتگیریی تەواوی پێشنیازەکەی کردووە، بەڵام ئاشتن کارتەر، وەزیری بەرگری لەگەڵ پڕۆژەکەدا هاوڕا نەبووە، دواجار ناچار بووە پڕۆژەکە قەبووڵ بکات. دەنگۆی جیاواز سەبارەت بە ناردن یان نەناردنی پلانەکە هەیە، بەگوێرەی واشنتن پۆست پێشنیازنامەکە لە دووشەممەی هەفتەی ڕابردووەوە ڕەوانەی کرێملین کراوە، بەڵام دوو بەرپرسی ئەمریکی بە ڕۆیتەرزیان ڕاگەیاند کە پلانەکە هێشتا لە کۆشکی سپیە و قسەی لەسەر دەکرێت.

هاوکاری و هەماهەنگییەکان لە نێوان هێزی ئاسمانیی ئەمریکا و ڕووسیا لە دژی چەکدارانی بەرەی نوسرە دەبێت. بە گوتەی بەرپرسانی ئەمریکی، ئۆباما لە پڕۆژەکەدا پێشنیازی هاوکارییەکی ئەمنی و سەربازی بێ وێنەی بە ڕووسیا کردووە، بە تایبەتیش بۆ کردنە ئامانج و ئاڵوگۆڕی زانیاری سەبارەت بە ئامانجەکان.

بێجگە لە کارتەر، ژمارەیەکی دیکە لە چاودێران و دیپلۆماتکارە ئەمریکییەکان پێیانوایە پێشنیازنامەکەی ئۆباما هەڵەیەکی دیکەیە لە هەڵەکانی کۆشکی سپی لە قەیرانی سووریادا. ڕۆبەرت فۆرد، باڵیۆزی پێشووی ئەمریکا لە سووریا، لەم بارەیەوە ڕایگەیاند "هەڵەیەکی زەقی ئەم پلانە ئەوەیە کە ڕوون و ئاشکرایە ڕووسەکان بە نیاز نین گوشارێکی زۆر لەسەر ئەسەد دروست بکەن. هەر کاتێکیش گوشاریان دروستکردبێت، ئاکامێکی ئەوتۆی نەبووە".

لە پێشنیازنامەکەی کۆشکی سپیدا ئاماژە بە شوێن و بارەگای گرووپەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سووریا نەکراوە، بەڵام کۆمەڵێک زۆن دیاریکراون کە داوا دەکرێت ڕووسیا وەکوو ناوچەی ئارام مامەڵەیان لەگەڵ بکات و هێرشی ئاسمانی نەکاتە سەریان. فۆرد پێیوایە ئەمە خۆی کێشە دروست دەکات لەبەر ئەوەی "هیچ زانیارییەکی ورد بۆ جیاکردنەوەی ناوچەکانی جموجۆڵی چەکدارانی بەرەی نوسرە و هێزەکانی دیکەی دژی حکومەتی سووریا نییە."

باڵیۆزی پێشووی ئەمریکا لە دیمەشق هەروەها پێیوایە کێشەی بەرەی نوسرە لە سووریا بە هێرشی ئاسمانی چارەسەر ناکرێت، لەبەر ئەوەی هێرشی ئاسمانی دەکرێت کوژرانی خەڵکی مەدەنی لێبکەوێتەوە و ئەمەش یارمەتی بەرەی نوسرە دەدات لایەنگری زیاتر لە ناوچەکاندا کۆبکاتەوە.

ماوەی چەند مانگێک دەبێت جۆن کیری هۆشداری دەدات، ئەگەر دیمەشق پابەند نەبێت بە ئاگربەستە لەرزۆکەکەی ئێستاوە، ئەوە پلانی دووەمی ئەمریکا ناردنی چەکی زیاترە بۆ گرووپە چەکدارەکانی ئۆپۆزیسیۆن.

یەکێکی دیکە لە کێشەکانی ئەم پلانە ئەوەیە بەرەی نوسرە وەکوو چەتری زۆربەی ئەو گرووپانەیە کە ئەمریکا و تورکیا بە میانڕەویان دەزانن، بۆیەش پێناچێت گرووپەکانی دیکە ئامادە بن خۆیان لە بەرەی نوسرە جودا بکەنەوە، لەبەر ئەوەی ئەم پلانە لە یەک کاتدا هەم ئەسەد بەهێز دەکات و هەمیش بەرەی نوسرە لاواز دەکات، لاوازبوونی بەرەی نوسرە بە مانای دروستبوونی مەترسییە لەسەر ڕێکخراو و گرووپەکانی دیکە. ئەمە جگە لەوەی لاوازبوونی بەرەی نوسرە دەکرێت بە مانای کۆنترۆڵکردنەوەی تەواوەتی پارێزگا و شاری حەلەب لە لایەن سوپای سووریا بێت، بەمەش پێگەی ئەسەد لە سووریا بەهێزتر دەبێت.

ئەم هەنگاوەی ئیدارەی ئۆباما لە کاتێکی سەیردایە، سەرەتای مانگی پێشوو جۆن کیری هەڕەشەی لە مۆسکۆ و دیمەشق کرد کە "ئەمریکا ناتوانێت بۆ هەتا هەتایە دان بە خۆیدا بگرێت" ئەگەر ڕووسیا و سووریا ڕێز لە ئاگربەستەکەی مانگی شوبات لە نێوان ئۆپۆزیسیۆن و حکومەتی سووریا نەگرن. هەروەها مانگی پێشوو 51 دیپلۆماتکار و بەرپرسی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا پێشنیازنامەیەکیان بۆ وەزیری دەرەوەی ئەمریکا ناردبوو کە تێیدا داوایان کردبوو ئەمریکا هێزی سەربازی لە دژی ڕژێمی ئەسەد بەکاربهێنێت، لە کاتێکدا ئەمریکا ناتوانێت لە دوورەوە کاریگەری لەسەر بڕیارەکانی ڕووسیا و سووریا دروستبکات.

پێشنیازنامەکە دەکرێت وەکوو گۆڕانێک لە ستراتیژی ئەمریکا لە سووریا ببینرێت کە تێیدا هەموو فۆکسەکە لەسەر لەناوبردنی داعش چڕدەکرێتەوە و لادانی بەشار ئەسەد لە پرۆسەی سیاسیی سووریا لەم قۆناغەی ئێستادا دەخاتە لاوە، بەمەش خۆی لە تێکگیران لەگەڵ هێزە ئاسمانییەکانی ڕووسیا لە سووریا بەدوور دەگرێت.

ئەم هەوڵەی ئەمریکا لەگەڵ ڕووسیا (ئەگەر سەربگرێت) ئەوە هاوپەیمانانی ئەمریکا لە ناوچەکە، بە تایبەتیش سعودیە و قەتەر، تووڕە دەکات، لە کاتێکدا هەردوو وڵاتەکە لە سەرەتای قەیرانی سووریاوە هەتا ئێستا لەسەر لاوازکردن و دواجار لەسەر کارلادانی بەشار ئەسەد سوور بوون. بەگوێرەی ئاژانسی توێژینەوەی ستراتیژیی ستراتفۆر، ئەم هەوڵەی ئۆباما ڕەنگە دەرفەتێکی باش بێت بۆ تورکیا بۆ ئەوەی بتوانێت لە دوای داوای لێبووردنەکەی ئەردۆغانەوە زیاتر خۆی لە ڕووسیا نزیک بکاتەوە، لەوێشەوە دەرفەتی چاودێریکردنی پێشڕەوییەکانی یەکینەکانی پاراستنی گەل و هێزەکانی سووریای دیموکراتی بۆ بڕەخسێ، تەنانەت دەنگۆی ئەوەش هەیە کە ئەمریکا ڕێخۆشکەر بووە بۆ ئەوەی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و ڕووسیا لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا ئاسایی ببێتەوە.

پێشنیازەکەی ئەمریکا ئەگەرچی مەترسیی پێکدادانی سەربازی و ئاسمانیی ڕاستەوخۆ لە نێوان ئەمریکا و ڕووسیا کەمتر دەکاتەوە، بەڵام لە هەمانکاتدا دەستی ڕووسیاش لە سووریا دەکاتەوە و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش ڕووسیا لەو گۆشەگیرییە جیۆپۆلیتیکییە دەردەکات کە لە کاتی دەستگرتن بەسەر نیمچە دوورگەی کریمیا و یارمەتیدانی جوداخوازەکانی ئۆکراینا تێیکەوتبوو.

ئەندرۆ تابلەر، توێژەر لە پەیمانگەی واشنتن، پێیوایە پاکێجی هاوکارییەکانی نێوان ئەمریکا و ڕووسیا دەکرێت "داینامیکی جەنگ لەسەر ئەرزی واقیع بگۆڕێت. ئەم ستراتیژە لە ئیدلب و حەلەب بە قازانجی حکومەتی ئەسەدە، هەروەها دەکرێت لە بەرژەوەندی هێزە کوردییەکانیش بێت".

ئۆباما بە دوایین مانگەکانی دەسەڵاتی خۆیدا لە کۆشکی سپی تێدەپەڕێت، ئیدارەی ئێستای کۆشکی سپی دەیانەوێت لەم چەند مانگەی دوایی خۆیاندا ئاگربەستە لەرزۆکەکەی سووریا بەهەموو پێشێلکارییەکانیەوە بپارێزن. ئەگەرچی ئاگربەستەکە تەنیا بە ناویش مابێت، هەروەها خوازیاری ئەوەن پرۆسەی دانوستاندنە سیاسییەکانی نێوان لایەنە ناکۆکەکان بەردەوام بێت، ئەگەرچی دانوستاندنەکان هەم خاون و هەمیش هیچ ئاکامێکی نیمچە یەکلاکەرەوەشیان بەدەستەوە نەداوە.

## نایانەوێ حەشدی شەعبی توخنی شارەکە بکەوێت

# سوننەی مووسڵ لە دووبارەبوونەوەی سیناریۆی فەللوجە تۆقیون

عەلی کوردستانی
ڕووداو- هەولێر

هەر کە قسە دێتە سەر ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ، ئەو پرسیارە زەق دەبێتەوە کە ئایا ڕێ بە حەشدی شەعبی دەدرێت بەشداریی بکات؟

سەرکردە سوننەکان بە توندی دژی ئەم بیرۆکەیەن، لە کاتێکدا بەرپرسانی شیعە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە میلیشیاکانی حەشدی شەعبی مافی ئەوەیان هەیە لە هەموو عێراقدا بەشداریی جەنگ بکەن.

شێخ موزاحیم ئەحمەد ئەلحویت، گوتەبێژی هێزە تایفییەکانی نەینەوا لەوبارەیەوە ڕایگەیاند «ئێمە دژی بەشداریی حەشدی شەعبین»، ئەلحویت دڵنیایە لەوەی 15،000 چەکدارەکەی هێزە سوننەکان دەتوانن بە یارمەتیی هێزەکانی دیکەی وەکوو «سوپای عێراق، پێشمەرگە و هاوپەیمانان» شارەکەی خۆیان ڕزگار بکەن.

هێشتا وادەی دوایین هێرش بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ دیاری نەکراوە، بەڵام پێشتر ئەندامانی تاراوگەنشینی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا بە کۆی دەنگ بڕیاریان دابوو کە میلیشیا شیعەکان هیچ مافێکیان لە مووسڵ و جەنگی ئازادکردنی مووسڵدا نییە.

شێخ موزاحیم سەبارەت بە ڕۆڵی میلیشیا شیعەکانی حەشد لە بەشەکانی دیکەی عێراقدا ئەوەشی خستەڕوو کە «ئەوان لە ناوچەکانی دیکەی وەکوو ڕوممادی و فەللوجە تاوانیان کردووە، بۆیە دەترسێین لەوەی لە مووسڵیش هەمان کار بکەن.»

لە کاتی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی ئازادکردنی فەللوجەدا سەرچاوەکانی هەواڵ ئاماژەیان بە دەستبەسەرکردنی بەکۆمەڵ، ئەشکەنجە و کوشتنی هاووڵاتیانی مەدەنی دەکرد، هەر ئەمەش کۆمەڵگەی سوننە و بە تایبەتیش پارێزگاری ئەنبار و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی ناوەوە و دەرەوەی عێراقی هێنایە دەنگ.

حەشدی شەعبی بە فەتوای ئایەتوڵڵا عەلی سیستانی لە کاتی هێرشەکانی داعش لە 2014 و نزیکبوونەوەیان لە بەغدا دامەزرا، لەو کاتەشەوە هێندە بەهێز بوونە کە حکومەتیش ئەستەمە بتوانێت ڕایانبگرێت.

د.دیلان ئۆدریسکڵ، توێژەر لە ئینستتیوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ لێکۆڵینەوە (ناسراو بە مێری) پێیوایە هەڕەشەکانی داعش و کاردانەوەی خێرای میلیشیا شیعەکان وایکردووە سەرکردە عێراقییەکان بایەخێکی زۆر بە حەشد بدەن.

ئۆدریسکڵ بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند «ئەمڕۆ داعش و مەسەلەی دەستگرتنی بەسەر مووسڵدا گەورەترین هەڕەشەیە لەسەر عێراق، هەر بۆیە ئەگەر بەشداری بە حەشد نەکرێت، مەشروعییەت و داهاتووی ئەم میلیشیایە وەکوو هێزێکی سەربازی ڕووبەڕووی هەڕەشە دەبێتەوە. ڕاستە بەغدا پێویستی پێیانە، بەڵام ئەمە یارمەتیدەر نابێت، لەبەر ئەوەی حەشد لەم ڕێگەیەوە مەرجەکانی خۆیان دەسەپێنن، نەک ئەوەی مەرجەکانی حکومەت جێبەجێ بکەن.»

بەبۆچوونی توێژەرەکەی (مێری)، بەشداریکردنی حەشد تەنانەت دەشێت خەڵکی ناوچەکە زیاتر هان بدات بۆ پاراستنی خۆیان پشتگیری لە داعش بکەن. لە کاتێکدا «هێنانی حەشد هەڕەشەیە بۆ پرۆسەی چەسپاندنی دادپەروەری و ئاشتەوایی لە مووسڵ. تۆڵەسەندنەوەکانی حەشد بە دۆکیۆمێنتکراون و ئەمەش دەشێت وابکات خەڵکی ناوچەکە لەگەڵ داعش بکەون، لەبەر ئەوەی ئەوان لە حەشد دەترسن و ئەمەش دەشێت ئەگەری پێکدادانی تایفی زیاتر بکات».

سەرکردە شیعەکانی حکومەتی عێراق گوێیان لە هیچکام لەمانە نییە و لای ئەوان حەشد یەکەیەکی سەرەکییە لەو هێزانەی بەغدا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی داعش پێکیهێناون. یەک لەوان کەریم نووری، گوتەبێژی میلیشیا شیعەکانە کە پێیوایە «ئەوانەی داوای لادانی حەشد لە ئۆپەراسیۆنەکەی مووسڵ دەکەن ئامانجێکی سیاسییان هەیە». نووری پێداگری دەکات لەسەر ئەوەی ئەوان بەشداری لە ئۆپەراسیۆنەکەدا دەکەن و گوتی «داعش لە ئێمە دەترسێت، هەر بۆیە بەشداریی ئێمە گرنگە و بەبێ ئێمە ئازادکردنی ناوچەکانی دیکەی وەکو فەللوجە، شتێکی مەحاڵ بوو.»

هەفتەی پێشوو حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی عێراق، لە وەڵامی وەزیری دەرەوەی سعودیە بەرگرییەکی توندی لە حەشد کرد و ڕایگەیاند کە سووکایەتی بە حەشد سووکایەتییە بە عێراق. بەڵام بەشێک لە مشتومڕەکان لەوێوە سەرچاوە دەگرن کە عەبادی و حکومەتی عێراق هیچ دەسەڵاتێکیان بەسەر حەشددا نییە.

ڕیناد مەنسوور، توێژەر لە ناوەندی (کارنیجی) بۆ توێژینەوە لە کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ڕای وایە «عەبادی بۆ پشتگیری لە هێزە ئەمنی و سەربازییەکانی عێراق پێویستی بە حەشدە، بەڵام ناتوانێت دژایەتی حەشد بکات، لەبەر ئەوەی ئەمە بێدەسەڵاتیی عەبادی دەردەخات. هەر بۆیە ناتوانێت بڕیارەکانی خۆی بەسەر ژمارەیەکی زۆر لە گرووپەکانی ناو حەشددا بسەپێنێت».

مەنسوور گوتیشی «حەشد وەکوو چەترێک وایە بۆ زۆر گرووپ، ئەمەش واتە هەموو گرووپە چاک و خراپەکان لە ژێر یەک چەتردا کار دەکەن. هەر ئەمەش وایکردووە حەشد لە گوتار و کرداردا یەکڕەنگ نەبێت.»

بە گوتەی برێت مەکگورک، نوێنەری تایبەتی ئەمریکا لە هاوپەیمانێتیی دژی داعش، تەنیا 15 بۆ 20%ی گرووپەکانی حەشد لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتدا نین و ئەوانی دیکە لەلایەن حکومەتەوە چاودێریی دەکرێن.

عەبدولقادر شەهیر، ژەنەراڵی خانەنشین و شرۆڤەکاری سەربازی پێیوایە سوپای عێراق خۆی توانای ئەوەی هەیە جەنگی مووسڵ بکات. شەهیر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند «ئەگەر هەموو هێزەکانی سوپای عێراق لە گرتنەوەی مووسڵدا بەشدار بن، ئەوە پێویست بە بەشداریی حەشد ناکات. سوپای عێراق لە ڕەوشێکی باشدایە، بەتایبەتیش دوای سەرکەوتنەکەی فەللوجە. بۆیەش پێموایە ئەوان دەتوانن پێشەنگی ئۆپەراسیۆنی مووسڵ بن.»

حکومەتی عێراق سوورە لەسەر ئەوەی بەشداری بە میلیشیا شیعەکانی حەشدی شەعبی بکات، هەر ئەمەش شێخ موزاحیمی گەیاندووەتە ئەو قەناعەتەی دەبێت واقیعبینانەتر سەیری مەسەلەکە بکرێت.

بە گوتەی شێخ موزاحیم «دەبێ ڕێککەوتنێکی سیاسی لە نێوان بەغدا و هەولێردا هەبێت.

ئەگەر بڕیار بێت میلیشیا شیعەکان لە ئۆپەراسیۆنەکەدا بەشدار بن، ئەوە دەبێت بە ڕەزامەندیی بەغدا، حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەنجوومەنی پارێزگای مووسڵ و حەشدی عەشایرەکان بێت».



توێژەرێک: بەشداریکردنی حەشد لە شەڕی مووسڵدا خەڵکی ناوچەکە هان دەدات بۆ پاراستنی خۆیان پشتگیری لە داعش بکەن

# سکۆتلاند ڕێگە بۆ سەربەخۆیی کاتالۆنیا خۆش دەکات

ڕێبوار قاسم
ڕووداو- هەولێر

ئەنجامی گشتپرسییەکەی ڕۆژی پێنجشەممە 23ی حوزەیران هەموو سەرکردەکانی ئەورووپای تووشی پەشۆکان کرد، تەنانەت لایەنگرە بەریتانییەکانی جودابوونەوەش سەرکەوتنەکەی خۆیان بە سەرکەوتنێکی تاڵ دەزانن، بەڵام لەم نێوەدا کارلس پۆجیمۆنت، سەرۆکی هەرێمی کاتالۆنیا پێیوایە بڕیارەکەی خەڵکی بەریتانیا خزمەتی کەمپینی کاتالۆنییەکان بۆ جودابوونەوە لە ئیسپانیا دەکات.

پۆجیمۆنت، وەکوو زۆرینەی ئیسپانییەکان، لایەنگرێکی سەرسەختی پرۆژەی یەکێتیی ئەوروپایە، بەڵام لایەنگرێکی سەرسەختی کەمپینی جودابوونەوەی بەریتانیا لە یەکێتیی ئەورووپاش بوو، ئەم دوو تێڕوانینە بە ڕەواڵەت لێکدژە دەبێت لە چوارچێوەی پرۆژەی جودابوونەوەی کاتالۆنیا لە ئیسپانیا لێکبدرێتەوە.

پۆجیمۆنت باش دەیزانی ئەگەر ئەنجامی گشتپرسییەکەی بەریتانیا بە لای دەرچووندا بشکێتەوە، سکۆتلاند و لەوانەیە ئێرلەندای باکووریش داوای جودابوونەوە لە بەریتانیا دەکەن، بەمەش پێگەی پلاتفۆرمەکەیان بۆ جودابوونەوە بەهێزتر دەبێت.

سەرۆکی هەرێمی کاتالۆنیا بە پێچەوانەی سەرکردە ئەوروپییەکانی دیکە پێیوایە «یەکێتیی ئەورووپا دەتوانێت بەبێ بەریتانیاش ئەدایەکی سیاسیی ناوازە پێشکەش بکات و توانای خۆگونجاندن لەگەڵ ئەم ڕەوشە نوێیەی دەبێت». ئەو پێشبینی ئەوەشی کرد یەکێتییەکە دەتوانێت لەگەڵ جودابوونەوەی کاتالۆنیا لە ئیسپانیاش هەڵبکات.

سەرکردەکانی یەکێتیی ئەوروپا بە گشتی لایەنگری بیرۆکەی جودابوونەوەی کاتالۆنیا لە ئیسپانیا نین، وەکوو چۆن لایەنگری جودابوونەوەی بەریتانیا لە یەکێتیی ئەورووپا نەبوون. بەڵام لە دوایین هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کاتالۆنیا زیاتر لە زۆرینەی کورسییەکانی پەرلەمان بۆ پارتە جوداخوازەکان بووە. بە گوێرەی کارلس پۆجیمۆنت حکومەتی هەرێمی کاتالۆنیا 70% ڕێگەی خۆشکردووە بۆ ئەوەی کاتالۆنیا بە سەربەخۆیی بگات، بەمەش بارسیلۆنا لەبری مەدرید لەگەڵ بروکسڵ هاوبەشیێتی ڕاستەوخۆ پێکدەهێنێ.

وەکوو چۆن جودابوونەوەی بەریتانیا وەکوو کابووسی یەکێتیی ئەورووپا بووە، بە هەمانشێوە پرسی سەربەخۆیی کاتالۆنیاش گرژییەکی زۆری لە نێوان مەدرید و بارسیلۆنادا دروستکردووە. ماریانۆ ڕاخۆی، سەرۆکوەزیرانی دیفاکتۆی ئیسپانیا سوورە لەسەر ئەوەی ڕێگە لە جودابوونەوەی بارسیلۆنا لە ئیسپانیا بگرێت و بۆ ئەم مەبەستەش گشتپرسی جودابوونەوەی هەرێمەکەی وەستاندووە.

حکومەتەکەی پۆجیمۆنت کە سەرۆکی پارتی یەکگرتنەوەی دیموکراتیکی کاتالۆنیاشە، پلانێکی بۆ جودابوونەوەی ئیسپانیا ئامادەکردووە، یەکێک لە خاڵە گرنگەکانی ناو پلانەکە ئەوەیە کاتالۆنیا بە شێوازێک لە ئیسپانیا جودا ببێتەوە کە هەرێمەکەیان یەکسەر وەکوو ئەندامی یەکێتیی ئەورووپا وەربگیرێت. نیگەرانییەکی زۆر لە کاتالۆنیا هەیە کە ڕەنگە لەگەڵ جیابوونەوەیان لە ئیسپانیا لە یەکێتیی ئەورووپاش دەربکرێن. پۆجیمۆنت پێیوایە ئەم هۆشدارییە جیدی نییە، بەڵام هەتا ئێستا وەڵامێکی ڕوونی بۆ ئەو پرسیارە نەبووە کە ئاخۆ لە نێوان سەربەخۆیی کاتالۆنیا و پەیوەندی نزیک لەگەڵ یەکێتیی ئەورووپا کامیان هەڵدەبژێرن، بەڵام ڕەنگە لە چەند هەفتەی داهاتوودا لە سکۆتلاندەوە وەڵامی ئەم پرسیارەی دەستبکەوێت.

لە دوای دەرچوونی ئەنجامی گشتپرسییەکەی بەریتانیا، جارێکی دیکە پرسی سەربەخۆیی لە سکۆکلاندا زیندوو بووەتەوە. ئەوەی کێشەی سکۆتلاند و کاتالۆنیا پێکەوە دەبەستێتەوە تەنیا سەربەخۆییەکە نییە، بەڵکو پرسی مانەوە لە یەکێتیی ئەورووپاشە.

سکۆتلاند بۆ ئەم مەبەستە دوو ڕێگای لە پێشە، یەکەمیان مانەوە لە چوارچێوەی بەریتانیا و یەکێتیی ئەورووپایە. ڕێگای دووەمیان وەرگرتنی سەربەخۆییە، بۆ ئەوەی لەم ڕێگەیەوە مانەوەی خۆیان لەگەڵ بروکسل مسۆگەر بکەن.

ئەگەرچی نیکۆلا ستۆرجیۆن، سەرۆکوەزیرانی سکۆتلاند هەرچی لەدەست بێت بۆ مانەوەی سکۆتلاند لە یەکێتیی ئەورووپا دەیکات، بەڵام بەرپرسانی یەکێتییەکە هەر زوو ستۆرجیۆنیان ئاگادار کردووەتەوە کە سکۆتلانداش لەگەڵ بەریتانیا لە یەکێتیی ئەورووپا دەردەچێت و ئەگەر سەربەخۆییش وەربگرن دەبێت سەر لە نوێ داوای ئەندامێتی بەرزبکەنەوە.

یەکێک لەو نموونانەی کە ستۆرجیۆن بۆ چارەسەری یەکەم (واتە مانەوەی هاوکات لە بەریتانیا و یەکێتیی ئەورووپا) پشتی پێدەبەستێت جودابوونەوەی گرینلاند لە یەکێتیی ئەورووپا لە 1982ە، لە کاتێکدا گرینلاند هەرێمی فیدراڵی سەر بە دانیمارکە و دانیمارک وەکوو بەشێک لە یەکێتیی ئەورووپا مایەوە. ئەگەرچی وەڵامی بەرایی ئەورووپا بۆ سکۆتلاند زۆر وشک بووە، بەڵام وەکوو ئیان دونکان، ئەندام پەرلەمانی سکۆتلاند ئاماژەی پێدەدا «جارێ زووە بۆ ئەوەی بڕیار لەسەر مەزاجی ئێستای سەرکردەکانی یەکێتیی ئەورووپا بدەین. لە چەند مانگی داهاتوودا دەردەکەوێت پرۆسەی جودابوونەوەی بەریتانیا لە یەکێتیی ئەورووپا بە چ شێوازێک بەڕێوەدەچێت کە مافی هەموو گەلانی تێدا بپارێزرێ».

بژاری دووەمی سکۆتلاند (واتە جودابوونەوە لە بەریتانیا و چارەنووسی ئەندامێتیان لە یەکێتیی ئەورووپادا) بۆ کاتالۆنییەکان گرنگە، لەکاتێکدا دەرچوونی هاوکات لە وڵاتەکەی ئێستایان و یەکێتیی ئەورووپا ریسکێکی ئابووری و سیاسی گەورەیە، چونکە لە یەک اتدا هەم لە بازاڕەکەی وڵاتی ئێستایان (واتە بەریتانیا یان ئیسپانیا) و هەمیش لە بازاڕەکانی یەکێتیی ئەورووپا بێبەش دەبن. گەرەنتی کردنی وەرگیرانەوەی دەمودەست یان خێرا لە یەکێتیی ئەورووپا، هەنگاوی سەرەکییە بۆ کۆکردنەوەی پشتگیریی ناوخۆیی سەربەخۆیی.

ژمارەیەک لە چاودێرانی سیاسی پێیانوایە پاش بڕیارەکەی خەڵکی بەریتانیا و کێشەی سکۆتلاندییەکان، یەکێتیی ئەورووپا ناچارە ڕێگەیەک بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم کێشانەدا بدۆزێتەوە. ئەلبێرت ڕۆیۆ، سەرۆکی ئەنجوومەنی دیپلۆماسی گشتیی کاتالۆنیا، جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی «یەکێتیی ئەورووپا ڕووبەڕووی کۆمەڵێک تەحەدا بووەتەوە و بۆ ئەوەی توانای وەڵامدانەوەی هەبێت دەبێت نەرمییەکی زیاتر لە خۆی پیشان بدات». بەبۆچوونی ڕۆیۆ کە ئەنجوومەنەکەی کار بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی سەربەخۆیی دەکات، یەکێتیی ئەورووپا دەبێت بەرامبەر بە سەربەخۆیی کاتالۆنیا لە ئیسپانیا نەرمی بنوێنێت. یەکێتیی ئەورووپا بەردەوام هۆشداری داوەتە کاتالۆنیا کە ئەگەر لە ئیسپانیا جودا ببنەوە، دەبێت سەر لە نوێ داوای ئەندامبوون پێشکەش بە یەکێتییەکە بکەن.

ئاندرو دۆلینگ، شارەزا لە مێژووی سیاسیی کاتالۆنیا و ئیسپانیا، پێیوایە «جودابوونەوەی بەریتانیا یەکێتیی ئەورووپای لە ناو پەشۆکاندا هێشتووەتەوە، لە ڕەوشێکی ئاوهادا دیار نییە ئاخۆ بروکسل ئامادەیە تەحەدایەکی دیکەی وەکوو جودابوونەوەی کاتالۆنیا لە ئیسپانیا تووشی خۆی بکات». بەڵام دۆلینگ لە هەمانکاتدا جەختی لەسەر ئەوەش کردەوە پاش ئەوەی لە بەریتانیا ڕوویدا «ڕەنگە جوداخوازەکانی کاتالۆنیا کێشە نێوخۆییەکانیان بەلاوە بنێن». پۆجیمۆنت کێشە نێوخۆیی و ئایدیۆلۆژییەکانی جوداخوازەکان بە هۆکاری خاوبوونەوەی پرۆسەی ئامادەکارییەکان بۆ سەربەخۆیی دەزانێت.

بڕیارە ساڵی داهاتوو پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی نوێی کاتالۆنیا هەڵببژێردرێت کە یەکێک لە ئەرکەکانیان دانانی دەستووری کاتالۆنیایەکی سەربەخۆیە، دواتر ئەم دەستوورە دەخرێتە گشتپرسییەوە. ئەگەر خەڵک بە ئەرێ دەنگ بەم گشتپرسییە بدەن، ئەوە کاتالۆنیا دەتوانێت بێ گەڕانەوە بۆ ئیسپانیا سەربەخۆیی خۆی ڕابگەیەنێت.

دەستووری ئیسپانیا مافی گشتپرسی سەربەخۆیی بە کاتالانەکان نادات، تەنانەت لە ماوەی دواییدا یاسای توندتر لە دژی سەربەخۆییخوازەکان پەسندکراوە، لەوانەش زیندانیکردنیان. بەڵام ئەمە کۆڵ بە پۆجیمۆنت نادات و وەکوو خۆی دەڵێت «ئەگەر پێستیشم لێ بکەنەوە واز لەم دۆزە ناهێنم، ناتوانم ملکەچی ئیرادەی پەرلەمانی کاتالۆنیا نەبم».



سەرکردەکانی یەکێتیی ئەورووپا لایەنگری بیرۆکەی جودابوونەوەی کاتالۆنیا لە ئیسپانیا نین

# "گەورەکردنی چووک" ساختەکارییە یان ڕاستی؟



ڕووداو- سلێمانی

ڕێکلامی سەر لاپەڕەی ڕۆژنامەیەک بەس بوو بۆئەوەی (ع.م) لەخشتە بچێ. ئەو پێیوایە بووەتە قوربانیی بازرگانییەکی ناڕەوا.

(ع.م) دەڵێت لە بەغدا لەگەڵ هاوڕێیەکی ڕێکلامێکی لە ڕۆژنامەیەکدا بینیوە، گوایە سەنتەرێک پەیدا بووە چووکی پیاو گەورە دەکات. ئەویش بەبێ دوودڵی تەلەفۆنیان بۆ دەکات و دواتر سەردانیان دەکات. بەڵام (ع.م) ئەنجامێکی نەرێنی وەردەگرێتەوە: "ئامرازێکیان پێ فرۆشتم گوایە چووک گەورە دەکات، بەڵام هیچ ئەنجامێکی نەبوو".

لە هەرێمی کوردستانیش ڕۆژ بە ڕۆژ سەنتەری لەو شێوەیە زیاد دەبن و بە ئاشکراش ڕێکلام لە ڕۆژنامە ڕێکلامییەکان بڵاودەکەنەوە، بەڵام پزیشکێکی پسپۆڕی بواری سێکسۆلۆژی دەڵێت "چووک و سمت گەورەکردن ئەسڵ و ئەساسی نییە و زیانی زۆری بەدواوەیە".

ماڵپەڕی زانستیی (هێڵس لاین) نووسیویەتی: "ئەگەر وا هەست بکەی چووکت بچووکە، لەوانەیە بیر لە ئەنجامدانی تەکنیکی گەورەکردنی چووک بکەیتەوە، بەڵام دوو شت بزانە: یەکەم زۆربەی ئەو کەسانەی وا هەست دەکەن چووکیان بچووکە، لە ڕاستیدا قەبارەی چووکیان زۆر ئاساییە، دووەمیش زۆربەی ئەو تەکنیکانەی ئاماژە بە گەورەکردنی چووک دەکەن، نەک هەر ڕاست ناکەن و کارەکەیان بێ ئەنجامە، بەڵکو زیان لە چووکیش دەدەن، بۆیە تێگەیشتن لە ڕاستییەکان لەوانەیە ئەو بیرۆکەیە لە مێشکت لاببات کە هانت دەدات بیر لە گەورەکردنی چووک بکەیتەوە".

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) کە لە یەکێک لە سەنتەرەکانی گەورەکردنی چووک دەستی کەوتووە، بۆ هەر پرۆسەیەکی گەورەکردنی چووک 500-700 دۆلار لەکەسەکە وەردەگیرێ. ئەو کەسەی دەچێتە سەنتەرەکە، دەرزییەکی تایبەت بۆ چووکی دەکرێ و دەبێ شەش مانگ چاوەڕێی دەرکەوتنی ئەنجامەکەی بکات.

کارمەندێکی سەنتەرەکە کە نەیویست ناوی بڵاو بکرێتەوە، دەڵێ ئەوان "بە گەرەنتی" ئەو کارە دەکەن و پارەی وەرگیراویش بەپێی ڕاددەی گەورەبوونی قەبارەی چووکە. گوتیشی "ئێستا لە کوردستان ژمارەیەکی زۆری خەڵکی ڕوو لەو سەنتەرانە دەکەن و دڵیشیان بە ئەنجامەکان خۆشە".

بە گوتەی یەکێک لە سەنتەرەکانی هەولێر کە وەک سەنتەرێکی لوبنانی خۆیان دەناسێنن، پرۆسەکە لەلایەن پزیشکەوە سەرپەرشتی دەکرێ و کارێکی "زانستی"یە.

## پزیشکێکی پسپۆڕ:
## هیچ دەرمانێک نییە چووک گەورە بکات

### پسپۆڕان چی دەڵێن؟

پزیشکێکی پسپۆڕی بواری سێکسزانی ئەو بانگەشانە ڕەتدەکاتەوە کە باس لە گەورەکردنی چووک دەکەن بە دەرزی و دەرمان.

دکتۆر عادل حوسێن، پزیشکی پسپۆڕ لە سێکسۆلۆژی، بە (ڕووداو)ی گوت "تاوەکو ئێستا لە زانستی پزیشکیدا هیچ دەرمانێک نییە کە سەلمێنرابێت چووک گەورە دەکات، لە هیچ شوێنێک شتی وەها ڕێگەپێدراو نییە لە زانستی پزیشکیدا و بابەتەکە جێگەی لە زانستدا نییە".

دکتۆر عادل هەروەها دەڵێ، لەڕووی بایۆلۆژییەوە گەشەی چووکی هەموو کەسێک لە تەمەنی 17 ساڵییەوە ڕادەوەستێ و چیدی گەورە نابێت، جا بە سرووشتی بێت یان دەرمان و دەرزی و پێویست ناکات کەسەکە بیر لە گەورەکردنی بکاتەوە.

پزیشکەکە دەڵێ تاکە دەرزی کە زانست ڕێگەی پێبدات لە چووک بدرێ، دەرزییەکە بەنێوی "پاپاڤێرین" ئەویش بۆ خاوکردنەوەی چووکە کاتێک بە هەر هۆکارێک بێت بۆماوەیەکی درێژ ڕەق دەبێت و خاو نابێتەوە، ئەگەر خاو نەبێتەوە ئەوە مەترسی دەبێت بۆ چووکی کەسەکە و دوور نییە تووشی گانگرینی بکات، بۆیە بەو دەرزییە خاودەکرێتەوە، بەڵام هیچ دەرزی و دەرمانێکی دیکە نییە هانی گەورەکردنی چووک بدەن.

دکتۆر شێڵدن مارکس یەکێک لە پسپۆڕە جیهانییەکانی بواری نەشتەرگەریی میز و میزەڕۆ و ئەندامە سێکسییەکانی پیاوان لەبارەی ئەو تەکنیکانەی ئاماژە بە گەورەکردنی چووک دەکەن بۆ پۆرتاڵی بەنێوبانگی (وێبمد)ی نووسیوە "نە ڕاستی و نە زانست لە پشت ئەو کارانە نین و ئەوە تەنیا بۆ پارەکێشانەوەن لە خەڵکی".

بەپێی سەرچاوە زانستییەکان قەبارەی ئاسایی چووک لەکاتی خاوبوونەوەدا لەنێوان 8-13 سانتیمەترە و کاتی ڕەپبوونیش قەبارەکەی لەنێوان 13-18 سانتیمەتردایە، هەموو ژمارەکانی نێوان ئەو مەودایە بە ئاسایی دادەنرێن.

دکتۆر عادل دەڵێت تاکە ڕێگە بۆ درێژکردنی چووک نەشتەرگەرییە و ئەوەش لە زۆرێک لە حاڵەتەکاندا پەسەند نییە و کاریگەریی نەخوازراوی هەیە "نەشتەرگەرییەکە بە پچڕاندنی هەندێک ژێ و بەستەری چووک دەکرێت و تەنیا کەمتر لە دوو سانتیمەتر قەبارەکە دەگۆڕێت و لە بەرامبەردا زیانی بەرچاوی هەن".

لەبارەی کاریگەرییە نەخوازراوەکانی نەشتەرگەرییەکەش دکتۆر عادل دەڵێ "شێوەی چووک دەشێوێ و بەردەوام ئاراستەی بەرەو خوار دەبێ، توانای ڕەپبوونیشی کەم دەبێتەوە و لە جاران شلتر دەبێ، بۆیە ئەویش لە زانستی پزیشکیدا پێشوازییەکی ئەوتۆی لێناکرێ".

ماڵپەڕی هێڵس لاینیش لەبارەی نەشتەرگەرییەکە دەڵێ "نەشتەرگەری زیاتر بۆ ڕێککردنەوەی زیانێکە کە بە چووک گەیشتبێ و ڕۆڵی نەشتەرگەری لە گەورەکردنی چووک هێشتا جێگەی مشتومڕە. لە بەرامبەر زیادکردنی نیو سانتیمەتر درێژی، ئەگەری چەندین مەترسی هەیە لەوانە هەوکردن، بریندارببوون و شێوان و لەکارکەوتن".

# نەخۆشیی سیلیاک لە منداڵدا

دکتۆر شادمان حەمەئەمین



نەخۆشیی سیلیاک (هەستەوەری بە گەنم) نەخۆشییەکی بەرگریی دژە ڕیخۆڵەیە، بەهۆی خواردنی گلوتینەوە دروست دەبێ، گلوتین پرۆتینێکە لە گەنم، جۆ و بارلیدا هەیە (بارلی وەک گەنم و جۆ وایە و لە کوردستان نییە).

بەهۆی ئەو نەخۆشییەوە وردە وردە مەمیلەکانی ناوپۆشی ڕیخۆڵە کورت دەبنەوە و دەپووکێنەوە، بەو حاڵەتەش دەگوترێ (لووسبوونی ڕیخۆڵە). ئەگەر نەخۆشییەکە توند بوو دەبێتە هۆی تێکچوونی مژینەوەی خواردنەکان لە ڕیخۆڵە باریکەوە، هەروەها تێکچوونی خۆراک لە منداڵدا.

جگە لە منداڵ، ئەم نەخۆشییە جارێکی دیکە لە تەمەنی گەورەدا (نزیکەی 50 ساڵی) دەردەکەوێت، واتە لە منداڵ و کەسی گەورەشدا هەیە..

## نیشانەکانی

ژمارەیەکی بەرچاو لە نەخۆشەکان بێ نیشانەن، لە 3000 منداڵ یەکێکیان نیشانەکانی ئەو نەخۆشییەی تێدا دەردەکەوێت.

- نیشانەکانی کاتی دەرکەوتن: چەند مانگێک دوای ئەوەی خواردن دەدرێت بە منداڵ (8 — 14 مانگ) دەستپێدەکات.
- سکچوون: سکچوونێکی زۆری ڕەنگ کاڵی بۆن ناخۆش، بڵقی تێدایە، فڕێی دەدات (تا پشتی دێت). دایکەکە دەڵێ: کاتێک دایبی بۆ دەگۆڕم دەبێ ماسک بەکاربێنم (لەبەر بۆنەکەی).
- کەمبوونی ئارەزووی خواردن، هەراسان بوون.
- تێکچوونی خۆراکی: دابەزینی کێش، ئاوسانی سک، باریکبوونی ڕان، پووکانەوەی سمت، کەمبوونی چەوریی ژێر پێست.
- کەمخوێنی ئاسن، ئێسکەنەرمە و کەمیی ڤیتامینەکان ..
-کەمتر: ئازاری درێژخایەنی سک، کەمخوێنی ئاسن بە دەرمان چارە نەکرێ، ڕووشانی بەشی سەرەوەی ددانەکان (مینای ددانەکان) و قەبزی.

## دیاریکردن

- لێبڕینەوەی خواردن: بەرلەوەی هیچ پشکنینێک بکرێ، دەتوانرێ وەک ئەزموون، خواردنی گەنم و جۆ لە منداڵەکە بگیرێتەوە بۆ چەند مانگێک. ئەگەر نیشانەکانی بەرەو باشتر چوون ئاماژەیەکە بۆ بوونی ئەم نەخۆشییە.
-هێڵکاریی گەشە: سەرەتا کێشیان تەواوە تاوەکو نزیکەی نۆ مانگ، دواتر کێشیان دەوەستێ و زیاد ناکەن، تاوەکو ئەو کاتەی لە گەنم دەبڕێتەوە، پاشان کێشیان ئاسایی دەبێتەوە..
- پشکنینی خوێن: ATT-IgA، AEM- IgA، total IgA ... دیاریکردنی ئەم دژە تەنانە لە خوێندا کە 95% وردن لە دیاریکردندا.
- وەرگرتنی پارچە لە ناوپۆشی ڕیخۆڵە باریکە (دوانزەگرێ- دوای دوانزەگرێ)، سەیرکردنی لە ژێر مایکرۆسکۆپ، پووکانەوەی ڕیخۆڵەکان دەردەخات..
- پشکنینی دیکە: ڕێژەی خوێن، ئاسن، کالیسیۆم، فۆسفات، پرۆتین (ئەلبۆمین)، ئەنزیمەکانی جگەر.

## چارەسەر

- دوورکەوتنەوە لەو خواردنانەی کە گەنم و جۆ لە پێکهاتەیاندایە (گلوتین)! کارێکی تۆزێک گرانە بۆ منداڵ! (دایکێک: منداڵەکەم کە نان دەبینێ پەلاماری دەدات).
- لەگەڵ وەستاندنی ئەم خواردنانە نیشانەکان تەواو ئاسایی دەبنەوە، کێشی زیاد دەکات، کەمخوێنی نامێنێ، پشکنینی خوێنی ئاسایی دەبێتەوە، ڕیخۆڵەیان چاک دەبێتەوە (دوای چەند مانگێک)..
- ئەو خواردنانەی ئاساییە بخورێن: گۆشت (سوور-مریشک) ماسی، سەوزە، نیسک، نۆک، گەنمەشامی، برنج، چەرەسات، پەتاتە، میوە، بەکارهێنانی نانی برنج یان نانی گەنمەشامی و.. هتد
- ئەو خواردنانەی نابێ بخورێن: هەر خواردنێک لە گەنم و جۆ دروست بکرێت یان لەسەر بەرگەکەی نووسرابێت گلۆتینی تێدایە. نانی گەنم و جۆ، سەموون، کولیچە، کێک، پاقلاوە، پسکیت، ئیندۆمی و شەعریە.
- چارەسەرکردنی نارێکییەکان: پێدانی ئاسن، پێدانی ڤیتامینەکان و بەدواداچوون بۆ زیادکردنی کێش.

## مەترسییەکانی

- بەردەوامنەبوون لەسەر دوورکەوتنەوە لەو خواردنانە.
- هەموو منداڵێکی سیلیاک پێویستە پشکنینی بۆ بکرێت، ئەگەری هەیە تووشی نەخۆشیی بەرگریی خۆیی ببن لە شوێنی دیکەی لەشدا وەکو: ڕژێنی سایرۆید (پەریزادە) و جۆری یەکەمی شەکرە و.. هتد.
- ئەگەری تووشبوونیان هەیە بە شێرپەنجەی ڕووپۆشی ڕیخۆڵەکان (لیمفۆمای ڕیخۆڵە ELTA)..
- لاوازبوونی ئێسک (داخورانی ئێسک) و کەمخوێنی.



# ناترسم غوددەکەم ژەهراوی نییە

د.ژانیار نووری

نەخۆشیی غوددە یەکێکە لە نەخۆشییەکانی کۆئەندامی کوێرە ڕژێنەکان، لەبەر ئاشکرایی شوێنی ڕژێنی دەرەقی کە لە پێشی ملدایە، لەناو خەڵکدا زیاتر ناسراوە تا کوێرە ڕژێنەکانی دیکەی لەشی مرۆڤ. هەر بۆیە لای خۆمان کە دەڵێن غوددە ئەوا مەبەستیان ئەم ڕژێنەیە (دەرەقی). کوێرە ڕژێن واتە هەر ڕژێنێک کە هۆرمۆن برێژێت، هۆرمۆن ماددەیەکی پێویستە بۆ ئیشکردنی ئەندامەکانی دیکەی لەشمان.

## ئەو ڕژێنە چییە؟

وشەی غوددە لە عەرەبیدا واتە ڕژێن، هەموو ڕژێنەکان دەگرێتەوە (دەرەقی، پەنکریاس، سەرگورچیلە، ئەوانەی ناو گەدە!). ئەگەر یەکێک بیەوێت باسی ڕژێنەکەی پێشی مل بکات ئەوا دەبێت بڵێت ڕژێنی دەرەقی یان غوددەی دەرەقی. ئەمە گرنگە بۆ زمانەوانیمان تا تێبگەین کە نەخۆشییەکە چییە. ئەم ڕژێنە ئەرکێکی گەورە لە لەشی مرۆڤدا دەکات کە ڕێکخستنی ئیشکردنی هەموو ئەندامەکانی دیکەی لەشە و کار لە دڵ و گەدە و ئێسک و پێست و سووڕی مانگانە و تەنانەت مێشکی مرۆڤیش دەکات. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەگەر نارێکی و کێشەیەک بکەوێتە غوددەی دەرەقییەوە، ئەوا ئەو ئەندامانەی دیکەی لەشمان کاریان تێکدەچێت.

## نەخۆشییەکەی چییە؟

ڕاستییەکەی یەک جۆر نەخۆشی نییە، بەڵکو کۆمەڵێکن. ئەمەش وای کردووە باسی ئەو هەڵە باوە بکەم کە هاووڵاتیان تێی کەوتوون کاتێک دەڵێن غوددەمان هەرچییەکی بێت بەس (سام) نەبێت. ناترسێم چونکە غوددەکەم سام نییە، وەکو نەخۆشێکم ئەو ڕۆژە پێیگوتم.

غوددەی دەرەقی دەگونجێ تووشی هەڵئاوسان ببێت، واتە لە پێشی ملدا خڕ ببێت. خڕ ببێت و هۆرمۆن زۆر برێژێت. خڕ ببێت و هۆرمۆنی ئاسایی بێت، خڕ ببێت و هۆرمۆن کەم برێژێت. خڕ ببێت، بەڵام تۆپەڵ تۆپەڵ بێت. خڕ نەبێت و زۆر برێژێت. خڕ نەبێت و سست بێت. خڕ بێت، بەڵام شێرپەنجە بێت. خڕ بێت، بەڵام هیچ نەبێت جگە لە هەوکردنێکی کاتی؟ ئەوەی ئەم نەخۆشییانە جیا دەکاتەوە لە یەک، تەنیا و تەنیا پزیشکی هەناوییە.

## ئەی غوددەی سام چییە؟

غوددەی سام واتە غوددەکە هۆرمۆن زۆر دەڕێژێت و هیچیتر، سام لە عەرەبیدا واتە ژەهراوی لە ناوە ئینگلیزییەکەیەوە هاتووە. کە گوترا (سام) مانای وا نییە شێرپەنجەیە، نازانم چۆن ئەم هەڵەیە بڵاوبووەتەوە لەناو خەڵکدا!


## چارەسەر:

- زۆربەی کات هیچی ناوێت!!
-ئەگەر سام بێت دەرمانی دەوێت
- ئەگەر سست بێت جۆرێکی دی لە دەرمانی دەوێت
- ئەگەر زۆر ئاوسابوو لەوە دەچێت نەشتەرگەری بوێت
- ئەگەر شێرپەنجە بوو دەرمان و نەشتەرگەری دەوێت.

## بە کورتی:

1- غوددە واتە ڕژێن مەرج، نییە غوددەی دەرەقی بێت.
2- غوددەی دەرەقی ئەوەی پێش ملە
3- مەرج نییە مل ئێشە یان قورگ ئێشە هۆکارەکەی نەخۆشی غوددەی دەرەقی بن، بەبێ هۆ داوای پشکنینی غوددە مەکە.
4- هەرگیز بەبێ هۆ پشکنینی خوێن بۆ غوددە مەکە لە خۆتەوە، چونکە ئەنجامی پشکنینەکە زۆر ئاڵۆزە.
5- تەنیا پزیشکی هەناوی بەپێی زانست بۆی هەیە دەستنیشان و چارەسەری نەخۆشییەکانی غوددەی دەرەقی بکات.
6- چارەسەرەکەی زۆر ئاڵۆزە، بە وردی گوێ لە ڕێنمایی پزیشکی هەناوییەکەت بکە.
7- غوددەی سام واتە زۆر دەڕێژێت نەک واتای شێرپەنجە بێت، چارەسەر دەکرێت.
8 - شێرپەنجەی غوددەی دەرەقیش چارەسەر دەکرێت.

## دیجەی خەریکی کاری خێرخوازییە



**پشتیوان جەمال- ڕووداو- سلێمانی**

وا بڕیارە لە شاری میونشنی ئەڵمانیا و بە ئامادەبوونی ژمارەیەک پەرلەمانتاری ئەڵمانی، کۆنسێرتێکی گۆرانی ساز بکرێت کە داهاتەکەی بۆ ئاوارەکانی هەرێمی کوردستان دەبێت. ئاسۆ دیجەی، سەرپەرشتیاری کۆنسێرتەکە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، لە مانگی تشرینی یەکەمی ئەمساڵدا بە بەشداریی حەوت هونەرمەند لە هەر چوار پارچەی کوردستان ئەو کۆنسێرتە ساز دەکەن و گوتی "جگە لە خەڵکانی ئاسایی، ژمارەیەک پەرلەمانتار و کەسایەتی سیاسی ئەو وڵاتەش ئامادە دەبن و هونەرمەندانی بەشداربووش بە خۆبەخش کارەکە دەکەن".

گوتیشی کە لەم هەفتەیەدا بڕیار لەسەر ڕۆژی سازکردنی کۆنسێرتەکە دەدەن.

## کوردێک دەبێتە ئەندامی کۆمیتەی خەڵاتی ئۆسکار



**هیوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

سەرۆکی ئەکادیمیای ئۆسکار داوا لە دەرهێنەرێکی کورد دەکات کە ببێتە ئەندامی کۆمیتەی دابەشکردنی خەڵاتەکانی ئۆسکار.

سەهیم عومەر خەلیفە، دەرهێنەری کورد کە ڕۆژی 2016/6/29 ئەو داواکارییەی لەلایەن Cheryl Boone Isaacs سەرۆکی ئەکادیمیای ئۆسکارەوە پێگەیشتووە، بە (ڕووداو)ی گوت "ئەمە شەرەفێکی مەزنە کە وەک دەرهێنەرێکی کورد ببمە ئەندامی کۆمیتەی دابەشکردنی خەڵاتی ئۆسکار".

ئەکادیمای دابەشکردنی خەڵاتەکانی ئۆسکار ناودارترین دەزگای کولتووری و ئەکادیمیایی سینەماییە لە جیهاندا و ساڵانە خەڵات بەسەر باشترینەکانی بواری سینەمادا دابەش دەکات.

سەهیم گوتیشی "یەکەمین جارە لە مێژووی سینەمای کوردیدا دەرهێنەرێکی کورد کاندید بکرێت بۆ ئەندامێتی کۆمیتەی دەستنیشانکردنی خەڵاتەکانی ئۆسکار، ئەویش بەهۆی فیلمەکانم (میسی بەغدا و ڕاوچییەکی خراپ) کە کاندید کرابوون بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئۆسکار".

سەهیم لەبارەی چۆنیەتی دەنگدان لەسەر فیلمە بەشداربووەکانی ئۆسکار گوتی "لە ئێستاوە من مافی ئەوەم هەیە دەنگ لەسەر ئەو فیلمانە بدەم کە بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئۆسکار ڕەوانەکراون".

## سەرکردەی هیندۆسەکان کوردە



**هیوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

سورێن ئەکرەم، قوتابییەکی کوردە لە هیندستان، ماستەر لە بواری کۆمەڵناسیدا دەخوێنێت و بەشداری لە چەندین فیلم و درامای هیندیدا کردووە کە لە یەکێک لە دراماکاندا ڕۆڵی سەرکردەی هیندۆسەکان دەبینێ.

سورێن بە (ڕووداو)ی گوت "هاوڕێییەکم لە زانکۆ وێنەیەکی منی نیشانی سینەماکارانی هیند دابوو، ئەوانیش حەزیان کرد بەشداریی فیلم و دراما بکەم، بۆیە یەکەمین کارم بینینی ڕۆڵی سەرکردەی هیندۆسەکان بوو بەناوی سیاکرام. من لە 137 ئەڵقەی دراماکەدا ڕۆڵم هەبووە، دواتریش لە هەشت فیلمدا بەشداریم کردووە".

سورێن دەشڵێت "چوار فیلم کە من بەشداریم تێیدا کردوون ئێستا لە سینەماکانی هیندستان نمایش دەکرێن، ئەوانی دیکەش لە قۆناغی مۆنتاژدان".

## دۆتمیر نازێ شەیدای زیرەکە



**ڕووداو- هەولێر**

دۆتمیر نازێ، کچە گۆرانیبێژی کورد ئامادەکاری بۆ نوێترین بەرهەمی دەکات کە گۆرانییەکی فۆلکلۆری کوردییە.

دۆتمیر نازێ کە لە سوێد نیشتەجێیە، لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "دەمێکە سەرقاڵی کارێکی نوێم کە گۆرانییەکی فۆلکلۆری ناوچەی بادینانە و مامۆستا ئەدیب چەلکی تێکستی بۆ نووسیوە، بەڵام ئاوازەکە وەک خۆی دەستکاری نەکراوە، لەماوەیەکی کەمدا ئامادە دەبێت بۆ بڵاوکردنەوە".

دۆتمیر بەنیازە چەند گۆرانییەکیش بە شێوەزاری سۆرانی بڵێت، ئەو دەڵێت "چەند تێکستێکی سۆرانیم بۆ هاتووە، بەڵام حەز دەکەم گۆرانییەکی هونەرمەند حەسەن زیرەک بڵێمەوە، چونکە زۆر شەیدای دەنگی ئەوم، دەمەوێت گۆرانییەکانی ئەو بە شێوازێکی نوێ بڵێمەوە".

## ئەیاد واز لە ئەلبووم دێنێ



**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

هونەرمەندی گۆرانیبێژ ئەیاد حوسێن دەڵێت لەمەودوا بەشێوەی سینگڵ گۆرانی دەڵێت و ئەلبوومی گۆرانی بەرهەم ناهێنێ.

ئەیاد حوسێن کە لە سوێد نیشتەجێیە، هەفتەی ڕابردوو لەسەر بانگهێشتی پرۆژەی داون تاون بۆ سازکردنی کۆنسێرتێک گەڕایەوە شاری هەولێر و تەنیا ماوەی چوار ڕۆژیش مایەوە. سەبارەت بە بێدەنگبوونی لە ماوەی ڕابردوودا بە (ڕووداو)ی گوت "بەهۆی شەڕی داعش و ئەو بارودۆخەی کوردستانەوە هیچ پاڵنەرێک نییە بۆ ئەوەی بەرهەمم هەبێت، بۆیە ئەم ماوەیە دەوەستم تا دۆخەکە کەمێک هێور دەبێتەوە".

ئەیاد پلانی داهاتووی خۆی ئاشکرا کرد و گوتی "لەمەودوا بەشێوەی سینگڵ گۆرانی بڵاودەکەمەوە، بەڵام نازانم ئەمساڵ یاخود ساڵی داهاتوو ئەو کارە دەکەم، چونکە دەمەوێت کارێکی باش بێت و لە ئاستی کارەکانی دیکەم کەم نەکاتەوە".

## سامان عومەر ساڵێکە بە گۆرانییەکەوە خەریکە



**ڕووداو- سلێمانی**

هونەرمەند سامان عومەر نوێترین بەرهەمی خۆی پێشکەشی هەوادارانی دەکات و بڕیارە لە یەکەم ڕۆژی جەژنیشدا کلیپەکەی بڵاوبکرێتەوە. (هەر تۆم دەوێ) ناوی بەرهەمە نوێیەکەی سامان عومەرە کە تێکستەکەی بەشێکی لەلایەن خۆی و بەشەکەی دیکەشی لەلایەن ڕەنج سەنگاوی دانراوە. ئاوازەکەشی خۆی دایناوە.

سامان عومەر بە (ڕووداو)ی گوت "تۆمارکردنی بەرهەمەکە لە کوردستان و تورکیا کراوە و کلیپەکەشی لە سوید کراوە. وەکو دیارییەک بۆ هەوادارانم لە یەکەم ڕۆژی جەژنی ڕەمەزاندا بڵاودەکرێتەوە". گوتیشی "ڕیتمی گۆرانییەکە خاوە و نزیکەی ساڵێک پێوەی ماندوو بووم".

## بەختی ڕووداو



ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی
ayarfalak@hotmail.com

### کاوڕ
ئەم هەفتەیە بەختێکی باشت دەبێت و بەهۆی دیدارێکەوە هەست بە دڵخۆشی دەکەیت. سەرنجی چواردەورەکەت ڕادەکێشی، بەڵام کات گونجاو نییە بۆ دروستکردنی پەیوەندی. لە تەندروستیت دڵنیا دەبیت.

### گا
دەتوانی پلانێکی کۆن بە شێوازێکی نوێ دابڕێژیتەوە، بەڵام پەلەی ناوێت، بۆ ئەم جەژنە چەند سەردانێکی گرنگ لەیاد مەکە. کاتی زیاتر بەکارەکەت بدە هەتا بتوانی گۆڕانکاریی بکەیت.

### دووانە
بەخت هاوکارێکی باشە هەرچەندە بڕوا بە بەختەوەریی خۆت ناکەیت، بەڵام هەنگاو بە هەنگاو بەرەوپێش دەچیت، بەتایبەت لەباری دەسکەوت و دەرامەتەوە. خۆشحاڵ دەبیت و هەست بە دڕەوشانەوەی خۆت دەکەیت.

### قرژاڵ
دیداری کەسانێکی گرنگ دەکەیت، هەرچەندی دەتوانی گەڕان و پەیوەندی و سەردانت زیاد بکە، ڤینۆس لە کەلوەکەتدایە و شتی کتوپڕی خۆش ڕوودەدات. پشت بەو بەڵێنە مەبەستە کە وادەکەی دوورە.

### شێر
بە بیرکردنەوەی باش دەرگایەکی تازەت بۆ دەکرێتەوە، بەتایبەتی لە کارکردن یان دەسکەوتی پارە، بەڵام بۆ لایەنی سۆزداری باش نییە. هاوکاریکردنی چواردەورەکەت کەسایەتییەکی جوانی پێ داوە.

### فەریک
هەندێ جار گۆڕانکاری ئاسوودەت دەکات، بەڵام مەرج نییە هەموو کاتێک ئەنجامێکی باشی هەبێت. لەگەڵ ئەوەی کارەکان زۆرن، دەتوانیت لە ئەنجامدانیان بەردەوام بیت.

### تەرازوو
گومانەکانت زەرەری بەژیانت گەیاندووە، هەوڵ بدە گەشبین بیت. بە جددی دەست بە کارەکانت بکە. بۆ ئەوەی بڕیارێکی یەکلاکەرەوە بدەیت پێویستە ئامادەکاریت کردبێت بەتایبەتی لەباری داراییەوە.

### دووپشک
کارەکانت لە کاتی خۆیدا بەئەنجام بگەیەنە. کاتێک ئاواتەکانت بچووک دەبنەوە ئەگەری بەدیهاتنیان زیاتر دەبێت. گەشبینی سەرکەوتنت مسۆگەر دەکات.


### کەوان
کەسێکی خۆشەویست دەبیت، بەو هۆیەوە کارێکی قورست پێ دەسپێرن. بەگەشبینی بیر بکەرەوە خێراتر و چالاکتر دەبن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانتان. کەسێک هەوڵ دەدات زیاتر لێت نزیک ببێتەوە.


### گیسک
بە ڕوویەکی شیرینەوە پێشوازی لە سەردانەکانت دەکرێت و هەست بە خۆشحاڵی دەکەیت. هەوڵەکانت پلەت بەرز دەکاتەوە و باری داراییت بەرەو باشتر دەبات. بڕیارێکی گرنگ دەدەی.

### سەتڵ
دەتەوێت بە کتوپڕی هەڵەیەک ڕاست بکەیتەوە، بە بەرنامەیەکی باش کاری بۆ بکە و کاتێکی زیاتر دەخایەنێت لەوەی چاوەڕوانی دەکەیت. لەگەڵ خۆشەویستەکەت لێبووردە بە و شتی بچووک گەورە مەکە.

### نەهەنگ
بڕە پارەیەک یان دیارییەک بەدەست دێنی. بەختەوەرییەکی گەورە بەرەوڕووت دێت بۆیە هیچ پێشنیارێک ڕەت مەکەرەوە هەتا بەتەواوی بیری لێ دەکەیتەوە. چواردەورەکەت خۆشیان دەوێی.

# لە پیرەمەگروونەوە بۆ دڵە زیندووەکەی نیشتمان





کامەران سوبحان

(1)

ئێواران بە جلوبەرگێکی شیک و پۆشتە و ڕێکپۆشەوە، لە وەزیرییەوە کە دەهات بۆ شەقامی ڕەشید و بە بەردەم مزگەوتی (سوڵتان عەلی) دا دەهاتە خوارەوە، تا دەگەیشتە دووکانەکەی (بەشیر موشیر)، بە هەردوو بەری شەقامەکەدا خەڵک دەستی سڵاویان بۆ بەرز دەکردەوە. دەتوانین بڵێین کەم کورد هەبووە هێندەی ئەو، لە بەغدای پایتەختی عێراقدا ناسراو بوبێت و خەڵکی بەرێزەوە سڵاوی بۆ بکەن. ڕەنگە ئەمە بۆ پێگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی ئەو بگەڕێتەوە کە لە چەندین کابینەی حکومەتی عێراقدا وەزیر و کاربەدەست و ئەندامی (مەجلیسی ئەعیان- پەرلەمان) بووە، ئەمە جگە لەوەی نووسەرێکی دیاری ئەو سەردەمە بووە و لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا وتار و بابەتی لەسەر زمان و مێژووی نەتەوەکان و ئایینە جیاوازەکان دەنووسی.

ئەوەی بەلای تۆفیق وەهبییەوە گرنگ بوو، ئەوەبوو کە ئەو ئێوارەیە لە دووکانەکەی (بەشیر موشیر) گفتوگۆ لەسەر چی بکەن. بەدەم ئەم بیرکردنەوانەوە وردە وردە لە دووکانەی بەشیر موشیر نزیک دەبووەوە کە ئەوکات دەیان کەسایەتی و ڕۆشنبیر و سیاسەتمەدار لەوێ دادەنیشتن و بابەتی جیاوازیان باس دەکرد. هەندێ جار قسەی قۆشمە و گاڵتەجاڕیش بەشێکی دانیشتنەکانی دەبرد.

ئەو ئێوارەیە کە تۆفیق وەهبی گەیشتە دووکانەکە، هەریەک لە (فوئاد عارف و ئەمین زەکی بەگ و مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی) دانیشتبوون و چاوەڕێی گفتوگۆی ئەو ڕۆژە بوون.

دانیشتن دەستی پێکرد، لە سلێمانییەوە بۆ پیرەمەگروون، لەوێشەوە بۆ چوارتا و پێنجوێن و زێوێ، هاتنەوە بۆ ئاکرێ و زاخۆ و قەڵای هەولێر و دواتر چەمچەماڵ و قەرەهەنجیر و کەرکووک. ناوی ئەم شارانە لە مێژوودا چۆن هاتوون و چۆن باسکراون. تۆفیق وەهبی باسی کتێبەکەی خۆی کرد لەسەر (ئاڵتون کۆپری) لە مێژوودا، چۆن ئەم ناوە هاتووە و کێ بەکاری هێناوە. دواتر هەر ئەو ئێوارەیە باسی وشەی عەرەبی و پیتی لاتینی و پیت و وشە و زاراوە لێکچووەکان کرا.

بەشیر بەدەم سەرقاڵبوونی بەکاری خۆیەوە، جار جار سەری هەڵدەبڕی و قسەیەکی فڕێ دەدایە کۆبوونەوەکە و هەندێجاریش دەیکردە گاڵتەو گەپ.

تۆفیق وەهبی بەدەر لەوەی وەک پیشەی هەمیشەیی خۆی درێژەی دەدا بە قسەکانی، ئەو ئێوارەیە زۆر باسی کتێبەکەی خۆی کرد لەسەر (ئاڵتون کۆپری). دواتر لە باسی کەرکووک و بنەچەی ناوەکەیدا، باسی نووسینێکی خۆی کرد بە ناوی (اشتقاق اسم کرکوک)، دەستی بە گێڕانەوە کرد: "من بۆ بنەچەی ناوی کەرکووک، پەنا بۆ فەرهەنگە کۆنە مێژووییەکان دەبەم. پێموایە ناوی کەرکووک بە ناوێکی بچووک کراوە هاتبێت کە بە پاشبەندی (UK) بە دوای ناوی "کەرەک"وە دروست بووبێ. ئەم پیتە دەچێتەوە سەر پیتی (KA)ی هیندی- ئێرانیی کۆن کە لە زمانی (ئاوێستایی) و لە فارسیی کۆندا لە شێوەی جیاوازدا بەکارهێنراوە بۆ دروستکردنی ئاوەڵناو، بەڵام ئێستا لە زمانەکاندا گۆڕاون و بەشێوەی جیاواز بەکاردێن".

بابەتەکە وشک و ئاڵۆز بوو، هەموو حەزیان دەکرد کۆتایی بە وتووێژی ئەو ئێوارەیەیان بێنن کە لە جامخانەی دووکانەکەی بەشیرەوە سەیری دەرەوەیان کرد. خۆر ئاوا دەبوو، کۆبوونەوەی ئەو ئێوارەیە بەو دیمەنی تاریکی و چۆڵییەی شەقامەکان کۆتایی هات.

(2)

تۆفیق وەهبی، بەشێکی زۆری تەمەنی بۆ ساغکردنەوەی وشە و زمانناسی تەرخان کرد و ژمارەیەکی زۆر کتێبی بە زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی لەسەر بنەچە و ئاین و بیروباوەڕی کورد و ناوی شار و شارۆچکە و گوندەکانی کوردستان و گرد و دەشتاییەکانی نووسی.

ئەم نووسەرە کوردە، لە ساڵی 1930 بۆ کەمتر لە ساڵێک بووە موتەسەڕیفی سلێمانی، بەڵام بەهۆی ڕاپەڕینی ئەیلول دەسەڵاتدارانی ئەوکات دووریانخستەوە بۆ لوبنان. دواتر لە چەند کابینەیەکی حکومەتی عێراقدا بووە سەرهەنگی سەربازیی باڵا و وەزیری (مەعاریف و کاروباری کۆمەڵایەتی و ئابووری) و پاشتریش بە ئەندام لە (مەجلیسی ئەعیان- پەرلەمان). ساڵی 1958 عێراقی جێهێشت و لە بەریتانیا نیشتەجێ بوو، تا ڕۆژی مردنی لە ساڵی 1984 نەهاتەوە بۆ وڵات. لە دوا ساتی کۆچی دواییدا داوا دەکات لە بەرزایی چیای پیرەمەگروون لەنزیک گۆڕی پیاوچاکێکی وەک (پیرەمەگروون) بنێژرێت، بۆ ئەوەی هەمیشە لە بەرزایی چیاوە چاوی لە زێدی لەدایکبوونی خۆی و شارە خۆشەویستەکەی بێت کە خۆی بە دڵە زیندووەکەی نیشتمانی کوردان ناوی دەبرد.

جگە لە سلێمانی، لەبارەی زۆر شوێن و جێگەی گرنگ و مێژوویی تری کوردستان، وتار و کتێبی نووسیوە، لەبارەی (چوارتا و کەرکووک و تاسڵوجە و ئاڵتون کۆپری و دەرگەزێن و شارەزوور) و زۆر جێگەی دیکە، شیکاریی وشە و ناوی شوێنەکەی کردووە و لە مێژوودا چۆن هاتووە و چۆن باسی کراوە، بۆچوونی خۆی لەبارەوە خستووەتە ڕوو، هەموو ئەم باسانە لە کۆبەرهەمەکانیدا بە زمانی عەرەبی و بەشێکی بە کوردی لە بنکەی ژین چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

لە کتێبی (×خره من دربند بازیان الی گاسلوجە) باسی بنەچەی وشەی (پیرەمەگروون) دەکات. تۆفیق وەهبی شیکار و وردەکاریی زۆری لەو نووسینەدا خستووەتە ڕوو، باسی بنەچەی کێوی پیرەمەگروون دەکات و دەڵێت: "کێوی پیرەمەگروون، دەبێ وەکو هەموو کێوێکی مانەندی خۆی، لە دەوری بەردا پەرسترابێ، قوربانیی پێشکەش کرابێ و سوێندی بەسەر خورابێ، هەرچەند خوایەتییەکەی لە دەوری تاریخیدا لێی داکەنراوە، بەڵام موقەدەس تەماشا کراوە. مادەکان لە سەدەی حەوتەمی پێش میلادەوە، لە جەژنی سەری ساڵیاندا، لە جەژنەکانی گەڕانەوەی بەهار و هاوینیاندا، لە جەژنی نۆبەرەی سەوزی پاڕانەوە بۆ باران، لە پاییزدا بۆ ڕزگاربوون لە بێ بارانی و نەبوونی و نەخۆشیی تر، بۆ پاڕانەوە بۆ منداڵبوون و نەمردن، بۆ پاڕانەوە بۆ دووربوون لە دوژمنی داگیرکەر، بۆ پیرۆزیی بەسەر دوژمندا، سەردەکەوتنە سەر تەوقەسەری پیرەمەگروون و قوربانییان پێشکەش دەکرد. وا دەردەکەوێ کە پیرەمەگروون دەمی خۆی پەرستراوە، دەمێ بۆتە پەرستگا بۆ پەرستنی ئاسمان و دەمێ بۆ (ئاگر، ئاو). لە سەردەمی ئیسلامیشدا بۆتە جێی مەرقەدی شەخس و پیر، کەوا ئێستا مەرقەدی پیرەمەگروونی لێیە. پیرەمەگروون کەوا دیارە، یەکێ بووبێ لە پیرەکانی ئیسماعیلیی کۆن، مەرقەدەکەی لەبن قولەی کێوەکەدایە، ژنان دەچنە سەری، قوربانی بۆ سەرئەبڕن، داوای زگپڕبوونی لێ دەکەن. دەشێ ئەسڵی ناوەکەی (پیر عەنبەر گودروون) (گوردووە) بووبێ".

(3)

عەبدوڵڵا گۆران و ڕەفیق چالاک، شاعیرێک و هونەرمەندێکی دیاری کوردن، لە گەرمەی جەنگی دووەمی جیهانیدا، لە ڕادیۆیەکی بەریتانی لە فەلەستین کاردەکەن، ئەم ڕادیۆیە بەدەر لە بڵاوکردنەوەی ئایدیا و وتارە سیاسییەکانی دژ بە نازیزمی ئەڵمانی و فاشیزمی ئیتاڵی، گرنگی و بایەخی زۆری بە ئەدەب و کولتووری ڕۆژهەڵاتی و زمانی کوردی و نەتەوەکانی دیکە دەدا. هەڵبژاردنی ئەم شاعیر و هونەرمەندە کوردە لەو ساتانەدا بایەخ و کاریگەریی گەورەی هەبوو، پێشتر نووسەر و مێژوونووسی کورد تۆفیق وەهبی کە بەرپرسی باڵای دەوڵەت بووە، ئەم شاعیر و هونەرمەندە کوردەی بۆ ئەو شوێنە هەڵبژاردووە. (گۆران)ی شاعیر، ئەو ویستگەی کارکردنەی لە ڕادیۆ بە قۆناغێکی پرشنگداری کاری ڕۆشنبیریی خۆی زانیوە، بەتایبەتیش لەگەڵ مرۆڤێکی خوێندەواری وەک (تۆفیق وەهبی) کە ئینسایکلۆپیدیا و فەرهەنگێکی مەزنی وشەسازیی کورد و نووسەر و شوێنناس و کۆنناسی نەتەوەکەی بووە. ڕۆژانە بەدەر لە کارکردنیان لەو ڕادیۆیە لە فەلەستین، (گۆران و ڕەفیق چالاک) پێکەوە گوێیان لە تۆفیق وەهبی دەگرت کە باسی بنەچە و مێژووی شوێنەوار و ناوی شوێنە جیاوازەکانی کورد و وشەسازیی کوردی بۆ دەکردن. ئەمە جگە لەو بناغە گەورەیەی ڕێزمان و زاراوەی کوردی کە پێشتر بە کوردی و پاشتر بە عەرەبی داینا و تا ئێستاش ئەو شێوەزمانە نووسینە کوردییەی لە باشووری کوردستان لە نووسیندا پەیڕەو دەکرێت، بناغەکەی تۆفیق وەهبی دایناوە.

(گۆران و ڕەفیق چالاک) هەمیشە خۆیان بە قەرزداری ئەو دەزانی، گۆران خۆی دەڵێت بەشێک لە بەرهەمە شیعرییە لیریکییەکانم زادەی ژیانی ئەو سەردەمەیە کە لەگەڵ (ڕەفیق چالاک) لە ئێستگەی ڕۆژهەڵاتی ناوین لە فەلەستین کارمان کردووە و ڕۆژانە پێکەوە لەگەڵ تۆفیق وەهبی بەهرەمەند بووین بە وشەی نوێ و زانیاریی نوێ لەسەر زمانی کوردی.

شیعری (جوانی بێ ناو) یەکێکە لە شیعرە جوان و کاریگەرەکانی (گۆران) کە تا ئێستاش دەنگدانەوە و کاریگەرییەکی گەورەی لە ئەزموونی شیعریی ئەودا هەیە، لەو قۆناغەدا نووسراوە کە لەگەڵ تۆفیق وەهبی پێکەوە بوون.

(4)

لە نووسینێکدا بەناونیشانی "بنەچەی کوردان و زمانیان" کە بە عەرەبی نووسیویەتی و لە کۆبەرهەمەکانیدا بڵاوکراوەتەوە، تۆفیق وەهبی کۆمەڵێک زانیاریی گرنگی مێژوویی و لێکچوون لەگەڵ زمان و دیالێکتە کۆنەکانی ئێران و زمانی کوردی بەراورد دەکات. لە زمان و دیالێکتی زمانی کوردیدا هەموو شێوەزار و دیالێکتەکانی کرمانجیی خواروو و سەروو و هەورامی و گۆرانی و زازا باس دەکات و بەراورد و خاڵی لێکچوون و جیاوازییان لەگەڵ زمان و شێوەزاری بلوچی و فارسیی نوێ و فارسیی کۆن و زمانی ئاڤێستایی و میدیایی باس دەکات.

لەباسی ئاین و بیروباوەڕی کۆنی کوردانیشدا، پێش ئیسلام و ئاینە یەکتاپەرستەکانی دیکە، لە نووسینێکدا بەناوی (ئاینی کۆنی کورد) زۆر زانیاریی گرنگی خستووەتەڕوو. بەتایبەتیش لەسەر ئاینی زەردەشتی و بیروباوەڕی پێش زەردەشتییەکان، ئاماژە بە ناوی (داسن) دەدات کە ناوی کۆنی ئاینی ئێزیدییەکان بووە. ئەم ناوەش بەبۆچوونی تۆفیق وەهبی لە بنەڕەتدا لەناوی (دە ئێڤە یەسنا) وە هاتووە، ماناکەی واتە (دە ئێڤە پەرستان) دە ئێڤە بە خواوەندانی پێش هاتنی ئایینی زەردەشتی دەگوترا کە ئاینی زەردەشتی هات و پەرستنی خواکانی دیکەی نەهێشت، بەڵام هەندێک لەسەر بیروباوەڕی کۆنی خۆیان مانەوە و هەر بەردەوام خواوەندی (دە ئێڤە)یان دەپەرست، ئەو کەسانەی لەسەر ئەم پەرستشە مانەوە، زۆریان خەڵکی ناوچەکانی کوردستانی ئێستا بوون کە (ئێزیدییەکان) بوون و توانییان پاش ململانێ و هێرشێکی زۆر، پارێزگاری لە بیروباوەڕی ئاینیی خۆیان بکەن.

(5)

یەکێک لەو پڕۆژە ڕۆشنبیرییانەی ژیانی کە زۆر دڵی پێی خۆش بوو، نووسین و ئامادەکردنی فەرهەنگێکی (ئینگلیزی- کوردی) بوو کە ساڵی 1962 لە لەندەن بە هاوبەشی لەگەڵ (ئیدمۆنز)، ڕاوێژکاری بەریتانی لە عێراق ئامادەیان کرد. ئەو فەرهەنگە تا ئێستاش بە یەکێک لە بەرهەمە گرنگ و دانسقەکانی تۆفیق وەهبی دەژمێردرێت. لەبارەی ئەو فەرهەنگەوە دەڵێت: "ئەگەر ئینگلیزەکان ئێمەیان دابەشکرد و داگیرکەرمان بوون، لازمە ئەولادی کورد زمانەکەیان فێر ببن، ئەگەر ڕزگارکەرمان بوون و هێمای دەوڵەتی بەهێز و پێشکەوتوون لە دونیادا، هەر دەبێت ئەولادی کورد زمانەکەیان فێر ببن، ئەم فەرهەنگە هاوبەشەی من و ئیدمۆنز بە هەردوو زمانی (کوردی و ئینگلیزی) ئەو ئامانجەی هەیە و هیچی تر.

ئەمەش هەندێک لە بەرهەمە چاپکراوەکانی وەهبی و بەشێکی زۆریشی دەستنووسن و تا ئێستا چاپ نەکراون:

### بەرهەمە چاپکراوەکانی بە کوردی:

- کوردییەکەمان بە چۆن حرووفێک و چۆن بنووسین؟- دیاریی کوردستان، 1925
- دەستووری زمانی کوردی- بەغدا، 1929
- خوێندەواریی باو- بەغدا 1933
- قسنێک لە کوردستان- بەغدا 1947
- فەرهەنگی کوردی- ئینگلیزی (A Kurdish-English dictionary)- بە هاوبەشی لەگەڵ ئیدمۆنز (Cecil John Edmonds) ، لەندەن 1965

بەرهەمە چاپکراوەکانی بە عەرەبی:


- رجعية المانيا وعبادة القوة - بغداد 1942
- الاصل والاستطراد في اصل معنى بغداد - بغداد 1950
- قواعد اللغة الكردية ج (1) - بيروت 1956
- قواعد اللغة الكردية ج (2) - بيروت 1956
- التون كوبري - بغداد 1956
- صخرة من دربند بازيان الى طاسلوجة - بغداد 1956
- حول مقال مسئوولية الاديب الكردي للاستاذ عبدالمجيد لطفي - بغداد 1973

بەرهەمە چاپکراوەکانی بە ئینگلیزی:

- ئەشکەوتی گندۆک- بەغدا 1949
- پاشماوەی میسرازئیەکان (ئێزدییەکان) لەندەن 1962
- خوێندنی کوردی- بەشی یەکەم لەندەن



# پۆلیفۆنی لە ئەدەبیاتدا




ئەنوەر عەباسی – (هەرەس)

چەند دەنگی یان فرەدەنگی یان هەمان پۆلیفۆنی، یەکەمجار و بە شێوەی کۆنکرێت بە دەستی میخایل باختین هاتە نێو دنیای ئەدەبیاتەوە. تەکنیکێک کە پێشتر لە مۆسیقادا هەبووە و دەگوترێت (باخ)، موزیسیانی ناسراوی ئەڵمانی لەدنیای موزیکدا گرینگییەکی تایبەتی پێدابوو، لەڕێی ئەویشەوە تەشەنەی کرد. ئەم تەکنیکە لە مۆسیقادا بریتییە لە دوو یان چەند دەنگ کە هاوکات و هاوتەریب لە دێڕێکی مۆسیقاییدا دێن. لە ئەدەبیاتدا بەگشتی و لە چیرۆکدا بە تایبەتی، ئەم تەکنیکە جگە لە بارە فۆڕمیکەکەی، شێوازێکی گێڕانەوەی تازە کە باری مانایی گشتی لەسەر شان هەڵدەگرێت، دەخوڵقێنێ. لە چیرۆکێکی پۆلیفۆنیکدا هەرکام لە کەسایەتییەکان دەنگی خۆیان هەیە و هەر کامێکیان لە جێگای خۆیاندا گێڕەرەوەی خۆیانن. واتە دەنگی هەموویان بەدەر لە ویستی نووسەر دەبیسترێ.

رۆلان بارت کە ئایدیای مەرگی نووسەری گەڵاڵە کردووە، دەڵێت لە چیرۆکێکی پۆلیفۆنیکدا نووسەر بەشێوەیەک چیرۆکەکە بەڕێوەدەبات کە بەردەنگ، نووسەر لەبیر دەکات و گوێ لە یەک بە یەکی دەنگە هاوئاستەکانی کەسایەتییەکان دەگرێت. مەبەست لە هاوئاستبوون ئەوە نییە کە بە هەموو کەسایەتییەکان یەک دەرفەتی یەکسان درابێ و هەموو بە قەد یەک رۆڵیان هەبووبێ، بەڵکوو بەو مانایەیە کە نووسەر رای خۆی لەسەر خوێنەر فەرز ناکات و بەختێکی یەکسان دەدا بە هەموو دەنگەکان کە لەلایەن بەردەنگەوە هەڵبسەنگێنرێن. هەڵبەت ئەمانە لە تیۆری کەرنەڤاڵی باختین- دا زیاتر رەنگدانەوەیان هەیە و هەروا کە لە درێژەدا ئاماژە دەکەین، لە خاڵێکدا لە مەرگی نووسەری رۆلان بارت جیا دەبێتەوە.

پۆلیفۆنی لەراستیدا بەرهەمی یان باشترە بڵێین گەشەپێدراوی دەستی دێموکراسییە. لە بەرهەمێکی پۆلیفۆنیکدا هیچ دەنگێک کپ ناکرێت. مافی قسەکردن و رادەربڕینی ئازاد لە کەسایەتییەکان ناسەندرێتەوە و پێش قەزاوەت ناکرێن، ئەمە نواندنی وێژەیی دێموکراتیزاسیۆنە. زۆر سەیر نییە کە یەکەمجار باختین ئەم تەکنیکە لە دنیای ئەدەبیاتدا دێنێتە بەر باس.

بەگشتی چیرۆکی پۆلیفۆنیک، چیرۆکێکە کە لەودا نووسەر هەوڵ دەدات تاک بە تاکی کەسایەتییەکان بناسێنێت و بەبێ هەڵسەنگاندن و نرخاندن، شێوازی بیرکردنەوە و ناخیان بۆ بەردەنگ بخاتەڕوو.

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی بەرهەمێکی پۆلیفۆنیک ئەوەیە کە "مردنی نووسەر" لەودا بە شێوەیەکی دی گرینگی پەیدا دەکات. واتە لە بەرهەمێکی پۆلیفۆنیکدا مردن بە مانا بارت –ییەکەی نییە، بەڵکوو بە جۆرێک چوونە قاڵب و دۆنادۆنکردنە. نووسەر نیشانەکانی زیندووبوونی خۆی لەنێو دەقەکەدا بەجێدەهێڵێت، زیندووبوونێکی من لە ئەویتردا. رەنگە لە باشترین حاڵەتدا بتوانین بڵێین کە لە یەک سۆنگەوە ئەم مردنە لە مردنی نووسەری بارت نزیک دەبێتەوە، ئەوەیش ئەوەیە کە رۆڵی "من" تەنیا وەکوو تایپیستێک و رێکخەرێک دەردەکەوێ و ئەوەی کە گرینگە ئەو "ئەویتر"ەیە. نووسەر لەگەڵ دەستپێکی ئافراندنی یەکەم گوزارەدا، هاوکات کە نووسەرە، لە درێژەی پرۆسەکەدا دەبێتە بەردەنگیش. ئافرێنەر، نووسەر- بەردەنگێکە کە لە نێو تاک بە تاکی کەسایەتییەکاندا و هەروەها لەنێو پرۆسەی ئافراندندا دۆنادۆن دەکات. کات بە مانای تێپەڕاندنی "ئێستا" بەشێکی سروشتی و رێکخەری پرۆسەکەیە. واتە ئەگەر هەموو پێکهاتەکانی پرۆسە وەکوو شوێن، جوڵە، گۆڕانکاری و گەشە و گەڵاڵە لەبەرچاو بگرین، کات دەبێتە پێکهاتەی سەرەکی و سروشتی و رێکخەری ئەم پرۆسەیە و دەکری بڵێین کە پرۆسە لە داوێنی زەماندا چیرۆکبوون دەبەخشێتە دەق. بۆیە کاتێک کە بمانەوێ پۆلیفۆنی لە شێعردا باس بکەین لە سۆنگەی زەمانەوە لەگەڵ چیرۆک جیاوازییەکی بنەڕەتی پەیدا دەکەن.

نووسەر لەگەڵ دەستپێکی یەکەم گوزارە دەچێتە نێو پرۆسەیەکەوە کە خۆیشی ئاگای لێی نییە، چونکە هەروا کە گوتمان لەگەڵ دەستپێکی ئافراندندا جگە لەوەی کە نووسەرە، دەبێتە بەردەنگیش و لە رێگەی ئەم ئافراندنەوەیە کە دەچێتە نێو سووڕی دۆنادۆنەوە. هەر بۆیە دەکرێ بە جێگای دۆنادۆن بڵێین نووسەر دەچێتە نێو سووڕی هێرمنۆتیکەوە. بەو مانایە کە دەست دەکا بە دۆزینەوەی نیشانەکان و تەفسیریان دەکات.

لێرەدا لە نێوان نووسەربوون و بەردەنگبووندا بۆشاییەک هەیە کە ئەو بۆشاییە بە دەق پڕ دەکرێتەوە. هەروەها دەزانین کە بەپێی پرەنسیپی نادڵنیایی (Uncertainty principle) بە پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە کە لە درێژەی پرۆسەیەکدا روودەدات و ئەم پرۆسەیە لە بەستێنی زەماندایە و لەودا شوێن و جوڵە و خێرایی دیاری دەکرێن، کاریگەری لەسەر فاکتەرەکانی دیکە دادەنرێت. واتە نووسەر لەگەڵ ئافراندنی دەق دەتوانێ لە نووسەربوون دەرباز بێت و بچێتە قاڵبی بەردەنگەوە. بەڵام ئەم سەنتزە (بە مانا هێگڵییەکەی) بەردەنگێکی نوێ ساز دەکات. واتە بە کێشمەکێش و تەعامولی نێوان نووسەر و بەردەنگی نوێ، دەقی نوێ ساز دەبێ و هەروەها و لە درێژەی پرۆسەکەدا بە تەعامولی بەردەنگی نوێ لەگەڵ دەقی نوێدا، نووسەری نوێ و لە کۆتاییدا چیرۆکی نوێ و جیاواز دەخولقێ کە ئامانجی پۆلیفۆنیش هەر ئەمەیە.

لەو چیرۆکانەی کە ئەم تەکنیکەیان تێدا بەکار براوە، دەتوانین ئاماژە بە "تووڕەیی و هەرا"ی ویلیام فۆکنەر و "ناوی من سوور"ی ئۆرهان پامۆک بکەین.



# نووسین وەک تەکنیکێک بۆ دواخستنی مردن

حەمەسەعید حەسەن

(1)

**وێنەی کارەکتەرەکان بە تەواوی مەکێشە، هەندێک لایەنیان بە ناڕوونی بهێڵەوە، ئاخر لە واقیعیشدا هەموو کەسێک لایەنی شاراوەی هەیە.**

**هەر یەکێک لە ئێمە بە دوای شتێکدا دەگەڕێین، بەڵام شتێکی دیکە دەدۆزینەوە.**

**ژیان گەشتێکی پڕ لە ژاوەژاوە لە نێوان دوو بێدەنگیدا، بێدەنگیی پێش لەدایکبوون و بێدەنگیی دوای مردن.**

**بەردەوام دەڕۆین، بەبێ ئەوەی بگەینە هیچ کوێ، ئەوەیە سەفەری ژیان. شوێنێکە خۆمان دەیخوڵقێنین، بۆ ئەوەی لێی بژین، هیچ مەرج نییە ئەو شوێنە بێت کە لێی لە دایک بووین، ئەوەیە نیشتمان.**

**نووسین سەرقاڵکردنی مردنە، بۆ ئەوەی درەنگتر ئێمەی بیر بکەوێتەوە.**

**ئەو یادگارییەی نەینووسینەوە، زەمەن دەیسڕێتەوە.**

**نووسین هەرگیز دوایی نایەت، ئەوە نووسەرە جاڕی شکستی خۆی دەدات.**

**ئیسابێل ئالێندێ**

ئیسابێل ئەلێندی کە گەلێک لە ڕۆمانەکانی بە فیلم کراون و لە بواری نووسینی ئەدەبی بە (ماجیک ڕیالیزم) ناسراودا، لەگەڵ گارسیا گابریڵ مارکیز بەراورد دەکرێت، بە ڕەچەڵەک خەڵکی شیللییە، 1942 لە (لیما)ی پایتەختی پێروو لە دایک بووە و هەنووکە لە کالیفۆرنیا دەژی و لە هەندێک لە زانکۆکانی ئەمریکا ئەدەب دەڵێتەوە. ئەو خاتوونە نووسەرە کە ئامۆزازای سیلڤادۆر ئالێندێیە، (سەرۆکی شیللی 1970 – 1973) لای کەم لە هەموو لاتین ئەمریکادا ژنێکی دیکە پەیدا نابێت، بەو ئاستە بڵندە بنووسیت، هەر بۆیە لەگەڵ بڵاوبوونەوەی یەکەمین ڕۆمانیدا، (ماڵی خێوەکان 1982) ناوبانگی بە دونیادا بڵاو دەبێتەوە.

ئیسابێل ئالێندی لە 1963دا کیژێکی دەبێت، ناوی لێ دەنێت: پاوڵا کە لە بیست و هەشتساڵیدا، بەهۆی نەخۆشیی (پۆرفیریا)وە دەماخی ئیفلیج دەبێت، ئیدی هۆش لە دەست دەدات، هیچ پێوەندییەکی بە دونیاوە نامێنێت و دوای حەوت مانگێک دەمرێت. پاوڵا هەر ناوی کچەکەی نییە، ناوی یەکێکیشە لە ڕۆمانە ناودارەکانی کە بە دیار پاوڵاوە، ئەو وەختەی لە مەدرید، لە نەخۆشخانە لەژێر چاودێریی چڕدا دەبێت، دەستی بە نووسینی کردووە و لە ماڵەکەی خۆی لە کالیفۆرنیا، دوا دوو ڕستەی نووسیوە:

(ماڵئاوا ئەی پاوڵای ژن!

بەخێر هاتی ئەی پاوڵای ڕۆح!)

ئیسابێل ئالێندێی دایک بۆیە ڕۆمانی پاوڵا کە پشتی بە بیرەوەری و بیۆگرافیا بەستووە، دەنووسێت، تا ئەگەر کچە لەهۆشخۆچووەکەی وەئاگا هاتەوە و یادگەی لە دەست دابوو، ڕەگوڕیشەی خۆی بناسێتەوە.

ڕۆمانی پاوڵا کە نامەیەکی درێژە و دایکێک بۆ کچەکەی نووسیوە، دەڵێیت ژەنینە لەسەر پیانۆی ڕۆح و بوێرێیەکی پێوە دیارە، ڕەنگە لەسەر ئاستی دونیا، لە هونەری گێڕانەوەدا بێوێنە بێت، ئاخر ئیسابێل ئالێندێ بێ پێچوپەنا، بە ڕاشکاوی و ڕاستگۆییەوە، ژیاننامەی خۆی دەنووسێتەوە، بێ ئەوەی هیچ شەرم لە گێڕانەوەی سەرچڵییە سێکسییەکانیشی بکات، یان سڵ لە نووسینی ناوی ڕاستەقینەی کەسەکان بکاتەوە، بە چاوپۆشین لەوەی چ پلە و پۆستێکیان هەیە. کە پاوڵا دەخوێنینەوە، هیچ لەوە ناچێت، ئاشنای ژیاننامەی کەسانێک بووبێتین و هیچی تر، بەڵکوو وەک ئەوە وایە، خۆمان ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەمان ئەزموون کردبێت. هەرچەندە ئەو شتانە دەڵێت کە ناگوترێن، هیچ لەودیو پەردەوە ناهێڵێتەوە و لە هیچ سڵ ناکاتەوە، بەڵام قەت مەبەستی ئەوە نییە، گەمە بە هەستی خوێنەر، یان بازرگانی بە وشەوە بکات، نا ئەو یەکێکە لەو نووسەرانەی، ڕۆمانی درێژ دەنووسن، بەڵام تاقە وشەیەک بە خەسار نادەن.

بەهۆی ڕۆمانی (پاوڵا)وە هەست دەکەین، ڕۆمانێک ژن بینووسێت، جیاوازە لەو ڕۆمانەی پیاو دەینووسێت، ئاخر ئەو هەست و سۆزی دایکایەتییەی (ئیسابێل ئالیندێ)ی دایک، بەرانبەر پاوڵای کچی هەیەتی، قەت بەو گەرموگوڕییەوە، بە پیاو بەرجەستە نەدەکرا. کە کچە لە ژووری چاودێریی چڕدا لەودیو شووشەبەندێکەوە، بێدەنگ و بێهۆش ڕاکشاوە، دایکە پێی دەڵێت: (وا هەست دەکەم، بۆ لووتکەی پاکژی گەڕاویتەوە، بۆ ئەو وەختەی هێشتا بە تۆوە دووگیان بووم. من بەشی خۆم ژیاوم، پێم خۆشە پاشماوەی ژیانم، بە تۆ ببەخشم.) کە لە خەونیدا کچەکەی دەمرێت، وەها خەونەکەی بۆ دەگێڕێتەوە: (من بانگم دەکردیت بەڵام دەنگم دەرنەدەهات، تۆیش بە بزەیەکی تەمومژاوییەوە دەستت وەها دەجووڵاند، وەک ماڵئاواییم لێ بکەیت، ئیدی تۆ بەرەو بەرزایی هەڵدەکشایت و منیش بە ناخی ئەرزدا ڕۆ دەچووم.)

باپیری لە دایکەوە کە لە پیاوی نێو داستان و ئەفسانە دەچێت، ڕۆڵێکی گرینگی لە پەروەردەکردنی ئیسابێل ئالێندێدا دەبێت، ئاخر بەردەوام ڕاستگۆیانە ئەزموونەکانی ژیانی خۆی بۆ دەگێڕێتەوە، بێ ئەوەی سانسۆریان بکات. باپیری کە لە مردن نزیک دەبێتەوە، پێی دەڵێت: (کۆمەکم بکە با بە شکۆ و بە ویقارەوە بمرم،) ئاخر هیچ لەوە کارەساتبارتر نییە، ئینسان بە کەساسی بمرێت. وەک ئیسابێل ئالێندی خۆی ددانی پێدا دەنێت، لە بواری هونەری گێڕانەوەدا، سوودێکی زۆری لە دوو سەرچاوە بینیوە، یەکەمیان باپیری و دووەمیان هەزار و یەکشەوە.

لە ڕۆماندا چنینی ڕووداوەکان و بەرجەستەکردنی کارەکتەرەکان ڕۆڵێکی گرینگ وازی دەکەن، لەو دوو بوارەدا ئیسابێل ئالێندی ئەوەندە وردبین و لێزانە، هەر دەڵێیت بۆ نووسینی ڕۆمان خوڵقاوە. کە ڕووداوێک دەگێڕێتەوە، خوێنەر وەک سیحری لێ کرابێت، دەبێت بە بەشێکی زیندوو لێی و وا هەست دەکات، ئەو ڕووداوە لە خۆی قەوماوە. هێندە شارەزایانە کارەکتەرەکانیشی بەرجەستە دەکات و بە ناخیاندا شۆڕ دەبێتەوە، خوێنەر قووڵایی هەستیان دەخوێنێتەوە و گوێبیستی قسە نەگوتراوەکانیان دەبێت.

ستۆکهۆڵم
2016/6/27

**(*) إيزابيل ألليندي، باولا، ترجمة: صالح علماني 2007 الطبعة الأولى، رؤية للنشر والتوزيع.**



گۆران محەممەد
goran.mohammed@rudaw.net

# لیژنەی دۆزینەوەی دەوڵەت

ئەوە هەرچییەک بێ، ئیش و کار و کەسابەت نییە لە ساڵێکدا تەنیا دوو ڕۆژ ئیشت هەبێ، جا ئیشەکەشت ئەوە بێ داوا لە خەڵک بکەی ئەگەر مانگیان دیت خەبەر بدەن. لیژنەی بینینی مانگ، ئەگەر هەر ئەوە ئیشیان بێ، ئەگەر بندیواریی کە دەکاتە مووچەخۆری کارنەکەر، لای خوا سزای لەسەر بێ، ئەوە بەدڵنیاییەوە لیژنەی ئاوها نەک خێریان ناگاتێ، بەڵکوو لەسەر بێمانایی کارەکەیان داری سێسووچیان تێدەوەشێنن.

ئێوە چیتان لە لیژنەی وا بێمانا داوە؟! جا بینینی مانگ لیژنەی بۆ چییە، سێسەت ساڵی دیکە، کاری ئەو لیژنەیە بایی سێرچێکی گووگڵ ئەرزشی نییە. قوربان ئێمە لیژنەی دیکە هەن بۆیان هەوجەدارین. ئەم میللەتە پێویستی بە لیژنەی بینینی مووچە هەیە، ئاخر ئەوە مووچەیە خوا و ئاشتی هەورامیی نەبێ کەس نازانێ کەی، چەند دەدەن عەیب نەبێ، جا چونکە ئاشتی هەورامییش هەر هێندەی مووچە سەروسۆراخی دیارە، سووکە لیژنەیەک بۆ دۆزینەوەی ئاشتی هەورامییش خەراپ نابێ.

هەر بەدەم ئەوەشەوە پێویستمان بە لیژنەی دۆزینەوەی داهاتی نەوت و لیژنەی بۆریی درێژ درێژ و تانکەریش دەبێ، مادام هەر لە زۆنی ئاشتی هەورامیداین، هەقە لیژنەی دۆزینەوەی ئەسڵی مەوزووعی نێوان حکوومەت و داناغازیش پێکبێت، ئاخر هەردووکیان بەڵگەی حاشاهەڵنەگریان هەس دادگە لەبەرژەوەندیی ئەم بڕیاری داوە. بە خوا دادگەیەکی خاسە، دڵی کەس ناشکێنێت.

وەزیری ئەوقاف، کە هەر خۆیشی وەزیری پەروەردەیە، هەقی خۆیەتی لەگەڵ دەستی خۆیدا، کاتێ ئیمزا بۆ پێکهێنانی لیژنەی بینینی مانگ دەکات، لیژنەیەکیش بۆ دۆزینەوەی وەڵامی ئاشکرابووی تاقیکردنەوەکانی وەزارەتەکەی دروست بکات، ڕاستت دەوێ، سەرۆکی حکوومەت ئێستا دەبێ دەمودەست لیژنەی دۆزینەوەی وەزیری بەکەڵک دروست بکا، ئەگەرنا خەڵک دەمێکە بوونەتە لیژنەی گەڕان بەدوای حکوومەتدا.

با باڵانسی ئەزموونە بێ باڵانسەکەشمان لەوە زیاتر تێکنەچێ، هەقە هاوزەمان دوو لیژنە بە یەکەوە دەستبەکار بن، یەکیان لە هەولێر بۆ ئیدانەکردنی هەڕەشەی مەلاکانی تاران، یەکیشیان لە سلێمانی بۆ ئاشکراکردنی سەگبابییەکانی ئەردۆغان، ئەگەر دەشزانن ئەم لیژنانە پەیوەندییە دیپلۆماسییە قۆڕەکانی کورد تێکدەدات، یەک لیژنە دانێن بەناوی لیژنەی دۆزینەوەی هەڵوێستی حیزبی کوردی. تا نەشڵێن سەففی وەتەنی تێکشکاوە، ناوی شاندە هاوبەشەکەی گۆڕان و یەکێتی بۆ بەغدا بنێن، لیژنەی دۆزینەوەی پڵاو لە بەغدا، یان لیژنەی لەبیرچوونەوەی شاپترێنی پەرلەمانتاران.

دۆزینەوەی مانگ کەی ئیشە لیژنەی بۆ ساز بکەن، لیژنەیەک بۆ دۆزینەوەی سەرۆکێ بۆ پەرلەمان، یان یەکێ بۆ دۆزینەوەی وەزیرێ بۆ پێشمەرگە دابنێن، ئاخر کوردستان تاقە نیمچە وڵاتی دونیایە کە لەدۆخی شەڕدایە و کەچی وەزیری شەڕی نییە. یان دەزانن چی؟ هەموو ئەو لیژنانە بەوەی مانگیشەوە هەڵوەشێننەوە و لیژنەی دۆزینەوەی دەوڵەت دابنێن، ئەوسا ئێمەش وەک شیعە و سوننە، ئەگەر ئەمدیو دێگەڵە ئەمڕۆ دەوڵەتی بینی، بۆ سبەی دیوەکەی دیکە دەیبینێ.



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# سلێمانی لە نەجەف پیرۆزتر نییە

سلێمانی لە دروستبوونییەوە جۆرێک تایبەتمەندی هەبووە کە لە شارەکانی دیکەی پێش خۆی و هاوتەمەنەکانیدا نەبووە. شارێکە بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری میرنشینی بابان دروستکرا، لە یەکەم خۆناسینییەوە شاری حاکم بووە، واتا ئەم حوکمی بەسەر ناوچەکانی دەوروبەریدا کردووە، هەرچەندە لەڕووی مێژووییەوە تەمەنی بەشێک لە قەزاکانی دەوروبەری زۆر لە سلێمانی گەورەتر و کۆنتر بوون.

لە دوای نەمانی میرنشینی بابان، هێشتا سلێمانی ئەو خەسڵەتەی لەخۆی دانەماڵیبوو کە سەردەمێکی تری زێڕینی بۆ هاتە پێش، ئەویش دامەزراندنی حکومەتەکەی شێخ مەحموود بوو لە سلێمانی، ئەمەش هێندەی تر ئەو کولتوورەی دەوڵەمەند کرد و ئەو ڕۆحیەتەی زیاتر بەرجەستە کرد کە سلێمانی باڵی فەرمانڕەوایی بەسەر ناوچەکانی ژێر قەڵەمڕەوی حکومەتەکەی مەلیک مەحمووددا دەکێشێت و ئەوکات سەرپەرشتی بەڕێوەبردنی شارەزوور و شارباژێر و پشدەر و گەرمیان و بەشێک لەناوچەکانی کەرکووکی دەکرد.

دواتر تا یەکەم ئەزموونی حوکمڕانیی کوردی، سلێمانی وەک شارێکی یاخی و خۆبەدەستەوەنەدەر ململانێی ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکانی عێراقی کردووە. ساڵی 1992 تا 1996 بەهۆی گەرموگوڕی و حەماسی کوردانە بۆ چەسپاندنی حوکمی خۆبەڕێوەبەرێتی کوردی، سلێمانی وابەستەی هەولێر بوو وەک پایتەختی هەرێمی کوردستان. کە ئەگەر شەڕی ناوخۆ ڕووی نەدابا دوور نەبوو ئەو کولتوورە لە سلێمانیش کاڵ ببێتەوە، بەڵام بەهۆی ڕووداوەکانی شەڕی ناوخۆ و دروستبوونی دوو ئیدارەیی و دامەزراندنی حکومەتی جیا جیا لە هەولێر و سلێمانی، ئەمە ئاوی کردە ئاشی ئەو مەیلەی سلێمانییەوە و جارێکی دی ئەم شارەی کردەوە بە ناوەندی بەڕێوەبردنی ناوچەیەکی بەرفراوان.

بەو هۆیانەوە سلێمانی وا ڕاهاتووە کە نەک تەنیا ناوەندی بەڕێوەبردنی خۆی بێت، بەڵکوو دەبێت حوکمی دەوروبەریشی بکات. ئەمە دۆخێکی سایکۆلۆجی دروستکردووە و ئەم شارە پێی هەزم ناکرێت لە شوێنی ترەوە حوکم بکرێت. هەرچەندە هۆکارگەلی تر زۆر زۆرن بۆ یەکنەخستنەوەیەکی واقیعیانەی دوو ئیدارەکەی هەرێم، بەڵام ئەو خەسڵەتەی سلێمانیش بێ کاریگەری نەبووە. تەنانەت لەو کاتەشەوە کە بەحساب ئیدارەی هەولێر و سلێمانی یەکیان گرتووە، بەڵام تا چرکەساتی بڕینی بەشە بودجەی هەرێم لە بەغداوە، بەدەر لە داهاتەکانی خۆی، نزیکەی 46%ی ئەو بەشە بودجەیەی لە بەغداوە دەهات، بۆ سلێمانی بووە.

قسەم لەسەر ئەوە نییە باش مامەڵە بەو سەروەت و سامانە زۆرەوە کراوە یان خراپ، بەڵام لە دوای بڕینی بودجەی هەرێم، سلێمانی وەک منداڵێکی بەسەر هاتووە کە پێشتر بەناز پەروەردەکراوە و لەپڕ تووشی نەبوونی هاتووە. بۆیە ئەم دوو ساڵە بەراورد بە تەمەنی سلێمانی، زۆرترین هاوار و ناڵەی لێ هەستاوە. گێژەی دۆخێک بووە خەریکە سەری لێدەشێوێنێت.

نەیارەکانی کوردیش لەم تایبەتمەندیەی سلێمانی گەیشتوون و زوو زوو دنەی دەدەن. دەیانەوێ بەهۆی ئەو دۆخەی سلێمانییەوە پێگەی سیاسی و نەتەوەیی کورد و هەرێمی کوردستان لاوازبکەن. بەتایبەتی بەغدا بەباشی ئەم دەرفەتەی قۆستووەتەوە، بە پاساوی جۆراوجۆرەوە خەریکی پیلانی لێکترازاندنی هەرێمن و دەیانەوێ ئەم هەڵەیە بە سلێمانی بکەن. ئاماژە و بەڵگە زۆرن لەسەرئەوەی هانی سلێمانی دەدەن وابەستەی هەولێر نەبێت و ڕوو بکاتە بەغدای ئەوان. لەناو ماڵی کوردی و مەیلخوازانی ئەو لێکترازانە کاریگەرییان دروستکردووە کە بە ئاشکراتر باس لە پێویستیی پشتکردنە هەولێر بکەن.

پێش زیاتر لە ساڵ و نیوێک، بە دیاریکراوی بەر لە شەش مانگ لە سەرهەڵدانی کێشەی سەرۆکایەتیی هەرێم (سەردار عەبدوڵڵا) پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان لە خولی پێشووی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، خۆویستانە و دوور لەوەفدی ڕەسمی، سەردانی زۆرینەی کارەکتەرە سیاسییەکانی عەرەب و کوتلە پەرلەمانییەکانی کرد، کە گەڕایەوە کوردستان لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ئاماژەیەکی ترسناکی دا و گوتی: "لەو دیدارانەدا هەستم بە مەیلێکی مەترسیدار کرد، بەغدا کار بۆ دابەشکردنی کوردستان دەکات". دۆستێکیش لە پەرۆشیی خۆی بۆ ئایندەی میللەتەکەی، ئەمەی بە گوێی یەکێک لەو هەڵتۆقیوە سیاسیانەدا دابوو کە لە بەغدای پایتەختی عارەبان نمایندەی کورد دەکات. پێیگوتبوو: "هەقە بیر لەوە بکەنەوە نەهێڵن ناوماڵی کورد تێکبچێت، دەڵێن بەغدا نیازی باش نییە لەگەڵمان". کاکیشم ڕاشکاوانە گوتبووی لێگەڕێن با تێکچێت، ئێمە ماوەیەکی زۆرە لەگەڵ شیعەکان خەریکین و لە حاڵەتێکدا ئەگەر عێراقیش دابەش بوو، سلێمانی دەخەینە سەر ئێران.

سلێمانی مافی خۆیەتی بە گرتنەبەری هەموو ڕێگایەکی دروست بیەوێ دەستەبەری داهات و پشکی زیاتر بکات تا لەڕێیەوە خزمەتی زیاتر بە خەڵکەکەی بگەیەنێت، پێویستە لەڕێی نوێنەرەکانی لە حکومەت و دامەزراوە دەوڵەتییەکان و لەڕێی نوێنەرەکانییەوە شەڕ لەسەر پچڕینی پشکی زیاتر بکات بۆ سلێمانی. ئێستا بەهۆی ئەو قەیرانە داراییەی ڕووی لە هەرێمی کوردستان کردووە، سلێمانی هەست بە فەرامۆشکردن و پشتگوێخستن دەکات و پێیوایە هۆکارەکەشی هەولێرە. بۆیە وەک کاردانەوە و پەرچەکردار خەریکە ئاراستەی دەکەوێتە دەستی کەسانێک کە پێیانوایە تەنیا ڕێگە پشتکردنە هەولێرەو ڕووکردنە لە بەغدا.

ئەوەی تێبینی دەکرێت، لە بەغداشەوە دان ڕۆ دەکرێت بۆ ئەوەی سلێمانی زیاتر بەرەو بەغدا بچێت. هەولێریش بێ باک و بێ دەربەستە لەوەی لە سلێمانی چی دەگوزەرێت. ئەمەش چەند مەترسی لەسەر یەکپارچەیی هەرێم و جارێکی دیکە پارچەکردنی کوردستان هەیە، ئەوەندەش زیاتر خودی سلێمانی زەرەرمەند دەبێت. پێویستە یەک ڕاستی لەبەرچاو بگرن کە بەغدا تا پێی بکرێت لەگەڵ بەهێزکردنی ناوەندێتییە، ئەمەش پێچەوانەی خواستی سلێمانیە بۆ لامەرکەزیەت. ئەگەر لە سەرەتاشدا بیەوێ بە بەخشینی هەندێ ئیمتیاز و تەخشان و پەخشان سەرنجی سلێمانی ڕاکێشێت تا لەو ڕێگەیەوە ئەو هەستە دروست بێت کە ئەگەر لەگەڵ بەغدابن دۆخی سلێمانی باشتر دەبێت لەوەی لەگەڵ هەولێر بمێننەوە، بەڵام دەبێت ئەوە بزانن کە سلێمانی پیرۆزتر نییە لە نەجەف، ئایا بەغدا چی بۆ نەجەف کردووە؟ لەکاتێکدا مەرجەعیەتی باڵای شیعەکانی عێراق لە نەجەفە. شارێکە لەڕووی ئاینییەوە پیرۆزیی زۆری بۆ شیعەکان هەیە، بەڵام لەڕووی خزمەتگوزاری و ژێرخانەوە بووەتە وێرانە. دەسەڵاتێک بەو جۆرە مامەڵە لەگەڵ پیرۆزییەکانی خۆی بکات، چۆن دەتوانێت بە چاوێکی لەو باشتر بڕوانێتە سلێمانی کە لە بنەڕەتەوە وەک مەترسی لەسەر ستراتیجی خۆی دەیبینێت. بۆیە لەبری گرتنەبەری ڕێگەی بەغدا و ناردنی وەفدی جۆراوجۆر و ناردنی پەیام بۆ بەغدا، بیر لەوە بکرێتەوە دەسەڵاتی دارایی و ئیداریی زیاتر لە هەولێر کەم بکرێتەوەو بدرێتە سلێمانی، ئەویش بەو ڕێگاو ڕێوشوێنە یاسایی و دەستوورییانەی بۆ لامەرکەزیەت پەسەندن، نەک ڕێگەی دیکە.



هیوا حاجی

# کێ لە کێ جیادەبێتەوە؟

ئاراستەکانی جیابوونەوە

ڕاستە ئێستا قسەوباس لەسەر جیابوونەوە و سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان زیاد لە هەر باسێکی دیکە باڵی بەسەر دیبەیتی سیاسی هەرێم و عێراقدا کێشاوە، بەڵام هاوشان لەگەڵ ئەم مەسەلەیە، لەسەر چەند ئاستێکی دیکەش بابەتی جیابوونەوە و پێکهێنانەوەی قەوارەی نوێ گەرمە. ئەمانە چەند فۆرمێکی جیابوونەوەن، هەرچەندە ئەگەر ئامانجیان دامەزراندنی دەوڵەتێکی نوێش نەبێت:

جیابوونەوە بە ئامانجی "سەربەخۆیی": ئەم فۆرمەی جیابوونەوە، هەوڵی هەرێمی کوردستانە بۆ جیابوونەوە لە دەوڵەتی عێراق و بنیاتنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ. لەڕاستیدا، تا ئەم دواییە وا دەهاتە بەرچاو کە لە هەرێمی کوردستان جۆرێک لە کۆدەنگی هەیە لەسەر ئەم پرسە. دوای دوایین سەردانی وەفدی هاوبەشی یەکێتی و گۆڕان بۆ بەغدا و ڕاپۆرتە میدیاییەکان سەبارەت بەوەی وەفدەکە "تێڕوانینی جیاوازیان هەبووە" و جەختیان کردووەتەوە لەوەی نایانەوێ لە عێراق جیاببنەوە و ڕەتنەکردنەوەی ئەو هەواڵانە لەلایەن هەردوو حیزبەکەوە، پێدەچێ کەلێنێکی دیکەی گەورەتر کەوتبێتە هەرێمەوە لە پەیوەندی لەگەڵ ئایندەی هەرێمی کوردستان لە دەوڵەتی عێراقدا.

بەهەرێمکردنی کەرکووک: جیابوونەوەی کەرکووک بە ئامانجی دروستکردنی دەوڵەتێکی دیکەی سەربەخۆ نییە. ئەوەی چەند جارێک لەسەر زمانی پارێزگاری کەرکووک بەڕوونی بیستراوە یان هەڵهێنجراوە، ئەوەیە کە دەیانەوێ کەرکووک لە بەغدا جیابکەنەوە. وەک دەگوترێ، ئەم هەوڵە لە ئەنجامی بێ ئومێدییە لە جێبەجێبوونی مادەی 140 لەلایەک و، پەراوێزخستن و فەرامۆشکردنی کەرکووک لەلایەن بەغدا، لەلایەکی دیکە.

بەهەرێمکردنی بەسرا: هاوشێوەی هەرێمی کەرکووک، لە جیاکردنەوەی هەرێمی بەسرادا ئامانجی دامەزراندنی دەوڵەتێکی دیکەی سەربەخۆ لەگۆڕێ نییە. بیرۆکەی دامەزراندنی هەرێمی بەسرا لە ساڵی 2008 لەلایەن پارلەمانتار وائیل عەبدوللەتیفەوە پێشنیار کرا. داکۆکیکاران لەو پرۆپۆزاڵە پێیانوایە دانیشتووانی پارێزگاکە سوودمەند نەبوونە لە خێروبێری نەوتی پارێزگاکەیان. نەوتی پارێزگای بەسرا پێکهێنەری 80%ی تێکڕای بودجەی عێراقە لەکاتێکدا 30%ی دانیشتووانی پارێزگاکە لە هەژاریدا دەژین. بۆیە لایەنگرانی ئەو بیرۆکەیە دەیانەوێ دەسەڵاتی زیاتر بۆ بەسرا دەستەبەر بکەن لەڕێگای بەهەرێمکردنی پارێزگاکەیانەوە. دەبێ بگوترێ کە هەرچەندە تائێستاش کەسانێک هەن هەوڵی مۆبیلیزەکردنی خەڵک و لۆبیکردن دەدەن بۆ پرۆپۆزاڵەکە، بەڵام لەڕاستیدا، سەرۆک وەزیرانی پێشوو نووری مالیکی تا ڕادەیەکی زۆر شکستی بەو پرۆژەیە هێنا.

بەهەرێمکردنی پارێزگا سوننییەکان: ئەو پرۆپۆزاڵەش لەسەردەمی دەسەڵاتی نووری مالیکی هەندێ باسی لێوەکرا. بەهەرێمکردنی پارێزگاکان کاردانەوەیەک بوو بۆ پەراوێزخستنی سوننە نەک هەر لە حکومەتی بەغدا، بەڵکو پەراوێزخستن و چەوساندنەوەیان لەنێو ماڵەکانی خۆیاندا. توێژینەوەو چاوپێکەوتنی زۆر ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە کە کەوتنی مووسڵ و پارێزگا سوننییەکان بەدەستی داعش لە ئەنجامی نارەزایی پارێزگا سوننییەکان بوو لە ئیدارەکردنی پارێزگاکانیان. هەرچۆنێک بێت، ڕەنگە لەدوای دەرکردنی داعش لە مووسڵ، جارێکی دیکە ئەو بیرۆکەیە زیندوو ببێتەوە.

بەپارێزگابوون: بەر لە شەڕی داعش و قەیرانی ئابووری، بە پارێزگاکردنی قەزاکان بووبووە مۆدێلی ڕۆژ. لەوەگەڕێ کە حکومەتی نووری مالیکی، جگە لە بەپارێزگاکردنی هەڵەبجە لەژێر فشاری کورد، بە بڕیارێک چەند پارێزگای نوێی لە تەلەعفەر و دوزخورماتوو و فەللوجە ڕاگەیاند. چەند قەزایەکیش مانەوە و لەهەوڵدابوون کە پارێزگای نوێ بۆ خۆیان دامەزرێنن، یان لایەنی کەم نەچنە چوارچێوەی پارێزگا نوێیەکانەوە. نموونەیەکی ئەو ئاراستەیە نارەزایی خەڵکی سەیدسادق بوو لەدژی ئەوەی بخرێنە سەر پارێزگای هەڵەبجە. لە پارێزگا شیعەکانی خوارووش هەمان نارەزایی یان هەوڵدان بۆ دروستکردنی پارێزگای نوێ هەبوو.

بەهەرێمکردن یان بە پارێزگاکردنی دەشتی نەینەوا: وەک کاردانەوەیەک بۆ کەوتنی ناوچەکانی تەلەعفەر و شنگال و دەشتی نەینەوا بەدەستی داعش و بەئامانجکردنی پێکهاتەکانی ناوچەکە، ئەو پێکهاتانە، بە تایبەت بەشێک لە ئێزدییەکان و کریستیانەکان داوای بەهەرێمکردن یان بە پارێزگاکردنی ناوچەکانیان دەکەن. بەشێک لەو پێکهاتانە گەشبین نین کە لە ئایندەدا حکومەتی عێراق یان هەرێمی کوردستان بتوانێ بیانپارێزێ. لەوەوە داوای بنیاتنانی ماڵێکی تایبەت بەخۆیان دەکەن. دیارە خەڵکانێکی بەرچاویش هەر لەو پێکهاتە ئاینی و نەتەوەییانە لەوە زیاتر دەڕۆن و داوا دەکەن ناوچەکانیان بخرێتە ژێر ئیشرافی نێودەوڵەتییەوە. ئەم مەسەلەیەش لەدوای شەڕی مووسڵ دێتە سەرمێز.

## پێکەوەهەڵنەکردن

هیچکام لەو مەشروعانەی سەرەوە بەرهەمی گەشەی دیمۆکراسی نین لە عێراقدا. لەڕاستیدا، هەر شکستی فیدراڵیزم لە عێراقدا هۆکارەکەی ئەوە بوو کە لە عێراقدا شتێک بەناوی دیمۆکراسییەوە بوونی نەبووە. ئەوجا دامەزراندنی سیستەمی فیدراڵی لە وڵاتێکدا کە دیمۆکراسیی تێدا نەبێ، وەک ئەوە وایە لە جیاتی ئەسپ عارەبانەکەی ڕابکێشێ، عارەبانەکە بەپێش ئەسپەکە بکەوێت. پاشان هەموو ئەو جیابوونەوانە لە ئاکامی کۆمەڵێ فاکتەری دیکەی جۆراوجۆرن. عێراقییەکان (ئەگەر ئەو چەمکە ڕاست بێت) یەکێکن لەو میللەتانەی کەمترین متمانەیان نەک هەر لەنێوان خۆیان بەڵکوو بە میللەتانی دیکەش هەیە. تێکڕای پێکهاتەکانی عێراق بەبێ جیاوازی لە بێ متمانەییەکی قووڵدان لە ئاست یەکتر. بەهێزیی هەر پێکهاتەیەک وەک مەترسی بۆ سەر پێکهاتەکانی دیکە سەیر دەکرێت، بۆیە ئەوەی لەدەستت دێت دەبێ بیکەیت بۆ ئەوەی لێنەگەڕێی "ئەوی دیکە" بەهێز بێت. پاشان لەهەمووی گرنگتر، ئەزموونی نزیک لە پانزە ساڵی ڕابردوو نەک هەر لە عێراق، بەڵکو لە کوردستانیش ئەوەمان پێدەڵێ کە نوخبەی سیاسی ئەم وڵاتە کێشەی زۆری هەیە لە پێکەوەژیان، ئەوجا هۆکارەکانی هەرچیەک بن.

## جیابوونەوەکان بەرەو کوێ دەڕۆن؟

لەبەر کۆمەڵێ هۆکار، پێناچێ ئەو تەوژمە بۆ سنوورکێشانی نوێ (ئەوجا بنیاتنانی دەوڵەتی نوێ بێت، یان هەرێم یان تەنانەت دروستکردنی پارێزگای نوێش) لە عێراقدا بە ئاشتیانە و بە مێتۆدی دیمۆکراتیک بچێتە پێش. کۆمەڵێ هۆکاری گرنگ هەن: یەکەم، مێژووی عێراق پانتایی شەڕ و ئاڵۆزی و ململانێی ئێتنیکی و تا ڕادەیەکیش ئاینییە. ئەزموونی وڵاتان لە دووبارە بنیاتنانەوەی دەوڵەتدا نیشانیداوە کە ئەگەر پێکهاتەکانی وڵاتێک مێژوویەک لە ململانێ و ناکۆکیی توندوتیژیان هەبووبێ، هەمیشە زەحمەتی زۆریان هەبووە لە دووبارە بنیاتنانەوەی دەوڵەتدا. بۆیە مێژووی عێراق و تەنانەت کوردستانیش مێژوویەکی توندوتیژ و خوێناوییە و تەجاوزکردنی تەحەدایەکی ڕاستەقینەیە.

دووەم، ئامادەنەبوونی کولتوورێکی سیاسی دیمۆکراتیک لە عێراق و کوردستاندا. مەبەست لەو کولتوورە سیاسیە ئەوەیە تا چ ڕادەیەک دانیشتووانی وڵاتێک بەڕاستی دیمۆکراسییان دەوێت و ئامادەن خەباتی بۆ بکەن؟ لە عێراقدا ئەو کولتوورە سیاسییە بە نزیکەیی نییە. تائێستاش ئینتیمای مەزهەبی و خێڵەکی لەسەرووی هەموو شتەکانی دیکەوەیە. یەک ملیۆن کەس ئامادەیە بە فەرمانی موقتەدا سەدر بێتە سەر جادە و دواتر پارلەمان داگیر بکا. دیمۆکراسی لە کوێیە؟ لە کوردستانیش ئێمە هەر ئەوەندە دیمۆکراسیمان دەوێ تا لە خزمەتماندا بێت.

سێیەم: وەک دەرئەنجامێک بۆ بێ متمانەیی ناوخۆیی و لاوازیی دەوڵەت، عێراق لەڕیزی لاوازترین دەوڵەتاندایە لەڕووی قەبوڵکردنی دەستوەردانی دەرەکی. هەر بڕیارێکی گرنگ لەو وڵاتە بدرێت دەبێ بە فیلتەری وڵاتانی دیکەدا بڕوات. لە کۆبوونەوەیەکی متمانەبەخشین بە کابینەی حکومەت، چەند پارلەمانتارێکی عێراقی نارەزاییان نیشاندا لەسەر ناوی وەزیری پێشنیازکراو بۆ وەزارەتی بەرگری بەهۆی ئەوەی کاندیدەکە بەشداریی شەڕی عێراق-ئێرانی کردبوو! ئەوجا بۆیە، لەبەر ئەو چەند هۆکارانە، وا پێشبینی دەکرێ کە تێکڕای پرۆسەکانی سەربەخۆیی، بەهەرێمکردن و بە پارێزگاکردن بە هەلومەرجی دژواردا بڕۆن.



عەبدوڵڵا ڕێشاوی

# سێ هەرێم و دوو ئیدارە و شتی تریش

لەعێراقی بەناو وڵات و لە هەرێمی کوردستانیش، فەوزای سیاسی و ئیداری بەشێوەیەک پەرەی سەندووە کە سات بۆ سات لە بری ئەوەی لە چارەسەر و دەریچە نزیک ببینەوە، بەر بنبەست و دیواری داخراو دەکەوین.

لە کەرکووک، لە پاش 13 ساڵ، نە دەستوور و نە مادەی 140 و نە گەڕانەوەی ئەم پارێزگایەش بۆ سەر هەرێمی کوردستان و نە چەسپاندنەوەشی بە ناوەندەوە، هیچکام لەم بژارە جیاوازانە نەبوونە واقیع و دۆخی کەرکووکیان چارەسەر نەکرد و واش پێناچێ یەک لەو بیرۆکانە بتوانێت بەسەر ئەوی تریاندا سەرکەوتوو بێت و دۆخی کەرکووک یەکلایی بکاتەوە.

بۆیە ئێستا کەرکووک لە دەرەوەی ئەو بژارانە دەیەوێت خۆی دۆخی خۆی یەکلایی بکاتەوە و بژارەیەکی دی دێنێتە ئاراوە کە بەهەرێمکردنی پارێزگاکەیە.

ئەگەر بژارەکانی دیکە و سیستمە پەیڕەو کراوەکانی هەرێم و بەغدا نەتوانن دۆخی پارێزگاکە یەکلایی بکەنەوە، کەواتە بۆچی پێمان سەیر بێت پارێزگاکە خۆی دۆخی خۆی یەکلایی بکاتەوە؟

کەرکووکییەکان هەقی خۆیانە واقیعی عێراق و هەرێمی کوردستان ڕەتبکەنەوە و خۆیان واقیعێک دروستبکەن کە لێی ڕازی بن، چونکە نە هەرێم و نە بەغدا نەخشە ڕێگایەکیان بۆ کەرکووک نییە.

لە هەرێمی کوردستانیش نە سازان و نە ڕێککەوتنی ستراتیژی، نە زۆرینە و کەمینە، نە پەرلەمان و دامودەزگای تەشریعی، نەیانتوانی هەرێمەکە بخەنە سەر شاڕێگایەکی ڕاستەقینەی بەڕێوەبردنی جێگیر، هەر بۆیە بەسروشت هێشتاش بژارەی دوو ئیدارەیی بژارەیەکی زیندووە.

کاتێک نە لەڕێی دیموکراسی و نە لەڕێی دیکتاتۆرییەوە ناتوانی هەرێمێک لە چوارچێوەیەکدا ڕێکبخەیت، کەواتە هەموو ئەگەرێک لە بەردەم ئەو هەرێمەدا کراوەیە.

ڕێککەوتنی ستراتیژیی نێوان دوو هێزی گەورەی کوردستان نەیتوانی ببێتە سیستمی بەڕێوەبردنێکی جێگیر و هەمیشەیی بۆ هەرێمی کوردستان و ڕووداوە سیاسییەکان ئەو ڕێککەوتنەیان ڕاماڵی.

ئەزموونی حیزبی دەسەڵات و حیزبی ئۆپۆزیسیۆن شکستی هێنا و هەروەک ئەزموونی حکومەتی بنکە فراوانیش نەیتوانی سەقامگیری و ڕێڕەوی بەڕێوەبردنی وڵات دیاری بکات. باشترین بەڵگە بۆ ئەمە پەککەوتنی پەرلەمان و لیژنەی نووسینەوەی دەستوورە.

ئەوەی ئێستا هەیە جگە لە فەوزایەکی سیاسی و تەشریعی هیچ شتێکی دیکە نییە. ئێستا ئەو تەوژمی گۆڕانکارییەی ناوچەکەی گرتووەتەوە، پێدەچێ نەک کاریگەری لەسەر "عێراقی بەناو وڵات" هەبێت، بەڵکو دوور نییە کاریگەرییەکانی بەر باشووری کوردستانیش بکەوێت، نەجمەدین کەریم و پێکهاتەکانی کەرکووک، یەکەم مانیفێستی ئەو گۆڕانکاریانەیان بە ئاشکرا بەیان کردووە.

لە هەرێمی کوردستانیش سەرکردە سیاسییە کاریگەرەکان بە پراکتیکی داوای هەڵوەشانەوەی شێوەی حوکمڕانی دەکەن و پێناچێت بەم شێوەیەی ئێستا و ڕابردوو بەڕێوەبردنی هەرێم قابیلی بەردەوامی بێت.

واتە پێناچێت چارەسەری هەرێمی کوردستان لە گەڕانەوەدا بێت بۆ پێش ڕووداوەکانی 23ی حوزەیران یان 19ی ئاب و هەر بەروارێکی پێشووتر، بەڵکو وادیارە چارەسەرەکە لە تێپەڕاندنی هەموو ئەو زەمینە و زەمانانە و دروستکردنی زەمینە و زەمانی نوێ و بەڕێوەبردنێکی نوێدایە.

ئەو شێوە بەڕێوەبردنە نوێیە دوو ئیدارییە، یان دەوڵەتی کوردستانی فیدراڵی؟ بەڕێوەبردنێکی تاکجەمسەریی سەرتاسەرییە، یان هەر واقیعێکی نوێی دیکەی لەبەرچاو نەگیراو؟ نازانم، بەڵام دەزانم کە ئەم شێوە بەڕێوەبردنەی ئێستا و جاران، کۆتایی هاتووە و بەشی چارەسەرکردن و پینەکردنی پێوە نەماوە، چجای ئەوەی بمانەوێت پرۆژەی گەورەتری لەسەر بینا بکەین.

ئەم وتارانە گوزارشت لە ڕای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# هەڕەشەکانی ئێران

## 1

کە ئێران داعشی لە کوردستان بەردا، جگە لەوەی تۆپچییەکانی لە کۆیە بوون (تا بە قەولی خۆیان وەکو یەکەم کەس بە فریای کوردستان بکەون)، تەیارەیەکی پڕ لە تەقەمەنیشیان (لەوانەی پێشتر بە ڕێگەی سلێمانیدا دەیانناردە سووریا) ئامادە کردبوو بۆ ئەوەی ئەوجارە لە هەولێر بنیشێتەوە! ئێران ئەو بابەتەی ئەوەندە بەچاوی بەرپرسانی پارتیدا دایەوە تا گەورە بەرپرسێکی پارتی پێی گوتن: "بەسە! خۆزگە هەولێر گیرابایە و داعش هاتبایە سەر سنوورەکانتان و ئەوەتان ئەوەندە بەچاوادا نەدابایەوە!". دوای ئەوە ئیتر ئێرانییەکان کە خۆیشیان باش دەیانزانی چییان کردووە، وازیان لەو هاشوهوشە هێنا، بەڵام جەماعەتەکەی (پەکەکە و یەکێتی) هەر بەردەوام بوون.

ڕاستییەکەی لە 1996وە کە پارتی بۆ دەرپەڕاندنی ئێران لە کوردستان گڵۆپی سەوزی بۆ پێکرا، دەرکەوت کە هەولێر بۆ ئەمریکا هێڵی سوورە. هەمان ئەمریکا، دوو ساڵ پێش ئێستاش بە هەمان دەستەواژەی "هێڵی سووری ئەمریکا"، سنووری بۆ هەموو لایەک بە ئێرانیشەوە دانا. ئێرانییەکان باش دەزانن کە ئەو لایەنەی هەولێری پاراست و دەپارێزێ ئەمریکایە و ئەوان تەنیا توانییان خاڵی لاوازی ئەمریکا لە ناوچەکەدا کەشف بکەن کە ئەویش هەولێر بوو، چونکە ئەوەی ئەمریکا بۆ هەولێری کرد، ئامادە نەبوو بۆ بەغدای بکات. بۆیە تاکە ڕێگە بۆ هێنانە سەرخەتی ئەمریکا ئەوە بوو کوردستان بخەنە ژێر مەترسییەوە و، لەوەشیاندا سەرکەوتوو بوون، بەڵام قەت پێشبینی ئەو حەجمە گەورەیەی پشتیوانیی نێودەوڵەتییان نەدەکرد، بۆیە ئێستا لێی پەشیمانن، بەڵام تازە بۆیان وەکو خۆی لێ ناکرێتەوە.

ئێستا کە ئێران هەڕەشە دەکات و پارتی بەناوی حکومەتی هەرێمەوە "بە توندی" وەڵامی دەداتەوە، نیشانەی ئەوەیە کە کوردستان پشتئەستوور و بێ منەتە. هەڕەشەکانی ئێران لە لاوازییەوەیە و پێشمەرگەکانی ڕۆژهەڵاتیش خراپ هێشاندوویانن. ئەگەرنا ئەوە فەرخە پەکەکە (پژاک) دە ساڵە جرت و فرتیانە و ئێران قەت هەڕەشەی خاپوورکردن و لەگەڵ خاک یەکسانکردنی کوردستانی نەکردبوو. بەڵام لایەنی کۆمیدیی ئەو قسانەی بەرپرسانی ئێران ئەوەیە کە لە ڕۆژی قودسدا ئەو هەڕەشانە دەکەن، قودسێک کە 35 ساڵە چاوەڕێیە بۆ وەرگرتنەوەی لە جولەکە، ئیسرائیل لەسەر نەخشەی دنیا بسڕدرێتەوە!

---

## 31ی ئابیشی تێدەکەوێ

## 2

دوای چالاکییە سەربازییەکانی پێشمەرگە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، پێش ئەوەی ئێران دەنگی لێ بەرز بێتەوە، لە ناوخۆی کوردستانی باشوور (ئەوانەی شەو و ڕۆژ بە باڵای پەکەکە و گەریلادا هەڵدەڵێن) پێش ئێران کەوتن و کەوتنە سەرکۆنەکردن و داوایان لە پێشمەرگەکان کرد لە دژی ئێران چالاکی نەکەن! ئینجا دوای ئەوە تۆپخانەکانی ئێران و هەڕەشە و گوڕەشەکانیان وەکارکەوت.

25 ساڵە پەکەکە و فەرخەکانی ڕووبەرێکی فراوانی هەرێمی کوردستانیان داگیر کردووە، لە کوردستانی باشوورەوە پەلاماری دار و بەرد دەدەن، بەڵام میدیای بەناو ئەهلی و سلێمانی هەر دەستیان لە پشت دەدا و لەگوڵ کاڵتریان پێ ناڵێ. 25 ساڵە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیی ڕۆژهەڵات لەبەر خاتری کوردستانی باشوور دەستی لە خەباتی چەکداری هەڵگرتووە. وەک پەکەکە ڕۆژێکیش دژایەتی حکومەتی هەرێمی نەکردووە و قەتیش حکومەتی ئێران وەکو تورکیا دەرگای گفتوگۆ و دیالۆگی بۆ نەکردوونەتەوە تا ئەوان ڕەتیانکردبێتەوە، ئێستا ڕۆژی ئەوە هاتووە کە حەق و حیسابێک لەگەڵ ئێران بکرێت و مافی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات لەژێر ڕەهنی ئەم و ئەو دەربهێنرێت. چارەنووسی کوردستانی باشوور، بەرەو کەناری ئارامییە، قابیلە ئەوانەی بەرەورووی دەبنەوە لە داعش دڕندەتر بن؟

لەو بەینەدا خەڵکانێک کە خۆیان لەژێر ڕەحمەتی لوولەی تفەنگ حوکمڕانی دەکەن، دەڵێن مۆدێلی خەباتی چەکداری بەسەر چووە، ئەوانە میراتگری ئەوانەن کە دەیانگوت، هەموو زیانی خەباتی چەکداریی پێشمەرگەی ڕۆژهەڵات بەقەدەر کوژراوانی ڕۆژێکی ڕووداوەکانی هاتوچۆی تاران نییە! هەر ئەوانە ئەگەر ئەمجارەش پێش پاسداری ئێران بکەون و بیانهێننە سەر ماڵ و منداڵی بێتاوانی پێشمەرگەکانی ڕۆژهەڵات، بە ئاسانی بەسەریاندا تێپەڕ نابێت. لە 1996 یەکێتی باجێکی قورسی دا کە ئەویش 31ی ئاب بوو. ئەگەر ئەمجارەش هەمان شت بکەنەوە، دەبێ چاوەڕێی 31ی ئاب بکەن.

## کۆمەڵ و پارتی لەسەر پشتی (ڕووداو)!

## 3

لە مایسی ساڵی 2006دا، کەسێک بۆمبێکی مۆلۆتۆفی فڕێدایە ناو بارەگای ڕۆژنامەی جمهووریەتی تورکی. ئەو بۆمبە و چەند بۆمبێکی دیکە لەو ساڵەدا، بوونە دەستپێکی گەورەترین تەسفییە حیسابی سیاسی لە مێژووی تورکیادا. لە ژێر ناوی ئۆپەراسیۆنی "ئەرگەنەکۆن" بە هەزاران کەس لە سوپایی، سیاسی، ڕۆژنامەنووس و چالاکوان و.. هتد، ڕاپێچی زیندان کران. پێنج ساڵ دوای ئەو مێژووە، وەرەق هەڵگەڕایەوە و هەمان کابرا بۆ جارێکی دیکە چووەوە بەردەم دادوەر و گوتی:" پۆلیس نارنجۆکی دامێ بە بارەگای ڕۆژنامەکەیدا بدەم، بەڵام من دڵم نەهات، مۆلۆتۆفم پێدا دا بۆ ئەوەی زیان بە کەس نەگات." ئێستا هێرشێکی تیرۆریستی کراوەتە سەر ڕووداو و کارمەندانی زیانیان پێگەیشتووە. ئاسایشی کوردستان دوو کەسیان بەو تۆمەتە دەستگیر کردووە و بەپێی ڕاگەیەندراوی ئاسایشیش یەکێکیان دانی بە ئەنجامدانی کردەوەکەدا ناوە.

گرنگ نییە ئەو کەسانە سەر بە کام لایەنی سیاسین و نابێ و ناکرێ هیچ کەسێک و ئەندامی هیچ حیزبێکی سیاسی حەسانەی ئەنجامدانی تاوانیان هەبێت و ناشکرێ کردەوەی ئەندامێک یان کەسێکی کاربەدەست لەناو حیزبێکدا لەسەر هەموو حیزبەکە بکرێتە ماڵ. ئایا ئەگەر ئەو دوو کەسە (یان ئەوانەی ڕەنگبێ سبەی و دووسبەی لەو بابەتەوە گلابن و بگیرێن) سەر بە یەکێتی یان حیزبی دیکە بوونایە، دەبووایە لەسەر ئەوە یەکێتی یان حیزبەکانی دیکە دابخرێن؟

ئەوەی بەسەر ڕووداودا هاتووە، کردەوەیەکی تیرۆریستییە و کەس نابێ وەک ئامرازێکی سیاسی بەکاری بهێنێ.

***جەژنتان پیرۆز**



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# چاڵدێرانێکی نوێ بەڕێوەیە؟

قسەکانی سەردار حوسێن سەلامی قسەی کاتی تووڕەبوون یان خۆهەڵکێشان نەبوون، بەڵکو هەڕەشەیەکی دووبارە بوو کە ڕەنگە یەکەمجار لە کۆبوونەوە لەگەڵ سەرکردایەتیی کوردستاندا بە زمانێکی موحتەرەم گەیەندرابێت. وا دیارە سوپای پاسداران هەست ناکات پەیامەکە گەیشتبێت. بۆیە لەسەر مینبەر و لە ڕۆژی قودسدا بە دەنگێکی ڕەساتر دەیگەیەنێت. پرسیاریش ئەوەیە: پێویستە هەڕەشەکە بەجدی وەربگرین و بترسین یان وەک ئەو هەڕەشانەی دیکە ببینین کە لەوەتەی ئەزموونی باشووری کوردستان هەیە دەکرێن و هەندێکیان نابنە کردەوە؟

ئەوەی کە ئێران سەروەریی خاکی باشووری کوردستان پێشێل بکات شتێکی نوێ نییە. زۆرتر لە 25 ساڵە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە و لە یەکەم ڕۆژەوە ئیتیلاعاتی ئێران لەم بەشەی کوردستاندا تەراتێنی کردووە. ڕۆژێک بۆ تیرۆرکردنی پێشمەرگەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژێکی دیکەش بۆ پشتیوانیکردن لەم پارتی باشوور لەدژی ئەویدیکە لە شەڕی براکوژیدا. هەر لەو 25 ساڵەشدا کەم هاوین تێپەڕیوە کە سوپای پاسداران بە هەزاران گوللە تۆپ و کاتیۆشای بەسەر سنوورنشینانندا نەباراندبێت. لەوەش گەڕێ کە لە نیوەی دووەمی نەوەتەکاندا کار گەیشتە ئەوەی سوپای پاسداران لەسەر چیای هەیبەت سوڵتانەوە بارەگا و ماڵی ئەندامانی حیزبی دیموکرات لە کۆیە بکەنە ئامانج.

کەواتە کاتێک ئاغای سەلامی هەڕەشە دەکات، هەڕەشەکەی جدییە و پێشینەی هەیە. نوێنەری حکومەتی کوردستان لە تاران، کە ڕوونکەرەوەیەکی باشی سیاسەتەکانی ئێرانە بەرامبەر هەرێمی کوردستان، پشتڕاستی کردەوە کە هەڕەشەکان جدین، بەڵام بۆ هەموو کوردستان نا، بەڵکو تەنیا بۆ ئەو ناوچانەن لە کۆیە و هەریر و باتاس "کە دیموکراتەکانی تێدان".

لەپاش یازدەی سێپتەمبەرەوە، هەر وڵاتێک لە ناوچەکەدا شەڕی تێکەوتبێت، ئێران لایەنێکی شەڕەکە بووە. لە عێراق ئێستاشی لەگەڵدابێت، هێندەی فەرماندەی سوپای قودس دەستی دەڕوات هێندە باڵیۆزی ئەمریکا لە عێراق دەستی ناڕوات، لە سەنعای پاش سەرکەوتنی حووسییەکان (سەرەڕای جیاوازیی مەزهەبیش)، بەڵام هێندەی ئاغای سولەیمانی خۆشەویستە هێندە شاسەلمان و ئەوانیدیکە حیسابیان بۆ ناکرێت. لە سووریا و لوبنانیش بەهەمانشێوە. لە هەموو ئەو کەیسانەشدا ئەوەی زیانی پێگەیشتووە لەو دەستتێوەردانەی ئێران، خەڵکی وڵاتەکان بوون، کە ئەوەی دەستیانکەوتووە وێرانتربوونی وڵاتەکەیان و لەرزۆکتربوونی ئیرادەی سیاسییان بووە.

ئێستاش ڕاستییەکی تاڵ هەیە، ئەویش ئەوەیە کە بەو ناکۆکییەی لەنێو ڕیزەکانی پارتەکانی باشووری کوردستاندا هەیە، پاساوێکی بچووک بەسە بۆئەوەی ئێران سیناریۆی عێراق و یەمەن و سووریا و تەنانەت لوبنانیش لە کوردستان دووبارە بکاتەوە. بەتایبەتیش ئەگەر وەک باس دەکرێت، ڕێککەوتنەکەی نێوان تورکیا و ڕووسیا لە چوارچێوەی ڕێککەوتنێکی گەورەتری ئەمریکا و ڕووسیادا بێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ناوچەکە (کە بەبێ ئێران سەرکەوتنی ڕێککەوتنی وا مومکین نییە)، دەبێ چاوەڕێ بین جارێکی دیکە بکرێینە قوربانیی چاڵدێرانێکی نوێ.



عادل باخەوان
adel.bakawan@gmail.com

# کێن ئەوانەی دەڵێن: بژی داعش؟

چ لە ڕێگای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە و چ لەڕێی ئیمەیل و تەنانەت لە کۆنفرانسەکانیشمدا، بەردەوام ئەم پرسیارانەم لێدەکرێت: چی وادەکات داعش نەکەوێت؟ بۆچی، سەرەڕای ئەم هەموو بۆمب و پەلاماردان و هاوپەیمانی نێودەوڵەتییە، داعش هێشتا هەر لێرەیە و لەناونەچووە؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە، هەمیشە بە پرسیارێکی دیکە دەستپێدەکەم: ئایا بەڕاستی داعش دوژمنێکی سەرەکیە بۆ لایەنێکی سەرەکی؟ ئایا بەڕاستی دەوڵەتێکمان هەیە کە داعش وەک یەکەم دوژمنی خۆی، لە ئێستا و ئێرەدا، تەماشا بکات؟

من بە نەرێنی وەڵام دەدەمەوە و پێموایە هیچ یەکێک لە هێزە ناوچەییەکان و تەنانەت جیهانییەکانیش، داعش وەک یەکەم دوژمنی خۆیان نەک هەر نابینن، بەڵکو لەناوبردنیشی وەک جۆرێک لە مەترسی بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەبینن. لەوەش زیاتر، بەلای چەند هێزێکی ناوچەیی و جیهانییەوە، ڕەنگە داعش بژارەیەکی "خراپ"ی قبووڵکراو بێت لەنێوان چەندین بژارەی دیکەی "هەرە خراپی" قبووڵنەکراودا. با ئێستا کەمێک ئەم بۆچوونە وردبکەینەوە.

تورکیا یەکێکە لەو هێزە ناوچەییانەی کە پێگەیەکی تایبەتی لەنێو هاوکێشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە و هەڵوێستەکانی کاریگەری بەسەر پەیوەندییەکانی هێزەوە دادەنێن. بۆ ئەم هێزە، دوژمنی سەرەکی بریتی نییە لە داعش. دوژمنی سەرەکی پارتی کرێکارانی کوردستان و لقەکانیەتی و تورکیا ئەمەی نەک هەر نەشاردووەتەوە، بەڵکو ڕۆژانە دووبارەی دەکاتەوە. خەمی گەورەی تورکیا کۆنترۆڵکردنی ڕەققە یان مووسڵ نییە، بەڵکو کۆنترۆڵکردنی ڕۆژئاوای کوردستانە بۆئەوەی نەبێتە پێگەیەکی بەهێز بۆ دوژمنە سەرەکیەکەی. لێرەوە، لەناوبردنی داعش نەک هەر نابێت بە ئامانجی تورکیا، بەڵکو لەسەر ئاستی ستراتیژی، دەبێت کار بۆ مانەوەشی بکات، گەرنا بەدەستی خۆی، دوژمنەکەی کە پەکەکەیە، بەهێز دەکات. کەواتە بۆ تورکیا: بژی داعش !

سعودیەش هێزێکی دیکەی پێگەدار و پایەداری نێو سیستمی ناوچەیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. لەخەیاڵدانی سیاسی سعودیەدا، دوژمنی ستراتیژی داعش نییە، بەڵکو کۆماری ئیسلامیی ئێرانە و شکستی سەرتاسەریی داعش ڕاستەوخۆ یەکسانە بە ئامادەکردن و بەهێزکردنی هەلومەرجی کشانی هەژموونی ئێرانی شیعی بەسەر جەستەی سیاسی نیشتمانی عەرەبیدا، هەر لە بەغداوە تا دەگاتە دیمەشق و بەیروت و مەنامە و سەنعا. سعودییەکان دەترسن لەوەی کە پاش ڕۆیشتنی داعش، بەتەنیا ئێرانی شیعی، کۆی ئەو ناوچانە کۆنترۆڵ بکات کە ئێستا لەژێر دەستی داعشدان. بۆیە بۆ سعودیەش هەر: بژی داعش !

کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕوانگەیەکی تایبەتی سەبارەت بە داعش هەیە. ئەم ڕێکخراوە، لە ئێستادا مەترسییەکی ڕاستەوخۆ نییە بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانیی ئێران، بەپێچەوانەوە، ئامادەیی داعش وایکردووە کە هەم عێراق و هەم سووریاش، ئێران وەک هێزی باوک و پارێزەر و فریادڕەس تەماشا بکەن و تا ئەو کاتەش کە داعش بەم شێوەیە بمێنێتەوە، ئەم پێگەیەی ئێران پارێزراو دەبێت. لێرەوە پرسی شکستی داعش نابێتە بەشێک لە بەرژەوەندیی ئاسایشی نیشتمانیی ئێران. بەپێچەوانەوە، کۆتایی داعش ئەگەری دروستبوونی هەستێکی ناسیۆنالیستی عەرەبی دەهێنێتە پێشەوە، کە ڕەنگە لە داهاتوودا، وەک بەشێک لە توێژەران ئاماژەی بۆ دەکەن، ئێران وەک دوژمن وێنا بکات. بێگومان ئەمە بەهیچ شێوەیەک لە بەرژەوەندیی ئێراندا نییە. لێرەوە بۆ ئێرانیش دیسان: بژی داعش !

ئیسرائیل، کە دەکرێت لەسەر ئاستی تیۆری داعش وەک یەکەم دوژمنی خۆی تەماشا بکات، بەپێچەوانەوە بەرژەوەندییەکانی لە مانەوەی داعشدایە. ئەو دوو دوژمنی سەرەکی هەیە کە ئێستا گیرۆدەی داعشن: سووریای ئەسەد و حیزبوڵڵای نەسروڵڵا. تا جەنگی داعش بەردەوام بێت، ئەم دوو دوژمنەی ئیسرائیل هیچ دەرفەتێکیان نابێت بیر لە ئازاردانی ئیسرائیل و بەرژەوەندییەکانی بکەنەوە، کەواتە بۆ ئیسرائیلیش هەر: بژی داعش !

ڕووسیای پۆتین، زیاتر لە چەند ساڵێکە خەون بەوەوە دەبینێت کە جارێکی دیکە بگەڕێتەوە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سەرلەنوێ پێگەی خۆی بەهێز بکاتەوە و کارایی بەسەر پەیوەندییەکانی هێزەوە دابنێتەوە. داعش ئەم شانسە مێژووییەی بە ڕووسیای پۆتین بەخشی و چەند جەنگی داعش بەردەوام بێت، هێندەش ئامادەیی ڕووسیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، نەک هەر بەردەوام دەبێت، بەڵکو دەخوازرێت و تکاشی لێدەکرێت کە بمێنێتەوە. کەواتە بۆ ڕووسیاش: بژی داعش.

وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە نایانەوێت جارێکی دی سوپاکەیان بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بنێرنەوە و تێکەڵ بە جەنگێکی دیکە ببنەوە، لەبەر ئەوە، وەک بەشێک لە تایبەتمەندەکانی سیاسەتی ئەمەریکی دەڵێن، دوا بڕیاری ستراتیژیی خۆیان داوە و ئیدی داعش نابێت، لەسەر ئاستی سەربازی، وەک دوژمنێکی سەرەکی پێناسە بکرێت، دوژمنێک کە دەبێت ئەمەریکا لە ئێستا و ئێرەدا لەناوی ببات، وەک ئەفغانستانی تالیبان و عێراقی سەدام حوسەین.

بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، دوژمنی ستراتیژی بەغدایە نەک مووسڵ. بەپێچەوانەوە، تا داعش لە مووسڵ بێت، حکومەتی هەرێمی کوردستان وەک ئەکتەرێکی سەلمێنراو، زیارەتکراو، هاوکاریکراو و پارێزراو دەمێنێتەوە. لەناوچوونی داعش، حکومەتی هەرێم دەخاتە بەردەم "گریمانەی" ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ بەغدا، بۆ یەکلاکردنەوەی ئەو هەزار و بیست و پێنج کیلۆمەتر دووجایەی کە لە جەنگی داعشدا پێشمەرگە کۆنترۆڵی کردووە. لێرەوە، وەک تورکیا و ئێران و سعودیە و ئیسرائیل و ئەمەریکا، هەرێمی کوردستانیش، هێندەی بیر لە دوژمنە ستراتیژییە دوور مەوداکەی دەکاتەوە، هێندە خەمی "لەناوبردنی" یەکجارەکیی داعشی نییە.

لە دۆخێکی ئاوادا، ئەوەی کە وادەکات داعش شکست نەهێنێت و تائێستاش هەر لێرە بێت، ئەو شتە نییە کە ناونراوە هێزی پۆلایینی لەبننەهاتووی سەربازیی داعش، ئەو چەند هەزار چەکدارە ئایدیۆلۆژییە نییە کە ئامادەی مردنن، بەڵکو ئەو هەلومەرجە سیاسی و ستراتیژییەیە کە پەیوەندییەکانی هێز لەسەر ئاستی ناوچەکە و جیهان بەڕێوەدەبەن.

بەڵام لەنێو ئەم هاوکێشە ئاڵۆزانەدا و لەگەڵ گۆڕینی هەلومەرجە سیاسی و ستراتیژییەکاندا، داعش چی بەسەر دێت؟ دەکرێت چی بەسەر بێت و ببێت بە چی؟ وەک ئۆلیڤەر روا دەڵێت، داعش دەکرێت لەنێو ئەو خۆڵەمێشەی کە دروستی کردووە تێدا بچێت و کۆتایی بێت، هەروەک دەکرێت لەداهاتوودا پشت بکاتە جیهادی "گلۆباڵ" و سەرابی "خیلافەت" و ببێتە بزووتنەوەیەکی "ئیسلامۆ-ناسیۆنالیست"ی وەک حەماس. لە ئەگەرێکی ئاوادا، گریمانەی دانوستاندن و قسەکردن لەگەڵ داعش، لەلایەن ڕۆژئاواوە، هیچ دوور نییە. هەرچەندە هەموو ئاماژەکان بە ئاڕاستەی گریمانەی یەکەمدا دەچن تا دووەم.



ڕێبوار کەریمی
rebwar.karimi@hotmail.com

# ماڵی مامە!

لەناو ئەدەبیاتی پەنابەر و کۆچەرانی نیشتەجێی وڵاتانی باکووری ئەورووپادا بە نووسینگەی کاروباری کۆمەڵایەتی دەگوترێ "ماڵی مامە"! ئەفغانییەکان پێی دەڵێن "ماڵی پووری". ئێرانییەکان دەڵێن "سواڵکەرخانە". لەو ناوەندە، یارمەتیی دارایی پێشکەش بە کەسانی کەمداهات دەکرێت. "ماڵی مامە" یەکێک لە سەرنجراکێشترین خوازەکانی ناو ئەدەبیاتی کۆچەرایەتییە کە وێنایەکی پڕاوپڕ لە تێگەیشتنی بەشێکی زۆر لە کۆچەران بۆ ڕیالیتەی ژیانی هەنووکەییان نیشان دەدات. دەستەواژەی "ماڵی مامە" لەلایەکەوە دەبێتە هۆی ئەوەی — لەبەر عەیبەی یارمەتیخواستن — بەڕاشکاوی ناوی ئەو شوێنە نەهێنرێ کە یارمەتییەکەی لێ وەردەگیردرێ و، لەلایەکی تریشەوە، جۆرێک لە سەمیمیەت بە شوێنەکە دەبەخشێ کە وەرگرتنی یارمەتییەکە دەکاتە کردەیەکی "ئاسایی" و "ئەخلاقی". وای لێدێ وەک تۆ بڵێی کابرا لەماڵی خۆی پارەی وەرگرتبێ: مامیش برای باوکە!

تێگەیشتنی چەوت سەبارەت بە "ماڵی مامە" شتی سەیری لێدەکەوێتەوە. ئەگەر ماڵی مامە بتوانن بتژیێنن و نانت بەدەمەوە بکەن، هەڵبەت دەتوانن زۆر ئاسانکاریی تریشت بۆ بکەن. ئەمە ئیتر نوکتە نییە: کوردێک چووبووە "ماڵی مامە" گوتبووی: "کێشەی سەرجێیم لەگەڵ خێزانەکەم هەیە، تکایە کەسێکی گونجاوم بۆ بدۆزنەوە".

سەرباری ئەو هەموو چاوەڕوانییە، کەچی "ماڵی مامە" شیاوی سوپاس نین، چونکە ئەوان ئەرکی سەرشانیانە خزمەتی ئێمە بکەن! ئەمەیان ئیتر پشت بە تیۆرێکی تایبەتمەندتر دەبەستێ کە لەنێو بڕێک لە گرووپە کۆچەرەکان، لەوانە ئێرانییەکاندا باوە. من لە زۆر کەسی ئێرانیم بیستووە کاتی خۆی دەیانگوت: "نەتەوە یەکگرتووەکان لە پارەی نەوتی وڵاتەکانی خۆمان وەردەگرێ و دەیدا بەم وڵاتانە تا لەبەرامبەریدا خزمەتگوزاری پێشکەش بە ئێمە بکەن!". کەواتە پارە، پارەی خۆمانە و وەرگرتنی نە عەیبە و نە پێویستی بە ئەمەگناسیشە.

بۆ ئەوەی مشتەرییەکی بەردەوامی "ماڵی مامە" بمێنیتەوە، دەبێ هەم خۆت لە گێلی بدەی و هەم بەرامبەرەکەت بگێلێنی! من قەت ئەو پیاوە بەڕێزەم لەبیر ناچێتەوە کە هاوکات بۆنێکی توندی عەتر و پیتزای لێدەهات. سێ کەسی کارمەندی ماڵی مامە هاتبوون تا بزانن کێشە و گرفتی ناسەرکەوتوویی منداڵەکانی لە قوتابخانە لەبەر چییە. ئەو باوکە بەڕێزە، کێشەکەی گرێدایەوە بەو کارەساتانەوە کە لە ڕابردوودا بەسەر خۆی و نەتەوەکەیدا هاتبوون و، زوو زووش باسەکەی دەهێنایەوە سەر پارە و داوای یارمەتیی زیاتری دارایی لە کارمەندەکان دەکرد و، هاواری بوو لە دەست بێکاری و نەداریی خۆی.

ماوەیەکی زۆری پێنەچوو کە من بەسەر ڕاستییەکی تاڵتردا کەوتم: ئەو باوکە بەڕێزە نەک هەر نەدار نەبوو، بەڵکو خاوەنی دووکانی پیتزافرۆشی بوو. نەک هەر بێکاریش نەبوو، بەڵکو ئەوەندە سەرقاڵ بوو کە لەناچارییان منداڵەکانیشی دەبووایە لە دوای قوتابخانە، یەکڕاست بچن بۆ دووکانی باوکیان بۆ سەرکار. هەر ئەوەش بوو، هۆی ئەوەی منداڵەکان ماندوو بوون و فریای خوێندن نەدەکەوتن!

من نازانم دەستەواژەی "ماڵی مامە" داهێنانی کێیە، بەڵام دەزانم بۆ ئەوە دروست نەکراوە بەو دەردە بچێ کە بەدەست بەشێک لە کۆچەرانەوە، چووە.

"ناوەندی کاروباری کۆمەڵایەتی" یەکێک لە دەزگا گرینگەکانی ئەو شتەیە کە پێی دەگوترێ "دەوڵەتی دابینکەر" یان "دەوڵەتی خۆشگوزەرانی". ئەم ناوەندە لەبەرچی دامەزراوە؟ کاتی خۆی کە دەوڵەتی دابینکەر لە وڵاتانی پێشکەوتووی سەرمایەداری و بە تایبەتی لە وڵاتانی باکووری ئەورووپا دامەزرا، بنچینەی لەسەر ئەو بنەمایە پێکهات کە: "کۆمەڵگە دەرفەتی کارکردن بۆ هەموو ئەندامانی پێکدەهێنێ و لەبەرامبەردا، هەموو ئەندامانی کۆمەڵگەش لە هەڵسوڕاندنی ژیانی کۆمەڵگەدا بەشداریی دەکەن. هەڵبەت هەمیشە ڕێدەکەوێ کە تاک و تەرا، کەسانێک بەهۆی نەخۆشی، پەککەوتەیی یان هەر هۆیەکی دیکە، لە چەرخەی کاری کۆمەڵگە دادەکەون و لە کاروان بەجێدەمێنن. لەبەر ئەوەی ئامانجی دەوڵەتی دابینکەر، دابینکردنی خۆشگوزەرانی بۆ تێکڕای ئەندامانی کۆمەڵگەیە، بۆیە ئەو کەسانەی لەسەر کارن، هەریەکەی بەشێک لە داهاتی خۆیان دەبەخشنە دەوڵەت، تا پێداویستییە گشتییەکانی کۆمەڵگەی پێ دابین بکات و لەو ناوەدا بێکار و نەدارەکانیش بحەوێنێتەوە، تا هەرچی زووترە بکەونەوە سەر پێ و ئەوانیش لە پرۆسەی دوولایەنەی خۆژیاندن و یەکترژیاندنی تاک و کۆمەڵگەدا بەشدار ببنەوە. بە دەربڕینێکی دیکە، دەوڵەتی دابینکەر لەسەر بنەمای کار و ئەرکی دوولایەنە دامەزراوە. واتە ئەوەی کە کۆمەڵگە دەرفەتی کار بۆ ئەندامی خۆی دەڕەخسێنێ. "کار"یش دەبێتە هۆی ئەوەی مرۆڤ لەسەر پێی خۆی ڕاوەستێ و خۆی، خۆی بژیێنێ و لەبەرامبەریشدا، لە چاکەی ئەم دەرفەتەدا کە کۆمەڵگە بۆی ڕەخساندووە، باج بە دەوڵەت ببەخشێ، دەوڵەتیش بەو باجە، دیسانەوە خزمەتگوزارییە گشتییەکانی وەک خوێندنی خۆرایی و پێڕاگەیشتنی تەندروستی، بۆ ئەندامانی کۆمەڵگە دابین بکات.

ئەوانەی مافی مانەوەیان بۆ وێنە لە وڵاتێکی وەک فینلاند وەرگرتبێت، ئەگەر سەرنجیان دابێت، لە بڕیارنامەی نیشتەجێبوونیاندا، هەر لە دوای مافی مانەوە ئاماژە بەوە کراوە کە "مافی ئیشکردن"یش بە کەسەکە بەخشراوە. من زۆرجار لەو دۆخانەدا بەشداربووم کە یەکێک ئەو دوو مافەی بەیەکەوە پێڕاگەیەندراوە، کەچی یەک تاقە جاریش نەمبینیوە کە پێدانی مافی ئیشکردن، کەسێکی دڵشاد کردبێت. بەڵام زۆرجار ئەم قسەیەم بیستووە: "خۆ من بۆ کارکردن نەهاتووم، هاتووم لێرە بژیم"!

گرفتی زۆرێک لەو کەسانەی لە وڵاتانی ئێمەوە بەرەو دەوڵەتانی دابینکەر، بۆ وێنە ئەوانەی باکووری ئەورووپا کۆچ دەکەن، ئەوەیە کە بەهەمان مێنتالیتی و زیهنیەتەوە کە مرۆڤ بەرامبەر بە "دەوڵەتی نەوتی" لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەیەتی، لەگەڵ دەوڵەتانی خانەخوێی ئەورووپاییش مامەڵە دەکەن. پەیوەندیی نێوان مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی و دەوڵەت لەسەر بنیاتی پاشقول لەیەکترگرتن و یەکترشکاندن دامەزراوە: دەوڵەت، خۆوڵاتییەکی گوێڕایەڵ و فەرمانبەری ملکەچ و ناوشیاری دەوێ، تا بتوانێ سیاسەتەکانی ئۆلیگارشیی حاکم بەدڵی خۆی بباتە پێشەوە و وڵات بە دڵی خۆی، بێمنەت لە خۆوڵاتیان و، پشتبەستوو بە داهاتی نەوت و ئابوورییەکی ناشەفاف بەڕێوەببات. خۆوڵاتیش لەبەرامبەر ئەو نابەرابەرییە ساختارییانەدا کە دەیبینێ، نەک هەر هەستی بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە دەوڵەت و کۆمەڵگە کز دەبێ، بەڵکو بە مافی ڕەوای خۆیشی دەزانێ چەندی پێی کرا، لەو "دێوە زەبەلاحە"، لەو دەوڵەتە چەوسێنەرە بۆ خۆی بپچڕێنێ. لە کۆمەڵگەی چاکژێنیدا تاک و دەوڵەت، بە تەعبیرێک، چاکەی یەکتری دەدەنەوە، بەڵام لە کۆمەڵگەکانی ئێمەدا، بەپێچەوانەوە، تاک و دەوڵەت نەک چاکە، بەڵکو خراپەی یەکتری دەدەنەوە! لە کۆمەڵگەی دابینکەردا، ئەوەی بێکارە، بەکردەوە لەسەر سفرەی ئەو کەسە دەژیێندرێ کە لەسەر کارە. تا بێکارانیش زۆرتر بن، ئەرکی ئەوانە قورستر دەبێ کە لەسەر کارن: هەموو ئەو ئاسانکارییەی ئەو فەرمانگەیە بۆ مشتەرییەکانی دابین دەکات پشت بە خەزانەی دەوڵەت دەبەستێ. دەوڵەتیش بەو باجە هەڵدەسووڕێ کە لە خۆوڵاتیانی وەردەگرێ. تا خەزانەی دەوڵەتیش بەتاڵتر بێت، بۆ ڕاگرتنەوەی هاوسەنگیی نێوان داهات و تێچوونەکانی، حکومەت باجی سەر خۆوڵاتیان زیاتر دەکات.

ساڵانێکی زۆرە بەفەرمی باس لە قەیرانی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی دەکرێت. چونکە باری قورس بووە و چیتر توانای ئەنجامدانی ئەو خزمەتگوزارییانەی نەماوە کە لە پێناویدا دامەزراوە. بەشێکی زۆری قەیرانەکانی یەکێتیی ئەورووپا و ناڕەزایەتییەکان، ڕەنگدانەوەی قەیرانی دەوڵەتی دابینکەرە. ئەو سیستەمەی کە بەشێک لە کۆچەرانیش لێی ڕاهاتوون، واتە هەم لەسەر سفرەی "ماڵی مامە" بخۆن و، هەم بەدزییەوە خەریکی "کاری ڕەش" بن، واتە داهاتیان هەبێت بەڵام هیچ باجێک بە حکومەت نەدەن، یەکێک لەو هۆکارانەیە کە نەک هەر بارگرانییەکی زۆری بۆ دەوڵەتانی دابینکەری ئەورووپایی دروست کردووە، بەڵکو ناڕەزایەتییەکی زۆریشی لەناو خەڵکی وڵاتانی خانەخوێدا پێکهێناوە.

فەرمانگەی کاروباری کۆمەڵایەتی لە وڵاتانی دابینکەر بۆ ئەوە دانرابوو کە مرۆڤ تەنیا بۆ ماوەیەکی کورت و لە حاڵەتی ناچاریدا ڕووی لێ بنێ. ئەوەی کە کەسانێک لەوسەری دنیاوە بێن و خۆژیاندن لەسەر ورگی "ماڵی مامە" بکەنە ستراتیژی ژیانیان، بەهیچیەک لە تیۆریسیەنەکانی دامەزرێنەری دەوڵەتی دابینکەر پێشبینی نەکرابوو!

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW
Rudaw Media Network

Rudaw readers know more



## کوردێک دەبێتە ئەندامی کۆمیتەی خەڵاتی ئۆسکار

« 19

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی himati@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قڕگەیی
دیزاینەران : هونەر مەرجان ، شاهۆ محەممەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی | Tel: 0750 486 34 12 – 0750 488 56 96 | rudaw@rudaw.net

